بەشی کوردایەتی

مالّ جویّ کردنەوە*

١٩٢٤

یابە! فەرزەن تۆ شای سەر زەمینی
ڕازیم بەبەشی خۆم و مسکێنی
دیجلە و فوراتت با هەر بۆ خۆت بێ
منیش کوردستان شاخی ڕەنگینی
هەواکەی شاهۆ، ئاوەکەی قەندیل[١]
لائەبا لە دڵ ئێشی برینی
قەت ڕێک ناکەوێ دەست لەمل یەک کەن
حەنتووش دەلاوی و ڕەسووڵ سیرینی
من لام باش نییە سواری شانم بی
وا عەرزت ئەکەم هەر بەشیرینی
خورمای خۆت بۆ خۆت مێوژم بۆ خۆم
(لکم دینکم وليديني)

....

(*) ئەم شیعرە لە لاپەڕە ٣٥-٣٦ی سۆزی نیشتماندا چاپ کراوە ڕووبەڕووی مەلیک فەیسەڵی یەکەم لە شاری سلێمانیدا خوێنراوەتەوە.

(١) شاهۆ: شاخێکە لە هەورامان.

ئەی شەماڵ*

ئەی شەماڵ! ئەی شەماڵی شاخی شیمال!
ئەی فیدای جیلوە و شنەت سەر و ماڵ
حورمەت و حەسرەتی منی بەدحاڵ
بگەیێنە بەشاخی باخی میشال
جارێ ئیفایی ڕەسمی تەعظیم کە
بۆسەیی لاتەناهی تەقدیم کە[١]

**

چونکە ئەو شاخە زەوقی میللییەت
عەشق و سەودا و خەیاڵی حوڕڕییەت
تیا دەژی فیکری بەرزی کوردییەت
لە بەهەشت زیاترە بەقودسییەت[٢]

چونکە ئەو شاخە بەرزە گوڵگوونە[٣]
مەعدەنی ڕۆحە شاخی ئاڵتوونە

**

تورک ئەڵێ: قەبری کوردە ئەو شاخە
بام بڵێ، چونکە باطینەن باخە
باخی مەردانی چوست و گوستاخە
جێی وەطەن پەروەری جگەرداخە
تورکەکان نەشئەیان دەرئاغۆش کرد[٤]
بۆچی تەئریخیان فەرامۆش کرد

**

هەر فیدائی لە ئینقیلابا چوو
پێی مەڵێ مردووە بڵێ زیندوو
چونکە بێ شوبهە موودەتێکی زوو
شێری مەیدان لە نەسلی پەیدابوو[٥]
قارەمان و دلاوەرانی پەسین
وەتەن ئیحیا ئەکەن بەعەزمی مەتین[٦]

**

گڵ و بەرد و درەختی خون ئالوود[٧]
میللەتێکی جەسیم ئەخاتە وجوود[٨]
ناصیری کوردە حەزرەتی مەعبوود[٩]
کوردی مەزڵوومی دەستی تورکی عەنوود[١٠]
ماڵ و منداڵی کوردی بێ چارە
بام پەرێشان کرێن و ئاوارە

**

ئەی شەماڵ! پێی بڵێ: لە بەعدی سەلام[١١]
بەرزتری تۆ لە عەرش و کورسی لە لام
قابیلی تۆیە حورمەت و ئیکرام
نووری تۆ نووری مانگ و ڕۆژە تەمام
مەئمەنی خاصی قەومی کوردانی[١٢]
ئەبەدیی مەنزیلی شەهیدانی

**

ئوفـــوقت ئەرخـــەوانیـــیە کـــە بەهار[(١٣)]
ڕەنگی ســوورت شــەفــەق ئەکــا ئیظهــار
ئینعـــــیکاسی تەصـــــادومی ئەنوار[(١٤)]
تاجی قــەوس و قــەزەح ئەکــا بەنیــشــار[(١٥)]
لالـە زارت کـــــە ســــــوور و ڕەنـگـیـنـە
عــەکــسی خــوێنی شــەهیــدی ڕێی دینە

**

ئەو مــەقــامــە، مــەقــامی، لاهووتە[(١٦)]
ســورمــەیی چاوی قــەومی مــەبهــووتە[(١٧)]
جـــێی زیاراتی ئەهلی ناســــووتە[(١٨)]
ئەو گـــــڵـــە بۆ حـــەیاتی دڵ قـــووتە
کـــــورد نەڕەنجێ لە خــــوێنی ڕێژراوی
نەخــشی ســەر ڕۆحــە بەردی خــوێناوی

**

قــەومی صــاحــێب مــەتانەت و بەثەبات
چونکە بێ قــەدرە لای هەوای حــەیات[(١٩)]
حــورمــەت و غــیــرەتی ئەکــا ئیــثبــات[(٢٠)]
باقـیـیـە عــەزمی تاکــو ڕۆژی مــەمــات[(٢١)]
عــاقــیــبــەت شــاخی بەرزی کــوردســتــان
عــەلەمی کــوردی تیــا ئەکــا جــەولان

....

* مامۆستا زێوەر ئەم شیعرەی بەهۆی ڕووداوە خوێناوییەکانی ٢٤ی ئایاری ساڵی ١٩٢٥ی ز گوتووە کە ئەو هەموو ناودار و مەزنە پیاوانەی کورد لە تورکیا لە سێدارەدران و ئافرەت و منداڵ و پیر و جوانی کورد بەنووکی سونیەوەکران و خانوو بەرە و گوند و شارۆچکە و شاریان بەدەستی کەمالییەکان سووتێنرا و خاپوور کرا خەڵکەکەشی دەربەدەر کران و وڵات کوندەبەبووی تێدا خوێند.

شایانی باسە کە ئەم شیعرە لە ڕۆژنامەی (بانگی کوردستان)ی ژمارە ٣٠ی ساڵی ١ی ١٩٢٥/٧/١٠ بڵاو کراوەتەوە لە لاپەڕە ١٧-١٩ی سۆزی نیشتمانیشدا چاپ کراوە هەروا لە ل٢٤٢-٢٤٤ی کەشکۆڵی نەجمەدین مەلا- کە لە کتێبخانەی ئەوقافی مەرکەزی لە سلێمانی نمرە ٣٩ پارێزراوە – نووسراوەتەوە شەش دێری سەرەتاییشی واتە یەکەم تا شەشەم لە ژمارە ١ی گەلاوێژی ساڵی ١٠ی ١٩٤٩ی ز. لەگەڵ ژینامەی شاعیردا بڵاو کراوەتەوە.

(١) واتە جارێ پێش هەموو شتێک دابونەریتی چوونە لای گەوران چۆنە بەتەواوی بەجێی بێنە ئەم جار دەست بکە بەماچ کردنی یەک لە دوای یەک.

(٢) قودسییەت: ڕێز و نرخ، پیرۆزی.

(٣) گوڵگوونە: گوڵ ڕەنگ.

(٤) دەرئاغۆش کرد: گرتییە باوەشی.

(٥) لە کەشکۆڵی نەجمەدین مەلا و سۆزی نیشتماندا نووسراوە (شێری مەردان) لە نەسلی پەیدابوو.

(٦) ئیحیا: إحیاء: ئاوەدانکردنەوە. مەتین: قایم و قۆڵ.

(٧) خوون ئالوود: خوێناوی.

(٨) جەسیم: جسیم: گەورە و مەزن.

(٩) مەعبوود: خوای پەروەردگار.

(١٠) عەنوود: عنود: سەر ڕەق و سەرپێچی کەر.

(١١) لە بەعدی سەلام: لە دوای سەلام.

(١٢) مەئمەن: مأمن: جێگای ئاسایش و ئارام.

(١٣) ئوفوق: أفق: ئاسۆ.

(١٤) ئینعیکاس: إنعکاس: ڕەنگدانەوە. تەصادوم: تصادم: لێککەوتن، بەیەکدادان.

(١٥) قەوس و قەزەح: پەلکە زێڕینە، شۆقە زێڕینە. نیثار: بەقوربان بوون.

(١٦) لاهووت: زانستییەکە پەیوەندی بەخودا و خودا ناسینەوە هەیە و باسی شتی غەیرە ماددی دەکا بەپێچەوانەی ناسووتەوە کە هەر باسی شتی ماددی دەکا و لە سروشت و مرۆڤ ئەدوێ.

(١٧) مەبهووت: سەرسام.

(١٨) ئەهلی ناسووت: مرۆڤ.

(١٩) هەوای حەیات: ئارەزووی ژیان.

(٢٠) ئیثبات: اثبات: چەسپاندن.

(٢١) مەمات: ممات: مردن.

ئەم کوردە*

ئەم کــوردە عــەجــەب ســاحــێبی بەخــتــێکی زەبوونن
هێــشــتــاکــو ئەڵێی داخــڵی ســەحــرای نەبوونن[(١)]
نانێ بەدووســەد ســینەیی ســۆزان کــە پەیا کــەن
بێ بەهرە لەویشن بەمــەســەل عــەینی فــروونن[(٢)]
بێ بەش لە هەمــوو نیــعــمــەت و ئازادیی عــالەم
پامــاڵی جــەفــای دەهرن و مــەنفــووری عــویوونن
بۆ قــۆندەرە و قــەمــچــیی زاڵم هەمــوو لەشــیــان
خــاراوە لە پێــســتــا وەکــو گــامــێــشی چەتوونن
ئەقــوامی زەمین ســاحــێــبی ئاڵــتــوون و قــصــوورن
ئەم کوردە لەبەر زۆریی قوصوورماڵیکی توونن[(٣)]
هەر مــیللەتێ قــەدی بوو بەئەلف پیــر و جــەوانی
هەر قــەومێ وەنەوشــە و گــوڵە وا قــەد وەکــو نوونن

کەس کەشفی نەکرد سیرڕی دەروونیان لە جیهانا
بێ شەرح و بەبێ حاشیە وەک کۆنە متوونن
سەرڕای ئەوە دوژمن بەیەکن جوملە عەشیرەت
حەقیانە ئەڵێن کورد هەموو مەحکوومی جنوونن
ئەم حاڵە دەوامێکی تەبیعی هەیە بۆ کورد
تا غافڵ و بێ بەهرە لە عیلم و لە فنوونن

....

* ئەم قەسیدەیە جگە لە شیعری شەشەم – لەگەڵ کورتە ژینامەیەکی شاعیر لە گۆڤاری گەلاوێژی ژمارە ١ی ساڵی ١٠ی ١٩٤٩ی ز. دا بڵاوکراوەتەوە لە لاپەڕەکانی ١٠٦-١٠٧ی سۆزی نیتشمانیشدا چاپ کراوە چ جیاوازیەکمان لە نێوان ئەم دوو سەرچاوەیەدا بەدی نەکرد.

(١) زەبوون: لاواز و بێ تین.

(٢) فروون: کۆی (فرن)ە بەمانا تەندوور و شتی وا.

واتە: چۆن تەندوور بەسینگ سووتاوی و هەزار دەرد و ئازار نانێک پەیدا دەکا کەچی لەگەڵ برژاندی خێرا ناهێڵن سوودی لێ ببینێ نانەکەی لێ دەکەنەوە و دەری دەهێنن بەو جۆرە گەلی کوردیش بەهەزار ناڕەحەتی تا شتێکی دەست دەکەوێ کەچی لەگەڵ هاتە بەرهەم خێرا لێی داگیر دەکەن و لێی بێ بەهرە دەبێ.

(٣) (قوصوور)ی یەکەم کۆی (قصر)ە بەمانا خانوو باڵەخانە. (قصوور)ی دووەم بەمانا کەمتەرخەمی و نەفامییە. مالیکی توونن: واتە خاوەنی توونی حەمامن.

کوردە ڕۆژی غیرەتە*

کوردە ڕۆژی غیرەتە، لەم ڕۆژە ویجدانت ببێ
تۆ، کە ئیسلامی شوکور، کردەی موسوڵمانت ببێ
کوردە! ناوت کەوتە ناو ناوانەوە، گوێ ڕاگرە
لازمە بۆ تۆش بەدایم کردەوەی جوانت ببێ
دەرحەقی هاوشەهریی و هاومەزهەب و هاودینەکەت
ئیقتیدارت گەر هەیە ئینعام و ئیحسانت ببێ
دەس لە بێ ئینصافی هەڵبگرە ئەگەر مەردی بەناو
ڕەحم و ئینصافت لەگەڵ زومرەی فەقیرانت ببێ
گەر قەصابی یا بەقاڵی، یا عەلافی یا توجار
خۆت بەلەعنەت قەت مەکە باوەڕ بەقورئانت ببێ
چەند هەزار دینار ئەکەیتە مەصرەفی قەصر و بینا
باوەڕت بێ بۆ دە دوازدە ساڵە ئیمانت ببێ

پارەکەت وا بوو بەبارێ لێرە تۆ نایبەیتە گۆڕ
شەرتە بۆ ڕێگەی قیامەت تۆشەو و نانت ببێ
کوردە قەومی تۆ ذەلیلە تۆش بە سەودا مەیکوژە
میللەتی خۆ خۆر مەبە ئەخلاقی ئینسانت ببێ
گرد و دەشت و کێو ئەکێڵی سەعی ئەکەی بۆ چارەکێ
یەک دەقیقەش یادی چوونە گردی سەیوانت ببێ
تاکو مومکین بێ درۆ و ناڕاستی و غەششت نەبێ
ڕووی خەندان، خوڵقی مەردان، فکری چاکانت ببێ
کاسبی و قازانج و تێکۆشین پەسەندی عالەمە
نەک بەجارێ پشت لە حەق کەی مەیلی شەیطانت ببێ
تا، بەئومێدی وەظیفەی، ئەی جوان هەر ڕاسیبی
عەشقی عیلم و مەشقی حیلم و شەوقی عیرفانت ببێ
عیلمە ئەتخاتە مەقامی بەرز و جێگەی ئیفتیخار
عیلمە بۆت نێزیک ئەکا گەر فیکری کەیوانت ببێ
ساڵی سەعی و غیرەتە ساڵی وەفاو و ڕەحمەتە
تۆ کە نەیبەخشی چ سوود موڵکی سولەیمانت ببێ
نوێژ و ڕۆژوو و حەج و عەمرە نەفعی هەر بۆ خۆت هەیە
خۆت لە پەنجا نەوع ئەخۆی، یادێکی جیرانت ببێ

....

* ئەم شیعرە لە ژینی ژمارە ٦٩٠ی ساڵی ١٩٤٢ی ز.دا بڵاوکراوەتەوە. هەروەها لە گۆڤاری گەلاوێژی ژمارەی ٧ی ساڵی ٩ی ١٩٤٨ی ز. لاپەڕە ٣٩-٤٠دا بڵاوکراوەتەوە.

کێیە؟*

کێیە تا سەر لە فەضای دەرد و غەمابێ، مابێ(١)
ئەوە هەر کوردە کە چاوی لە هەوابێ، وابێ
هەر، سلێمانییە عیفریتی حەسەد سواری بووە(٢)
هود هودی خۆش خەبەرم گەر لە«سەبا» بێ، با، بێ(٣)
ڕاستی ڕێگەی ڕاستت ئەدەب و ئەخلاقە
نەمدی هەرگیز لەکەسێ ڕووی لە(کەچا) بێ چا بێ(٤)
مارە بۆ گەردن و ماڵت چ خومار و چ قومار(٥)
گەرچی باوە، ئەوە پیاوە، بەشەرابێ ڕابێ

ئەی وەتەن پەروەری تەن پەروەری پڕ لاف و گەزاف
ئەسەری خزمەتی تۆ چین، بەحیسابی سا بێ
چ زەمانێکە؟ زمانی تەڕ و پاراوی ئەوی
غایە و فیکری لە هەرکەس کە مەلا بێ، لا بێ
وەرە مەیدانی هونەر گەر ئەتەوێ بەرزیی وەتەن!
وەصڵی مەحبووبە بەبێ ڕەنج و عیتابی نابێ

....

* مامۆستا زێوەر ئەم شیعرەی ساڵی، ١٩٢١ وتووە لە گۆڤاری گەلاوێژی ژمارە ٨ی ساڵی ٩ی ئابی ١٩٤٨ی ز. دا بڵاو بۆتەوە، لە لاپەڕە ١٦-١٧ی سۆزی نیشتمانیشدا چاپ کراوە.
(١) فەضا: بۆشایی، دەشت، صەحرا.
(٢) عیفریت: دێو.
(٣) هودهود: پەپوسلێمانکە. سەبا: وڵاتی سەبەئە (سبأ) واتە ئەگەر پەپوسلێمانکە وەکو چۆن خەبەری بەڵقیس و وڵاتی سەبەئی هێنایەوە بۆ حەزرەتی سلێمان ئەگەر بۆ منیش خەبەرێکی ئاوا خۆش دێنێ بابێ بۆ لام و بۆم بگێڕێتەوە.
(٤) ڕووی لە کەچا بێ چابێ: واتە ڕووی لە کەچی و ناڕاستی بێ و چاک بێ.
(٥) خومار: سەرمەستی.

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان*

هیچ کەس نییە بەسۆزی دڵ و سینەم ئاشنا
شادم کە دڵ بەدەردی دەوای کوردە موبتەلا(١)
ناشکێ بەتۆپ و بۆمبا، سەر ئەفرازە قەومی کورد(٢)
لایق نییە بەتەبعی بڵندان درۆ و ڕیا
تابیع بەقەصد و حیسسی هەوایە حقووقی ناس
جەبرەن ئەسیری باطیلە حەق، وا کرا فیدا(٣)
حەقق و مرووەتێ نییە بۆ ئێمە، قەومی کورد
بۆ (ئەهلی) حەق موعینی ئەتۆ دائیم ئەی خودا
دنیا لە غەشش و حیرص و ڕیا و مەنفەعەت پڕە
ئالوودە پێ، فەزاحەتە، پابەندی ئیفتیرا(٤)
ویجدان و قەلب و حەوسەڵەی ئەم هەموو کەسە
ئای، وای، بەرد و ئاسنە، ناگرێتە گوێ صەدا!
مەغلووبی جەهل و فەقر و سەفالەت بووە موحیط(٥)
ئالایە بێخی میللەتەوە لەهبەی فەنا(٦)
هەر میللەتێ خەریکە حقووقی لە دەست گرێ
ئەم قەومە کۆنە بۆ نییەتی حەققی ئیعتیلا؟!(٧)

بێ غایە، بێ نەتیجە چلۆن گیان فیدا بکا
لایق مەبینە بۆ سەری ئەم میللەتە جەفا
بەستەی سیاسەتی دووە لە حاڵی زاری کورد
لەم بوعدی لاتەناهییە بێ شەوقە وەک سوها(٨)
مولک و حەیات و ثەروەتی ژێر باری ذیللەتە
لەم ظوڵمی بێ ئەمانە، خودامان بدا پەنا!
وا هەرچی عاطیلە ئەکرێنرێت و مەحو ئەبێ
بەم عەسری حازرە کە دەڵێن عەسری ئیستیفا(٩)
ئاه ئەی فەقیری بێ کەسم ئەی کوردی بێ خەبەر!!
ئەی طوعمەی مەصائیب و قەهر و شەڕ و جەفا(١٠)
بدرێنە، لادە، جامەی ژێر باری میحنەتت(١١)
ئەی کورد! بەعەزم و غیرەتی خۆت فەرزە ئیرتیقا(١٢)
بۆ خاتری ڕەزایی خوا و عەشقی ئەحمەدی
بەسیە نیفاق و بەسیە شیقاق و ڕق و ئەذا(١٣)
وا ئەرمەنی و یەهوودی حەقی گرتە دەستی خۆی
بۆ بۆ حقووقی شەرعیی خۆت ناکەی ئیددیعا(١٤)
ئیجاب ئەگەر سیلاحە، دەسا وەختی فرسەتە
حازر بە! گەر بەکوشتنە، ئیثباتی موددەعا(١٥)
هەر کەس خەریکی خزمەتی ئەهلی تەغەللوبە(١٦)
بێ دەنگ بووە حقووق و ناکەن کەمێ حەیا
ئەی گەورەکانی کورد و بەگ و میر و زابتان!
یەک بن هەموو تەوەققوفە لەم عەسرەدا خەتا(١٧)
ئەی شێخ و سەیید و عولەما یەک صەدایی حەق!!
بۆ ئینتیباهە لازمە «حّي علی الصلا»
کورد هیممەتی بڵندی هەیە صەوڵەتی هەیە(١٨)
سا با، ئەویش لیوای حکوومەت بڵند بکا(١٩)
ئەڵبەت لە بەینی میللەتی کورد چەند (صەلاحەدین)
پەیدا بووە بەغیرەتە و ئەکمەل و دەها
حەققێکی ئیبتیدائی کە ئێستە نەسێنرێ
بۆ کورد لە عاقیبەت چ نییە نووری موقتەدا(٢٠)

کورد ئاخری موئەییەدە، خۆی حاکمە و ئەمییر
لەم عەزمە ڕوحی حەزرەتی (مەحموودە) پێشەوا(٢١)

* ئەم هەڵبەستە «جگەر خوێن» بەشێوەی کوردی بۆتان وتوویەتی، ساڵح زەکی بەگی صاحێبقران کە نازناوی (ئەمییرە) کردوویەتی بەتورکی. زێوەریش کردوویە بەکوردی شێوەی سلێمانی (ن.م).

ئەم شیعرە لە لاپەڕە ٩-١١ی سۆزی نیشتماندا چاپ کراوە.

(١)موبتەلا: گیرۆدە.

(٢) سەر ئەفرازە: واتە سەربەرز. دەبێ لە کاتی خوێندنەوەدا (ئە) کە تۆزێک سووک بکرێ و (سەرەفرازە) بخوێندرێتەوە.

(٣) هەوا: هەواو هەوەس. (جەبرەن: جبراً) واتە بەزۆرەملێ. واتە مافی خەڵک بەگوێرەی هەوا و هەوەسی تاقمێک بەڕێوەدەچێ، حەق و ڕاستی دەست و پێ بەستراوی باتڵن و حەق بووەتە قوربانی ناحەق.

(٤) ئالوودە: تێکەڵاو بوو، تێهاڵاو. پابەند: پێ بەستراو. ئیفتیرا: درۆ هەڵبەستن و بوختان.

(٥) مەغلووب: ژێرکەوتوو، بۆڕدراو.

(٦) لەهبە: بڵێسە ئاگر. لەهبەی فەنا: واتە کڵپە ئاگری سووتێنەر.

(٧) حەققی ئیعتیلا: مافی سەرکەوتن و بەرزبوونەوە وە پێشکەوتن.

(٨) بوعدی لاتەناهی: مەسافەییێکە کۆتایی نەبێ، لێرەدا مەبەستی دنیاییێکی پان و پۆڕە. سوها: ئەستێرەیەکە لە ئەستێرەکانی کۆمەڵی حەوتەوانە. (بنات النعش) لەبەر دووری و پچووکی نابینرێ.

(٩) ئیستیفا: استفاء: عەسری ئیستیفا: واتە ڕۆژگاری ماف وەرگرتن.

(١٠) طوعمە: خۆراک. مەصائب: بەڵا و موسیبەت. قەهر: ڕق و کینە.

(١١) جامە: پۆشاک، کراس.

(١٢) ئیرتیقا: إرتقاء، بەرزبوونەوە و گەیشتن بەئامانج.

(١٣) نیفاق: نفاق: ئەوەیە شتێک دەربڕی عەکسی ئەوە بێ کە لە دڵتایە. (شیقاق: شقاق): دوژمنایەتی و کێشە و نیزاع. ئەذا یان ئیذا (اذاء): ئازار دان، ئازار وەرگرتن و تەحەممول کردنی.

(١٤) ئیددیعا: إدّعا: داواکردن.

(١٥) ئیجاب: پێویست. ئیثباتی موددەعا: چەسپاندنی هەڵوێست.

(١٦) ئەهلی تەغەللوب: بەرەی سەرکەوتوو، ئیستیعمار و داگیرکەر.

(١٧) تەوەققوفە لەم عەسرەدا خەتا: واتە لەم ڕۆژگارەدا ڕاوەستان لە تێکۆشان و پاڵدانەوە خەتاییێکی گەورەیە.

(١٨) صەوڵەت: صولە، هەڵمەت و شاڵاو بردن.

(١٩) لیوا: (لواء)، ئاڵا.

(٢٠) واتە مافێک کە لە سەرەتاوە بۆ کورد نەسێنرێ و نەچەسپێنرێ لە دواییدا کە کار لەکار ترازا تازە چ ڕووناکییەک دەست ناکەوێ بیکەینە ڕێوشوێنی کەوین.

(٢١) موئەییەد: مؤیّد: یارمەت دراو. مەبەستی شاعیر بە (حەزرەتی مەحموود) شێخ مەحموودی حەفیدە کە لەو سەردەمەدا پێشەوا و زەعیمی ڕاستەقینە و دڵسۆزی کورد بووە و ژیانی خۆی تەرخان کردبوو بۆ خزمەتی گەل و نیشتمان و چەند جار دژ بەئینگلیزە داگیرکەرەکان جەنگاوە و بەرەنگاریان بووەتەوە و برینداری و گرتن و حەپسخانە و ئاوارە بوون و شاربەدەرکردنی تۆزقاڵێک لە هەڵوێستی ڕەوای گەلەکەی نەهێنایە خوارێ.

هاندان بۆ خوێندن و پێشکەوتن*

ئەی غونچەی ئومێدی هەموو پیر و جەوان
بێدارەوە بەوەختی جلیت بازیی و مەیدان
عالەم هەموو هەستاوە خەریکن هەموو مەردان
بشکێنە بەبازووی هونەر تەوقی جەهالەت
عیلم و ئەدەبە مەرهەمی هەر دەرد و عەطالەت
تۆ دەردی جەهالەت بووەتە سەددی ژیانت
یا شوعلەی غەم ئاگرە بۆ ڕۆحی ڕەوانت
لەم کەشمەکەش و حادیثە بەستراوە زوبانت
بشکێنە بەبازووی هونەر طەوقی جەهالەت
عیلم و ئەدەبە مەرهەمی هەر دەرد و عەطالەت
دایکی وەطەن ئیقباڵی بەئیقبالی ئەتۆیە
چاوی لە تەڕەققی و هەموو ئامالی ئەتۆیە
ڕوشدت کە ببێ خەزنەیە وا ماڵی ئەتۆیە
بشکێنە بەبازووی هونەر طەوقی جەهالەت
عیلم و ئەدەبە مەرهەمی هەر دەرد و جەهالەت

* ئەم شیعرە بەناوونیشانی سەرەوە لە لاپەڕە ٤٥-٤٦ی سۆزی نیشتماندا چاپ کراوە.

مەعاریف*

مەعاریفە کە بڵندیی ئەدا بەقەومی هەژار
جەهالەتە کە دەکا مەحوی سیلسیلەی تاتار
فنوون و عیلمە کەوا بۆتە باعیثی ئیقباڵ
جەهالەت و حەسەدە بۆتە مەنشەئی ئیدبار
برادەران و ڕەفیقانی خۆم مەبن غافڵ
لە تەربیە و ئەدەب و سەنعەتێکی باش و بەکار
وەتەن وەتەن وەکو «کوکوُ»ی کۆترە باریکە
ببێتە ویردی زوبان و دڵت بەلەیل و نەهار
بەماڵ و دەوڵەتی دنیا مەنازە ئەی حاجی!
بینای مەکتەب و پردێ حیسابە ڕۆژی شومار

حەیاتی ئێمە حەواڵەی سەخای ئەشرافە
که گەورە لوطفی نەبێ قورِ بەسەر سەفیل و صیغار

....

* ئەم شیعرە لە ڕۆژنامەی بانگی کوردستان ژمارە ٦ی ساڵی ١ی ١٨ی ١٩٢٢/٩ی ز. بەناوی شاگردی مەکتەب: فایەق زێوەرەوە بڵاوبۆتەوە لە لاپەڕە ١٤-١٥ی سۆزی نیشتمانیشدا چاپ کراوە.

فەلسەفە*

١٩٢٢

چاوەکەم حوسنت زیاد ناکا بەلاپێچی سەرت
کافییە بۆ صەیدی دڵ غەمزە و نیگاهی دڵبەرت
تۆ زوبانت تیژ بکە بۆ جەلبی قەڵبی عالەمێ
فائیدەی ئێستا نەماوە نووکی تیژی خەنجەرت
مادەری پیری وەطەن ئوفتادەیە و بێ دەستەڵات
نەوجوانا! خزمەتێ بنوێنە دەرحەق مادەرت(١)
ئەی مودەڕڕیس عیلمی دین و فەننی دنیام پێ بڵێ:
تا ڕەواجی بێ لە لای ئەم خەڵکە جوببە و مێزەرت
ڕێگەیێکم پێ نیشان دە پێی بژیم لەم عەصرەدا
وەرنە من باوەڕ ئەکەم زاهید! بەڕۆژی مەحشەرت(٢)
پێی دەڵێن: ئەم عەصرە عەصری ئینتیباھ و ئیرتیقا(٣)
تۆیش کەچی هەر نووستنە هەر ڕاکشانە جەوهەرت
تۆ کە ماری پێوە داوی چاری تریاکێ بکە(٤)
کەی شیفایە ناڵە ناڵ و کەوتنی سەر بوستەرت(٥)
تا هەوای سەیری موغەننی و نەغمەیی تارت ببێ
ڕۆژی ڕووناکت شەوێکی تازە نەحسە ئەختەرت(٦)
ڕێگەیێ باشت نیشان دەم. تۆ لە جێی تاقە و غەزەل(٧)
ئیفتیخارە گەر لە بەرکەی شیعری باشی (زێوەرت)

....

* شاعیر ئەم شیعرەی بەناوونیشانی فەلسەفەوە ساڵی ١٩٢٢ی زایینی وتووە لە لاپەڕە ٢٤-٢٥ سۆزی نیشتماندا چاپ کراوە. لە(ژین)ی ژمارە ١٠٨٣ی ساڵی ١٩٥١ی ز. دا لەگەڵ کورتەیەک لە ژیانی شاعیر و وێنەیەکی کوردانەیدا بڵاو کراوەتەوە.

(١) مادەر: دایک، مەبەست نیشتمانە.

(٢) زاهید (سۆزی نیشتمان)، واعیظ (ژین).

(٣) ئینتیباھ: انتباه: هۆشیار بوونەوە.
ئیرتیقا: ارتقاء: بەرزبوونەوە و پێشکەوتن.

(٤) تریاک: دەرمانی زەهر و مارەنگازی.

(٥) بوستەر: وشەیەکی فارسییە واتە سەرین.

(٦) نەحس: شووم، ئەختەر: ئەستێرە.

(٧) تاقە: جۆرە خشڵێکی ئافرەتە لە دراوی زیو دروست دەکرێ یا دانە دانە بەکڵاوی سەرەوە ئەچەسپێنرێن و پێی دەگوترێ کڵاوەسەر. یان بەزنجیرە بەلاسەرەوە هەڵدەواسرێ پێی دەگوترێ لاگیرە.

غەزەل: شیعری دڵداری بەڵام لێرەدا بەمانای پارچە قوماش بەکارهاتووە. نالی دەفەرمووێ:

قوربان وەرە با ئەم غەزەلە تازە لەبەر کەین
عیزز و شەڕەفی نالییە تەشریفی قەدی تۆ

سەر زەنش*

ئەگەر بۆیا و پۆدرە هەڵبگیرێ ئەم فڕوفێڵە
گەلێ جوان ئیختیارە، زۆر سمێڵ وەک ئەسپەرەی بێڵە
موجەسسەم بێ ئەگەر دین و حەمییەت سووڕەتێکیان بێ
گەلێ دێن شکڵی مەیموونە گەلێ شێریش وەکو دێڵە
لەگەڵ خەڵک و لەگەڵ خالیق بەمەردی بێرە ناو مەیدان
سەداقەت ڕێی سەعادەت بێ، چ سوود ئەم چەوتیی و چێڵە
بەغەیرەز قەومی کورد مەحروومی سەعێن هەمدەمی غەفڵەت
هەرچی قەومێ شعووری بێ لە سەحرای کۆششا وێڵە
چەکی هەر میللەتێ عیلمە و مەعاریف، بۆ ژیانی خۆی
لەناو ئێمەیش -خوا فەوتی بکا- جەهلە چەکی خێڵە
زەمینت سەختە مەوزووعت نەتیجەی تازە نابەخشێ
نە، زیهنت کول بکە، نەخامە، ئەم مەیدانە مەیکێڵە!!

....

* ئەم شیعرە لە لاپەڕە ١٠٨ی سۆزی نیشتمان دا چاپ کراوە.

کوردێکم ئەوێ

کوردێکم ئەوێ زرنگ و چالاک
بۆ موددەعی چوست و بێ باک
کوردێکم ئەوێ کە ڕۆژی ئەمڕۆ
جێ خەنجەرەکەی نەکا بەسیواک

کوردێکم ئەوێ بەهۆش و دانش
بۆ وەزعی زەمانە خاوەن ئیدراک
کوردێکم ئەوێ نەکا مەرایی
بۆ خاوەنی فلس و مولک و ئەملاک
کوردێکم ئەوێ کە خواش بناسێ
ئیمانی ببێ بەشاهی (لولاک)
کوردێکم ئەوێ نەبێ بەدایم
مەشغولی خەو و خەیاڵ و خۆراک
کوردێکم ئەوێ کەماڵ و فیکری
لای میللەتەکەی بگاتە ئەفلاک
کوردێکم ئەوێ کەوا نەترسێ
هەرگیز لە وەزیر و میری سەفاک
کوردێکم ئەوێ کە هێزی وابێ
بێگانە بخاتە سەر زەوی و خاک
کوردێکم ئەوێ لە ڕێی وەتەندا
بێ غەش بکەوێتە خزمەتی چاک
کوردێکم ئەوێ هەموو برابن
هیچ فەرقی نەکا نەباب و نەداک
گەورە بەبچووک بڵێ براله
چوکەش کە بەگەورەکەی بڵێ کاک
بەم ڕەنگە ئەگەر دەستم کەوێ کورد
بێ گیانی ئەکەم هەزار زوحاک

ڕۆژی نوێ ژمارە ٤ ساڵی ٢ لاپەڕە ٧٨

لەم وەختە*

لەم وەختە کە پڕ فیتنە و ڕێ بەستنە ئێستا
خۆشی کە ببێ مردنە، یا نووستنە ئێستا
دوو یاری وەفادار و بەبێ غەش نییە هەرگیز
هەرچی کە تەماشای ئەکەم دوشمنە، ئێستا

ئاشووب و بەڵا و فیتنە وەکو تەرزە ئەبارێ
هەر جەردەیی و هەر دزیی و کوشتنە ئێستا
فەرقێکی لەگەڵ شیعە نەما مەذهەبی سوننی
هەر گرتن و لێ بردن و تێ خستنە ئێستا
لەم شارە کەوا مەنبەعی ئاشووب و فەسادە
دەرمانی شیفای خەستە دڵان ڕۆینە ئێستا

....

* زێوەر بەم شیعرەی لایەنێکی زۆرداری و ئاشووبی سەردەمی عوسمانییەکان دەردەخا. وەکو ئاوێنەیەکی باڵانوما هەموو ئاژاوە و نەخۆشی دز و جەردەیی ئەو ڕۆژگارەی تێدا دیارە.
ئەم شیعرە لە لاپەڕە ٥٢-٥٣ی سۆزی نیشتماندا چاپ کراوە. دوو دێر شیعری یەکەم و دووەمیشی لە گەلاوێژی ژمارە ١ی ساڵی ١٠ی ١٩٤٩ی ز. لەگەڵ ژینامەیەکی کورتی شاعیردا بڵاو کراوەتەوە.

خۆشەویستی و ئەوین

لابده پەردە*

لابدە پەردە، ئەی گوڵی ڕەعنا!
دەرکەوێ با دوو نێرگسی شەهلا
یا دوو لەعلی عەقیقی بێ هەمتا
تا بە جان ئێمە بێینە سەر سەودا
کائیناتێ ئەخەیتە وەجد و تەرەب(١)
بەتەماشایی ماهەکەی نەخشەب(٢)
وەه چ خۆشە شەهدی گوفتارت(٣)
هەی لە جیلوەی بەنازی ڕەفتارت
بەه لە غەمزەی دوو چاوی سەححارت(٤)
بارەکەڵڵا لە حوسن و ئەنوارت(٥)
سوپەرت بێ هەمیشە هیممەتی غەوث(٦)
حافیزی چاوی بەد، کەرامەتی غەوث
تۆی شەهەنشاهی حوسن و ساحێب تاج
حازرن شاهیدان بەجیزیە و باج(٧)
هەموو تەسلیمن و نیانە عیلاج
هەر بەتۆ لایقە عەتایی خەراج(٨)
مەجلیسی تۆیە بارەگاهی فەرەح
دوور لە ڕووی تۆیە خوابگاهی تەرەح(٩)
ئەی بتی شۆخ و نازک و گوستاخ(١٠)
نەفەسێکم نییە بەبێ سەد ئاخ
بوومە مەجنوونی دەشت و سەر کەل و شاخ
چاوەڕێی لوتفم ئەی بە ڕوو گوڵەباخ
مەرحەمەت کە بەناڵە و فەریاد
بە جەفا مەمکوژە وەکو فەرهاد
چەند خۆشە لە فیرقەتا کاغەذ
وەرگری تۆ لە پۆستەدا کاغەذ
وەک شیفایە لە هیجرەتا کاغەذ
نیصفی وەسڵە لە میحنەتا کاغەذ

خەبەری دولبەری شەکەر گوفتار(١١)
وەک تەداوی حەکیمە بۆ بیمار
صەیدی کردم بەداوی غەمزە و ناز
دولبەری چیهرە ئەسمەری چاوباز(١٢)
دولبەرانیش ئەخاتە بەحری نیاز
شاهبازێکە زۆر بڵند پەرواز(١٣)
وەنییە هەر شێتی عەشقی من بم و بەس
سارییە دەردی عەشقی بۆ هەرکەس
شوعلەی حوسنی دلبەری مەهوەش(١٤)
دڵی کردووە بەکوورەی ئاتەش(١٥)
کەس نەناس و بەدەعیە و سەرکەش
لە هەموو لوتف و مەرحەمەت بێ بەش
لەکەفی دا دی جەوری، دوورە خەلاص(١٦)
عادەتی کوشتنە بەغەیری (قیصاص)
نییە هاوڕەنگی تۆ لەسەر ڕووی ئەرض
گەر بەسەریا بڕۆی بە طوول و عەرض
چۆن نەبێ میهری تۆ لەسەرمان فەرض(١٧)
بە زوبان دێم ئەکەم تەشەککیم عەرض(١٨)
لە جەفای عاشقان بەسە ئیفراط(١٩)
نۆبەتە بۆ وەفا و عەیش و نیشاط
با نەڵێن خەڵکی عاقڵە و واعیظ(٢٠)
عالمی چاکە عادلە واعیظ
چونکە لای ئێمە جاهیلە واعیظ
گوفتوگۆ و وەعزی باطلە واعیظ
مەسلەکی عاشقانە وەجد و سەماع(٢١)
بەهەزار وەعظ ناکرێن ئیقناع
خۆشە فەسڵی بەهار و دیدەنی باغ
نەغمەی بولبولان لە گوڵبەنی باغ(٢٢)
سەیری ئەشجاری بەرزی مەعدەنی باغ
سەیری ئارایشی مولەووەنی باغ

غایەتی بێ حەبیب ئەبێتە ئەسەف
شەوقی عومرت هەموو ئەچێ بەتەلەف(٢٣)

ماهی من ظاهیرە لە ناو ئافاق(٢٤)
دائیما بەدرە، ناکەوێتە میحاق(٢٥)

حوسنی ئەو عالەمێکی خستە مەراق
کەس نەماوە کە بۆی نەبێ موشتاق

شوهرەتی حوسنی گەییە عەرش و فەلەک
بوونە خەددامی، بارەگاهی فەلەک

ئەی مەهی ئاسمانی حوسن و جەمال(٢٦)
لە غەمی بەدری ڕووتە بوومە هیلال(٢٧)

ئەو کەسە بۆتە صاحێبی ئیقباڵ(٢٨)
کە نزیک بێتەوە لە بەزمی ویصاڵ(٢٩)

هەر غەمی تۆیە بۆتە هاو دەردم
زەربەی عەشقە چیهرەی زەردم(٣٠)

هەروەکو ئەهلی بێ میزاجە زەمان
مەسلەکی ثابتی نییە بۆ مان

دەردی دنیایە ناکرێ دەرمان
مەر لە دنیا ئەجەل بکا دەرمان(٣١)

خەڵەفاوین لە ئافەتی، من و تۆ
بەش بڕاوین لە نیعمەتی، من و تۆ

دولبەری شوخ و شەنگی دیدە سیاه(٣٢)
گەه بەغەمزە گەهێ بەتیری نیگاه

عاشقانی بەبێ خەتا و گوناه
هەموو خستۆتە دەرد و ناڵە و ئاه

دوورە بۆ دولبەران وەفاکاری
سەهوە بۆ نائومێدەگان زاری

---

* ئەم شیعرە لە کەشکۆڵی نەجمەدین مەلا (آ) بەشی دووەم لاپەڕە ١٢٣-١٢٦دا چاپ کراوە.
شایانی باسە ئەم شیعرە سەرەواکانی هەموو پیتەکانی هیجایی لە خۆگرتووە. لەبەر ئەوە لێرەدا پیتەکانی سەرەوا بەعەرەبی نووسران.

(١) کائینات: بوونەوەر. وەجد: عەشق و دڵداری، تەرەب = طرب: کەیف خۆشی.

(٢) ماهی نەخشەب: واتە مانگی شاری نەخشەب. مەبەستی ئەو مانگەیە کە حەکیمی کوڕی عەتا لە وڵاتی (ماوراء النهر) لە شاری نەخشەب بەدەرمانی کیمیاوی مانگێکی دەستکردی دروست کردووە و لەسەر شاخێک دایناوە لە شەو ماوەی چوار سەعات ڕێگا بەدەوری خۆیدا ڕووناکی دەبەخشی.

(٣) شەهدی گوفتارت: قسەی شیرینت.

(٤) سەحار (سّحار): سیحرباز و ئەفسووناوی.

(٥) حوسن: جوانی. ئەنوار: کۆی نوورە، واتە ڕووناکی و پرتەو بەخش.

(٦) غەوث: مەبەستی شێخ عەبدولقادری گەیلانییە.

(٧) جیزیە: جزیە: سەرانە و خەرج و باجێکە لەو کافرە کیتابییانە دەستێنرا کە لە وڵاتی موسڵمانان دەژیان لە جیاتی واجباتی نیشتمانی.

(٨) خەراج: بەشێکی دیاریکراوە لە بەروبووم ئەدرێ بەمیری. لە ئەرزێکی دیاریکراوا.

(٩) خوابگاە: شوێنی نووستن + تەرەح: ترح: خەم و خەفەت و ناخۆشی.

(١٠) گۆستاخ: ڕوو هەڵماڵراو و بێ پەروا و نەترس و سەربەست.

(١١) شەکەر گۆفتار: شیرین قسە و گفتوگۆ خۆش.

(١٢) چیهرە: ڕوخسار.

(١٣) شاهباز: شاباز گوایە گۆشتی مردارەوە بوو ناخوا.

(١٤) شوعلە: بڵێسە ئاگر، شۆق و ڕووناکی. مەهوەش: ئەوەی ڕوخساری وەکو مانگ جوانە.

(١٥) کوورەی ئاتەش: کوورەی ئاگر، ئاگردان.

(١٦) لە دەستنووسەکەدا بە بەتاڵی هێڵراوەتەوە -ئاراس-

(١٧) میهر: خۆشەویستی.

(١٨) عەرضی تەشەککی: بەیانکردن و ڕوونکردنەوەی لێقەوماوی و شەکوای حاڵ.

(١٩) ئیفراط: ئەوپەڕگرتن لایەنی ئیجابی.

(٢٠) واعیظ: ئەو کەسەی نەصیحەتی خەڵک دەکا.

(٢١) وەجد: عەشق و خۆشەویستی.

(٢٢) گوڵبەن: داری گوڵ.

(٢٣) لە دەستنووسەکەدا بە بەتاڵی هێڵراوەتەوە -ئاراس-

(٢٤) ئافاق: کۆی (أفق)ە بەمانا گێتییە.

(٢٥) بەدر: مانگی شەوی چواردە. میحاق: ئەو کاتەیە کە مانگ دەگاتە ئەو پەڕی لاوازی و لەبەرچاو ون دەبێ ئەم حاڵەتەش لە دوا ڕۆژەکانی مانگی عەرەبی و لە یەکەم ئێوارەی مانگی نوێدا ئەبێ. کە مانگ زۆر باریک و زەعیفە کەم کەس دەی بینێ.

(٢٦) مەهی ئاسمان: مانگی ئاسمان.

(٢٧) هیلال: مانگی یەک شەو.

(٢٨) صاحیبی ئیقباڵ: خاوەنی نگین.

(٢٩) بەزمی ویصال: داب و نەریت و هەرا و بەزمی بەیەک گەییشتن.

(٣٠) چیهرەی زەردم: ڕوخساری زەردم.

(٣١) مەر: مەگەر.

(٣٢) دیدە سیاه: چاوڕەش.

بنازم*

بنازم پەرچەمت زللەی لە کەللەی عوود و عەنبەردا(١)
صەفای ڕوخسارەکەت طەعنەی لە ئاوێنەی سەندەردا(٢)
شەڕ ئەفرۆشێ بەعالەم بێ سەبەب ئەو چاوە مەستانە
هەچی هاتە تەماشای چاوی تۆ سینەی لە خەنجەردا(٣)
بەڵێ عومری (خضر) قیسمەتمە گەرچی عومر کۆتابێ(٤)
کەسێ نەقدی حەیاتی خۆی بەیاری شۆخ و ئەسمەردا
لە تەعریفی قەدی مەوزوونی، شاعیر کەوتە وریایی
هەموو دێڕێکی ئەفکاری خەیاڵاتی لە «میسطەر»دا(٥)
کە زاهید هاتە سەیری قەوسی ئەبرۆی تۆ بەناچاری(٦)
فڕێی دا سەبحە و سەججادە سەد لەققەی لە مینبەردا
دەمی تۆ خونچەی نەشکوفتەیە، یا نوقتەی مەوهووم(٧)
بەخەندە دوڕ بەسەر لەعلا و لەعلیشی لە شەککەردا(٨)
بەرامبەر حەلقەی پەرچەم خەدەنگی چاوی مەخموورت(٩)
بەعەینی وەک (جیهان بەخشە) لەگەڵ تیری لە(ئەژدەر)دا(١٠)
بەمەرهەم زەحمەتە زەخمی دڵی بێچارە ناگیرێ
بە تەحریکی برۆ ئەو شۆخە دەردێکی بە (زێوەر) دا

....

* ئەم شیعرە لە کەشکۆڵی (أ)، ل١٢٨ و کەشکۆڵی (ب) لاپەڕە ٦دا نووسراوەتەوە. کاک محەمەد عەلی قەرەداغیش لە گۆاری بەیان ژمارە ١٣٧ لاپەڕە ١٩ بڵاوی کردۆتەوە.

(١) عوود: داری عوود. عەنبەر: گیایەکی بۆن خۆشە.

(٢) ئاوێنەی سکەندەر: ئاوێنەی ئەسکەندەر: دەڵێن: ئەسکەندەر ئاوێنەیەکی هەبووە هەموو دنیای تێدا دیار بووە.

(٣) مەبەستی بە (خەنجەر) برۆی یارە.

(٤) عومری خضر: تەمەنی خدری زیندە، مەشهوورە دەڵێن: خدری زیندە ئاوی حەیاتی خواردۆتەوە و تارۆژی دنیا وێران بوون نامرێ.

(٥) میسطەر، مسطر: خەتکێش، جاران مەلا و فەقێ و خەت خۆشەکان شتێکیان دروست دەکرد لە مقەبا و لە دەزوو دەیانهێنا دەزوویان بەسەر مقەباکەدا ڕایەڵ دەکرد و دەیان چەسپان بەمقەباکەوە ئەمجار ئەو کاغەزەی بیان ویستایە شتی لەسەر بنووسن مقەباکەیان دەخستە ژێری و دەستیان بەسەر دادەهێنا شوێنی دەزووەکە لەسەر کاغەزەکە دەردەچوو و خەتخەتی دەکرد ئەمجار نووسەرە کە بەسەر خەتەکاندا دەینووسی، بەو مقەبا و دەزووەیان دەگوت میسطەر. واتە ئامێری خەت.

(٦) زاهید: خواناس، بەزۆری بۆ خواناسی لە خۆبایی بوو بەکار دەهێنرێ. سەبحە: تەزبیح. سەججادە: بەرماڵ. مینبەر: شوێنی خوتبە خوێندنەوە.

واتە: زاهیدی لە خۆبایی کاتێ سەیری کەوانە برۆی تۆی کرد تێگەیشت و بۆی ڕوون بووەوە کە ئەوە میحرابی حەقیقییە ناچار تەزبیح و بەرماڵە ڕواڵەت کارییەکەی فڕێدا و شەقێکیشی لە مینبەر و شوێنی وەعظ و نەسیحەت کردنەکەشی هەڵدا و وازی لێ هێنان و ڕووی کردە میحرابی جووت ئەبرۆی تۆ.

(٧) خونچەی نەشکوفتە: غونچەی نەپشکوتوو، نوقتەی مەواهووم: جەوهەر، جوزئی (لایتجزأ) ئەو نوختەیەیە کە بۆ کەرت کردن نەشێ. زۆربەی زانایانی عیلمی کەلام لایان وایە کە (جزء لایتجزأ) نییە و شتێکی خەیاڵییە بۆیە شاعیریش بە نوقتەی مەوهوومی ناو بردووە.

(٨) دوڕ: مەبەستی ددانەکانی یارە. لەعل: پوک یان لێوی سوور.

(٩) حەلقەی پەرچەم: زولفەکانییەتی. خەدەنگ: تیغ. مەخموور: مەست و سەرخۆش

(١٠) جیهان بەخش و ئەژدەر: دوو پاڵەوانی کۆنی ئێرانی بوون. ئەژدەر بەمانا (ئەژدەها)ش هاتووە.

باعیثی دووریتە*

باعیثی دووریتە گەر دڵ ناڵە و ئەفغان ئەکا(١)
دەردی هیجرانە سەبەب گەر دیدە خوون ئەفشان ئەکا(٢)
هەر زەمان ناری فیراقت دێتە ناو کوورەی دەروون
میروەحەی ناڵەم لە هەر لا ئاگرێ پەخشان ئەکا(٣)
تۆ کە جەللادی بەئەڵماسی موژەت دڵ کون مەکە
زەخمی ئەبرۆت کارییە چارێ لە هەر دەرمان ئەکا
شەمعی ڕووت کەوتۆتە ناو زوڵماتی زوڵفی وەک شەوت(٤)
دڵ وەکو پەروانە هەردەم مەیلی خۆ سووتان ئەکا
نەو غەزالێکی تێدایە دڵ فڕێن و دولبەرە(٥)
سا بەخۆڕایی نییە دڵ مەیلی کانیسکان ئەکا(٦)
قەت بەمەقسوود و مەرامم ئاسمان دەوری نەدا
باغی خەڵقی دڵ گوشاد و باغی من وێران ئەکا
گەر هیلالی ئەبرووانت بێتە عەرصەی ظاهیری
سەد وەکو زێوەر بەساتێ دێت و خۆی قوربان ئەکا

....

* ئەم شیعرە لە لاپەڕە ١٣١-١٣٢ی کەشکۆڵی (أ) و لاپەڕە ٨ی کەشکۆڵی (ب) نووسراوەتەوە. لە ژمارە ١٢٧ی گۆڤاری بەیانیش لە لاپەڕە ٨٢دا بڵاوکراوەتەوە.

(١) ئەفغان: داد و هاوار و گریان.

(٢) خون ئەفشان: خوێن ڕژان.

(٣) میروەحە، مروحە: پانکە، باوەشێن.

(٤) زوڵمات، ظلمات: تاریکایی.

(٥) نەوغەزال: بەچکە ئاسک، مەبەست کیژۆڵەی تازەپێگەیشتوو.

(٦) کانیسکان، کانی ئاسکان: گەڕەکێکە لە سلێمانی. دەڵێن کانییەکەی پێش دروستکردنی سلێمانی جێی ئاسکان بووە.

که تۆ ڕۆیی*

که تۆ ڕۆیی، بەجوز نالآندن و گریان زووبان چبکا(١)
که ئاهوو ڕەم بکا، صەییاد بەجوز نالّە و فوغان چبکا(٢)
لەسایەی عەسکەری موژگان و طوڕڕەی زولفی شەوڕەنگی(٣)
نیگارم پادشای حوسنە، لە حالّی عاشقان چبکا(٤)
ئەلا ئەی عاشقی بێ دڵ نیگارت میهرجۆ نابێ(٥)
لە قاپیدا عەبەث کەوتووی، فەقیرە دەرگەوان چبکا(٦)
بەوەعز و پەندی دانا مەردی نادان بەهرەوەر نابێ
که بەخت و تالعی ڕەش بێ گەڕانی ئاسمان چبکا
لە هەرلا ئیتتیفاقێ بوو، ئەگەر کێوە عەدوو هیچە
که پەششە ئیتتیفاقی بوو ئەبێ فیلی دەمان چبکا(٧)
بە حوکمی حەق ڕەزا نابی ئەبەد مەطروود و مەحکوومی
ئەلا ئەی نەفسی دوون شەیتان ئەبێ غەیری زیان چبکا(٨)
که بەد خولقی تەبیعەت بێ بەمیصقەل زەحمەتە لاچێ(٩)
لە دەست بووجەهل و ئەمثالی ڕەسووڵی ئینس و جان چبکا
لە دووریی تۆ ڕەقیبان و هەموو دنیام لەلا مەحوە
که فەسڵی گوڵ نەما، بولبول لە باغ و باغەبان چبکا
لە جیلوەی گوڵ لەنەشئەی مەی، لە عەکسی تەلعەتی ساقی
که دڵ ژەنگی غەمی تیابێ ئەبێ (زێوەر) لەوان چبکا

....

* ئەم شیعرە لە کەشکۆڵی (أ) لاپەرە ١٢٩ و کەشکۆڵی (ب) لاپەرە ٧-٨ وەرگیراوە. لەگۆڤاری (بەیان)ی ژمارە ١٢٧ لاپەڕە ٧٨دا چاپ کراوە.

(١) ڕۆیی: کورت کراوەی (ڕۆیشتی)یە. بەجوز: بێجگە.

(٢) ئاهو: ئاسک. ڕەم: هەڵاتن، ڕاکردن، هەڵتریزاندن، صەییاد: نێچیرەوان.

(٣) طوڕڕە: لە بنەڕەتدا مۆرێکی شاهانەیە ئەنرێ بەکاغەزی تایبەتی پاشاوە یان بەپارە و سکەیەوە. ناو و نازناوی پاشای بەخەتێکی پێچ پێچاوی تێک چرژاو لێ هەڵکەندراوە. شاعیران بەکاری دێنن بۆ زولفی پڕ پێچ و لوول کراو و تێک چرژاو. طوڕڕەی زولفی شەو ڕەنگی: واتە زولفێک کە وەک مۆری طوغرا پێچ پێچ و لوول تێک هاڵاو بێ و وەکو شەوی تاریکیش ڕەش و کەسکوون بێ.

(٤) نیگار: وێنە، مەبەستی یارەکەیەتی، دەڵێ: یارم پاشای جوانییە چ کاری بەحاڵ و چۆنیەتی عاشقان نییە.

(٥) میهرجۆ: خاوەن عەطف و بەزەیی، یان ئەوەی بەدوای خۆشەویستیدا بگەڕێ.

(٦) عەبەث: بێ هوودە.

(٧) پەشە: پشیلە. فیلی دەمان: فیلی تووڕە.

(٨) نەفسی دوون: نەفسی پەست و پلە نزم.

(٩) میصقەل: ئالەتی مشتومالّ کردن.

ئەی نەفسی دەنی!*

ئەی نەفسی دەنی هەروەکو فیرعەونی لە کیبرا
ئەم حەشمەت و مەغروورییە تاکەی لە هەموو لا(١)
بۆ غەرق و هیلاکەت لەشەتی ئەشک دەمادەم(٢)
پەیدابووە وا صاحێبی حوسن و یەدی بەیضا(٣)
بۆ میللەتی مووسای ئەڵێ: موعجیزە ڕوومە
خۆی بەچچە یەهودێکە عەدووی موسلیم و تەرسا
بازاڕی هەموو گرتووە. وەک یوسفی ثانی(٤)
لافی ئەوەیە زیندە بکا دینی یەهوودا
بەززازە، بەنازە، چ عەجەب سیحر طیرازە(٥)
بۆ (موشتەری) ئەنوێنێ ڕۆخی زوهرەیی زەهرا(٦)
ئەی حەییەکە، بەد بەختەکە، بێ دینەکە کافر!(٧)
سوێندت دەدەم ئەمجارە بەئەلهاو و بەمووسا
تۆ و عەشقی (شوعەیب)ی نەبی و حورمەتی (ئیسحاق)(٨)
بۆ خاتری ئوفتادەیی دەر بانی کلێسا(٩)
گوێ مەگرە لە ئەقوالی ڕەقیبی وەکو (هامان)(١٠)
ئیظهاری مەکە فیتنەو و ثابیت مەکە دەعوا
ئایین و وەفا قاعیدەی میهر و نەوازش(١١)
بنوێنە لەگەڵ عاشقی دڵ خەستەی شەیدا
دەم، بەستەیە یا فوندوقە چاوت وەکو بادام(١٢)
ڕوو لالەیی نێو جەننەتە، قەد سەرووی دلارا
زولفت چییە، ڕەشماری دەسی ساحیری میسرە(١٣)
چیهرەت چییە خەزنەی زەڕی (قارونە) لە دنیا(١٤)
سەرخۆش بووە (زێوەر) بەمەیی ناز و مەحەببەت
لەو لەعلی لەبە، بۆ مەزە چەند بۆسە، بلێ: ها(١٥)

....

* ئەم شیعرە لە لاپەڕە ١٣٠ی کەشکۆڵی (أ) و لاپەڕە ٧-٨ی کەشکۆڵی (ب)دا نووسراوەتەوە.
محەمەد عەلی قەرەداغیش لە گۆڤاری بەیانی ژمارە ١٢٧ لاپەڕە ٨٩-٩٠ دا بلاوی کردۆتەوە، برێ جیاوازی لە نێوان

سەرچاوەکاندا هەیە.

(١) ئەم نیوە دێرە شیعرە لە بەیانی ژمارە ١٢٧دا بەم جۆرەیە: (ئەم سەڵطەنەت و حیشمەتە تاکەی لە هەموولا)

(٢) لەشەتی: کەشکۆڵ (أ-ب) لە «یەم»ی بەیان.

(٣) یەدی بەیضا: دەستی سپی و شوعلەدەر، مەبەستی دەستی حەزرەتی مووسایە کە موعجیزەی ئەوەبووە وەک چرا دەستی ڕووناکی بەخشیوە.

(٤)ئەم نیوە دێرە ئاماژەیە بۆ فرۆشتن و کڕینی حەزرەتی یوسف کە عەزیزی میسر کڕی.

(٥) طیراز: لە هەموو سەرچاوەکاندا (طەراز) نووسراوە سیحر طیراز: واتە سیحرباز، یان سیحراوی.

(٦) ڕوخ: ڕوو. ڕوخی زوهرەیی: ڕووی گوڵاوی.

(٧) حەبیبەکە: کوڕە جوولەکەیەک بووە زۆر جوان خاس و شێوە شیرین بووە لەسەر خواستی سەید ئەحمەد ئەفەندی حەمەی دایە مامۆستا زێوەر ئەم هەڵبەستەی لە جوانی و ستایشی کوڕە جوولەکەکەدا داناوە.

(٨) شوعەیب و ئیسحاق: دوو پێغەمبەری خودا بوون.

(٩) ئوفتادەیی: لە (بەیان)ی ١٢٧دا (ئیفتادە) نووسراوە.

(١٠) هامان: ستەمگەر و زۆردارێکی بێ بڕوای سەردەمی حەزرەتی مووسایە. وەزیری فیرعەون بووە.

(١١) ئایین و وەفا: لە بەیانی ١٢٧دا (ئایین وەفا) نووسراوە.

(١٢) فوندوق: فندق: بەعەرەبی پێی دەڵێن: بندق.

(١٣) ئاماژەیە بۆ سیحربازەکانی فیرعەون کە لەگەڵ حەزرەتی مووسادا بەرامبەری و حەنە حەبەشییان کرد.

(١٤) چیهرە: ڕوو، ڕوخسار، قاڕوون: دەوڵەمەندێکی سەردەمی حەزرەتی مووسا بووە، لەسەر بێ باوەڕی و سەرسەختی خۆی بەخۆی و سەرو سامانییەوە خوا ڕۆی برد بەزەویدا.

(١٥) لەعەلی لەب: واتە لێوی وەک لەعل سوور. بۆسە: ماچ.

دەماغ ئەمشەو...*

دەماغ ئەمشەو موعەتتەر بوو، صەبا بۆی دولبەری هێنا(١)
حەیاتم تازە بوو ساقی شەرابی ئەحمەری هێنا(٢)
فیدای چاوی ڕەشی بێ دڵ ئەگەر نەیبا بەپەنهانی
بە قوربانی دوو ئەگریجەم، صەبا لەو عەنبەری هێنا(٣)
عەرەق کەوتۆتە سەر ڕوومەت وەکو شەونم لەسەر ڕووی گوڵ
خەیاڵی قەددی تۆی کرد، دڵ موافیق عەرعەری هێنا(٤)
ئومێدی ئابی وەصڵم بوو، هەوای کیبرت زیاتر بوو
بەسەر خانەی دڵی سووتاو زەمانە صەرصەری هێنا(٥)
بە غەیری من کە مەحرووم لە ماچی لێوی شیرینی
لە دنیا گەر هەبوو مەردێ لە چاهی غەم دەری هێنا(٦)
ئومێدی قەتڵی کێی بوو وا منی کێشایە خزمەت خۆی
بە حیلە و مەکر و عەییاری نەسیم ئەسکەندەری هێنا

بەپایەی شیعری ڕەنگاوڕەنگ خەیاڵی تازەگی دێنێ
لە دنیا کێ بەئوستادی خەیاڵی (زێوەر)ی هێنا!

....

* ئەم شیعرە لە کەشکۆڵی نەجمەدین مەلا (أ) ل١٢٧دا نووسراوەتەوە هەروەها لە ل٦ی کەشکۆڵی (ب)دا دووبارە بۆتەوە.. کاک محەمەد عەلی قەرەداغیش لە گۆڤاری بەیانی ژمارە ١٣٧، ل١٩دا بڵاوی کردۆتەوە.

(١) موعەتتەر، معطر: عەتراوی. صەبا: بای بەری بەیان، لە ئەدەبی کۆندا بەپەیامبەری نێوان یاران و دڵداران دانراوە.

(٢) شەرابی ئەحمەر: شەرابی سوور.

(٣) عەنبەر: گیایەکی بۆن خۆشە، بەمایەیەکی بۆن خۆشیش دەگوترێ کە لە ناوسکی یان ڕیخۆڵەی ماسی دەری دەهێنن.

(٤) عەرعەر: سەرووی کێوی، درەختێکە کەمێک لە سەرووی عادەتی کورتتر و پچووکترە.

(٥) صەرصەر: بای بەهێز یان بای سارد.

(٦) چاهی غەم: چاڵی غەم و ناڕەحەتی.

شایانی باسە کە ئەم قەصیدە زۆر لە قەصیدەکەی وەفایی شاعیر دەکا کە دەڵێ:

نەسیمی بادی نەورۆزی شەمیمی عەبهەری هێنا
بەریدی عاشقان دیسان پەیامی دولبەری هێنا

تا دەگاتە کۆتایی و دەڵێ:

بەبێ شاباشی سەر بەقسەی (وەفایی) گوڵ چرا نابێ
کە بولبول هەر زمانی هەن هەندە پەروانەش سەری هێنا

(سالم)یش فەرموویەتی- بەڵام کێش جیایە-

ساقی لە پەردە دەرهات جامێ شەرابی هێنا
دڵ خیرە ما لە حیرەت، مەه ئافتابی هێنا

(ئەوڕەحمان بەگی بابان)یش دەڵێ:

شنەی هەوای بەیانی، بۆنی بەهاری هێنا
ئەم بۆنە عەترە بێزە نەشئە و خوماری هێنا

شێتی ڕووتە*

شێتی ڕووتە، بۆیە وا سەر ڕووتە دائیم ئافتاب(١)
شەرمەساری بۆتە وا مەحجوب و پەنهانە گوڵاب(٢)
ماهی نەخشەب سیحربازێ بوو کە شەوقێکی هەبوو(٣)
تۆ بەبێ سیحر و دەغەڵ شەو تا سەحەر وەک ماهتاب(٤)
من لە کوورەی فیرقەتا ناکەم خەیاڵی غەیری تۆ(٥)
ئارەزووی باغی بەهەشتە دائیما ئەهلی عەزاب
ساقی بادەی ئەرغەوانی بێنە، وا خەمڵیوە گوڵ(٦)
شیشەی تۆبەم شکاند تا دەسکەوێ شیشەی شەراب(٧)

گوڵ لەسەر تەختی چەمەن شاهێکە، بولبول موطریبە
باغەبان ئامان دەخیلم، دێم و تۆ نەمەدەی جەواب!
زاهیرەن زاهید خەریکی دەس بڕینی عالەمە
بۆیە وەک دز خۆی خزاندە گۆشەی کونجی خەراب
نامەوێ ئابی حەیات و تەخت و جاهی خوسرەوی
گەر مویەسسەر بێ ویصالی دولبەری شیرین خیطاب
بمدەرە بەرتیری تەعنە تۆش وەکو عالەم، ڕەزام
گەر نەبێ میهرەت بەقەهرت شادمانم بێ حیساب
تۆ لە (زێوەر) قەت مەڕەنجێ خاکی دەرگات کا بەسەر
چونکە شێت هەرگیز نەبۆتە مەوریدی تەعنە و عیتاب

....

* ئەم شیعرە لە کەشکۆڵی (أ) ل١٣٤–١٣٥ و کەشکۆڵی (ب) ل١٣. هەروەها ژمارە ١٣٧ی گۆڤاری بەیان ل٢٠دا بڵاو کراوەتەوە.

(١) ئافتاب: ڕۆژ، خۆر.

(٢) بۆتە: سووککراوی (بۆنتە)یە، واتە: شەرمەزاری بۆنی تۆیە. گوڵاب: گوڵاو.

(٣) ماهی نەخشەب: لە پیتی (أ)دا شەرح کراوە سەیری شیعری (لابدە پەردە ئەی گوڵی ڕەعنا...) بکە.

(٤) ماهتاب: ئەوەی وەک مانگ بدرەوشێتەوە.

(٥) کوورەی فیرقەت: ئاگری لێک جودا بوونەوە. واتە من لەکاتی هەرەسهێنانی ئێش و ئازاری دووری تۆ و سووتان بەئاگر لە تۆ جیابوونەوە هەموو خەیاڵ و هەست و نەستم هەر گەیشتن بەتۆیە چونکە ژیان لە نزیک تۆ تامی بەهەشتی هەیە دووری لە تۆش ئازاری دۆزەخی هەیە ئەهلی دۆزەخیش هەموو ئاواتێکیان چوونە بەهەشتە.

(٦) بادەی ئەرغەوانی: شەرابی وەک گوڵە ئەرخەوان سوور.

(٧) شیشە: شووشە.

مەحبووسی جەفات کردم*

مەحبووسی جەفات کردم و نەت خستە ڕیعایەت(١)
بێ جونحەو و بێ واسیتەی جورم و جینایەت(٢)
شاهێکی کەڵە ماهیی و ماهێکی سوپەهدار
لای کێ بنوێنم وەرەقی زوڵم و شیکایەت
گاهێ بەخەدەنگی مووژە، گاهێ بەنیگاهێ
سەندووتە لە من هۆش و خیرەد، فەهم و دیرایەت(٣)
بەم حوسنە لەسەر عاریضی تۆ عاریضە ئێستا
بێ باکیی و جەورت گەییە ڕوتبەی غایەت

ئەم بەندەیە بەو خەندەیە دڵ زیندووە سادەی
تەجدیدی بکە عومرم، ئەوا هاتە نیهایەت
ئازاری دڵی خۆت مەدە ئەی واعیظی مەجلیس!
فەرقی نییە لای ئێمە چ وەعظ و چ حیکایەت
بێ پەردە لەگەڵ (زێوەر) ئەتۆ هاتییە مەیدان
نەت خستە موعەمماو و دەرت کرد لە کینایەت

....

* ئەم شیعرە لە ل١٣٧ی کەشکۆڵی (أ)دا نووسراوەتەوە هەروەها لە ژمارە ١٢٧ی گۆڤاری (بەیان)دا بڵاو کراوەتەوە.

(١) مەحبووس: بەند کراو. جەفا: لێ دوور کەوتنەوەی خۆشەویست، دەنگ لێ دابڕین، زوڵم و ستەم. ڕیعایەت: چاوەدێری.

(٢) جونحە، جورم، جینایەت: گوناه و کردنی کاری ناڕەوا.

(٣) خیرەد: عەقڵ. فەهم: تێگەیشتن. دیرایەت: زیرەکی.

پەرێشانم*

پەرێشانم بەتاتای کاکۆڵی موشکینی سەر شانت(١)
بریندارم بەتیری غەمزەیی دوو چاوی فەتتانت
هەناسەم ئاسمانی گرتە بەر، بێ طوڕڕەیی لوولت(٢)
سوروشکم لەعلی ڕوممانە بەبێ چیهرەی درەخشانت(٣)
نەسیمی صوبحدەم جارێ لە عەتری زولفەکەی بێنە(٤)
دەوای هەر دەردە، تەقصیرێ مەکە، جانم بەقوربانت
ئەمن وەک زەڕڕەی بێ جیلوە، تۆ خورشیدی عالەم گیر(٥)
چلۆن دەستم بگاتە خاکی پاکی چاکی دامانت
ئیرادەم وایە تەرکی عالەمی دنیا بکەم یەکجار
ئەگەر نەمخاتەوە داوی هەوای کاکۆڵی ئەفشانت(٦)
بە ئومێدی سەحابی فەیضی تۆیە گوڵشەنی سینە(٧)
دەروونم لالەسان داغە بەشەوقی بەرقی هیجرانت(٨)
لە دەورەی لەعلی لێوت قافڵەی خەت باری خۆی لێ خست(٩)
بەغەیری (زێوەر)ی بێ دڵ نەما توشنەی زەنەخدانت(١٠)

....

* ئەم شیعرە لە کەشکۆڵی (أ) ل١٣٦ وەرگیراوە.

(١) تاتا: تاڵ تاڵ. موشکین: مووی ڕەشی بۆن خۆش.

(٢) طوڕڕە: مۆری شاهانە: لێرەدا مەبەستی زولفی پێچ پێچ و تێک چرژاوە کە وەکو طوڕڕە وایە.

(٣) لەعل: بەردێکی گرانبەهای سوورە، ڕوممان: هەنار. مەبەستی ئەوەیە بڵێ: فرمێسکەکانم وەکو دەنکە هەنار سوورن.

چیهره: ڕوخسار. درەخشان: ڕەوشەن و ڕووناک.

(٤) نەسیمی صوبحدەم: شنەی بای بەیانی.

(٥) زەڕڕە، ذەڕڕە: ماددەیەکی پچووکە بەشکردن هەڵناگرێ. بێ جیلوە: بێ شۆق و نادیار. خورشید: خۆر.

(٦) کاکۆڵی ئەفشان: زوڵفی بڵاو و بێ تەرتیب و شێواو.

(٧) سەحاب: هەور. فەیض: لێشاوی ڕەحمەت. گوڵشەن: باخ.

(٨) لالەسان: لالە ئاسا، وەک گوڵی لالە. لالە بۆ خۆی گیایەکی پچووکی کێوییە زۆرتر لە شوێنی تەڕ و شێداردا دەڕوێ لەسەرەتای ناوەڕاستی مانگی بەهاردا پێ ئەگا گوڵێکی سووری هەیە لە ناو گوڵەکەدا خاڵێکی ڕەش هەیە وەکو داخ وایە.
شەوق: شۆق و ڕووناکی. بەرق: برووسکە. هیجران: جودابوونەوەی دوو خۆشەویست لە یەکتری.

(٩) لەعل: بەردێکی سووری گرانبەهایە، لەعلی لێوت: واتە لێوی وەک لەعل سوورت. قافڵەی خەت: کاروانی خەت، مەبەستی ئەوەیە کەوا لە دەوری لێوی (گەنەموو) سەری هەڵداوە تیا جێگیربووە. نالیش دەڵێ:

چ شـیـرینە خـوطوطی دەوری لێـوت
بەڵێ مەعلوومە خۆش خەططی یاقوت

(١٠) توشنە: تینوو. زەنەخدان: چەناگە.

ئەساسی عەیشی*

ئەسـاسی عـەیشی ئێـمـەی خسـتـە سـەحرا تیـرە بارانت[١]
شکسـتی دا بەتابووری خـەیاڵم تیـپی مـوژگـانت
ئەتۆ وەک یوسـفی و من لە چاهی مـیـحنەتا بەندم[٢]
ئەمـا من دیم لە خـەودا کـەوکـەبی ڕوخسـاری ڕەخشـانت
بە شـمـشـێـری برۆ ئەمـرۆ سـوپەهـ سـالاری خـووبانی[٣]
مـەگـەر ئینسـان لە ڕۆحی خـۆی ببـوورێ بێـتـە مـەیدانت
خـوا شـەوقـێکی وای بەخـشی بەدڵ قـەت تێـر لە تیـر نابێ
لە مـوغناتیس گـەلێ جـاذیبـتـرە بۆ جـەذبی پەیکانت[٤]
ئەگـەرچی نائومـێـدی باغی وەسـڵی تۆم ئەمـا نـاڵێم
بە تاراجی خــەزانی ئاهی من چێ باغ و بوســتــانت
شەرابی عەهدی جەم بۆ کەی، دەخیلم هەستە سا، ساقی[٥]
بینای فـەقـر و غـەمم لابە! بەجـیلوەی جـەور و جـەولانت
دڵـی (زێوەر) بەغـەمزەی چاوەکەت مـەشکێنە جێی خۆتە[٦]
تەرەحـحوم کـە لە ڕێگای لوتف و عـەهد و شـەرتی جـارانت

....

* ئەم شیعرە لە ل١٣٥-١٣٦ی کەشکۆڵی (أ) وەرگیراوە.

(١) ئەساسی عەیشی ئێمە: بناغەی دیواری ژیانی ئێمە.

(٢) چاهی میحنەت: چاڵی غەم، لێرەدا مەبەست ماڵی حەزرەتی یەعقووبە کە بەهۆی لێ ونبوونی یوسفەوە یەعقووب تووشی

ئەو ناڕەحەتی و خەم و خەفەتە بوو لە سەرووی هەموویانەوە چاویشی کوێر بوو. جا بۆیە لە ئەدەبی کلاسیکیماندا بەماڵی یەعقووب دەگوترێ چاهی میحنەت، یان میحنەتخانە یان بیت الأحزان... هتد. ئیتر ئەو ماوە دوور و درێژە حەزرەتی یەعقووب نە بەخەو و نە بەوەحیی و نە بەزاهیر یوسفی نەدی، بۆیە لێرەدا شاعیر خۆی لە یەعقووب بەختەوەرتر دەزانێ و لە نیوە دێری دووەمی شیعرەکەدا دەڵێ: من لە یەعقووب بەختەوەر ترم چونکە لە خەودا ئەستێرەی ڕوخساری ڕەخشانتم بینی و تۆزێک بیرۆشیم پێی هات.

(٣) سوپەهـ سالاری خووبان: سەر لەشکری جوانان.

(٤) مەعنای ئەم شیعرە تێکڕا بەم جۆرەیە دەڵێ:
خوا عەشق و سۆزێکی وای خستۆتە دڵمەوە هیچ کاتێ و بەهیچ جۆرێ تێر ناخوا لە تیری موژگانت تا تیری بۆ بهاوێژی ئەو زیاتر شێتگیر دەبێ و زۆرتر هەوەسی تیری تۆی دەبێ چونکە دڵ بۆ خۆی وەکو موگناتیس وایە تیری موژەشت لە ئاسن دروست کراون و دیارە موگناتیسیش کێشی ئاسن دەکا و بۆ لای خۆی ڕای دەکێشێ.

(٥) عەهدی جەم: سەردەم و ڕۆژگاری جەمشیدی کوڕی تەهمورث چوارەمین پادشای پێشدادیانە، دەڵێن لە سەردەمی ئەودا ئاگر و ئاسن دۆزراوەتەوە هەر لە ڕۆژگاری ئەودا دەستووری کشتوکاڵ دانراوە. واتە شەرابی کۆنی ڕۆژگاری جەمشید بۆ کەی بوو تاکەی هەڵدەگرێ (مەشهور وایە دەڵێن شەراب تا کۆن بێ باشترە) سا دەخیلت بم ساقی هەستە بۆم بێنە با بەسەریەوە نێم و خەم و خەفەتی پێ بە با دەم.

(٦)غەمزە: چاو هەڵتەکاندن. واتە دڵی زێوەر بەچاو هەڵتەکاندن و ئیشارە مەشکێنە چونکە ئەو دڵە جێ و مەکانی خۆتە و کەسی تری تێدانییە، جا کەوابێ تۆ بۆ بەخۆڕایی ماڵی خۆت وێران دەکەی!!

شکاندی*

شکاندی شیشەی عـەیش و نیشـاطم چاوی سەحـحارت[١]
فڕاندی تاعـەت و تەقـوا و عـیـبادەت، زوڵفی زوننارت[٢]
بەقەد سەرووە، بەدەم غونچە، بەچاو نێرگس، بەڕوو وەک گوڵ
سـەراپا باغی حـوسنی جـانفـزایی باغ و گـولـزارت[٣]
لە ئەوقـاتی تەغـافـول قـیـمـەتی چینە نیگاهێکت[٤]
خـەتایە، نرخی دنیـایە نیگاهی چاوی بیـمـارت[٥]
بە باڵا سـەروی، ڕەفـتـاری وەکـو «کـەبکی دەرێ» وایە[٦]
فـیـدای باڵای بەرزت بم فـیـدای عـینوان و ڕەفـتـارت
بەڕۆح هاتوونە سـەودا، بۆ تەمـاشـای مـوشـتـەری ناکـەی
لەسـایەی شـەککەری لێـوت عـەجـائیب گـەرمـە بازاڕت
بەباڵای بەرز و سـوخـمـەی سـەوز و تەرزی دلبـەری تاقی
کـەوا تاقـەی عـیـراقی، زۆرە وەک یوسف خـڕیدارت[٧]
تەشـەککور لازمـە (زێوەر) لە ئاثاری وەفـا و مـیـهری[٨]
عـەجـەب تەئسـیـری کـردە ئەو دڵە ئەفـغـان و هاوارت[٩]

....

* ئەم پارچە شیعرە لە کەشکۆڵی (أ) لاپەڕە ١٣٨ وەرگیراوە.

(١) شیشە: شووشە، عەیش و نیشاطم: ژیان و هێز و توانام. چاوی سەححارت، چاوی سیحربازت.
(٢) زوننار: ئەو پشتێنەیە کە جاران پیاوە مەسیحییەکان لە پشتیان دەبەست بۆ ئەوەی لە موسڵمانەکان جوێ بکرێنەوە. مەبەستی ئەوەیە بڵێ: چۆن زوننار لە پشت بەستن نیشانەی ئەوەیە کە ئەوەی لە پشتی بەستووە موسڵمان نییە، بەو شێوە زوڵفی تۆش دین و ئیمانی لە من فڕاندووە و کردوومیە گاور و جوولەکە.
(٣) جانفزا: گیان ژێنەرەوە.
(٤) چینە: مەبەستی وڵاتی (چین)ە.
(٥) خەتایە: مەبەستی وڵاتی (خەتا)یە.
(٦) کەبکی دەری: سوێچکە.
(٧) خڕیدار: موشتەری و کڕیار: ئاماژەیە بۆ کڕینی عەزیزی میسر کە لە بازاڕی میسردا حەزرەتی یوسفی کڕی گوایە لەبەر جوانی ئەوەندە موشتەریی زۆر بووە هەر کەسە لە عاست خۆیەوە چی هەبوو بردی بۆ بازاڕەکە بەهیوای ئەوە یوسف بکڕێ تەنانەت دەڵێن پیرێژنێک دوو گلۆڵە مووی هەبوو ئەویش چووبوو خۆی کردبوو بەکڕیار، لێیان پرسی پیرێژن! کوا بەم دوو گلۆڵە مووە یوسف دەکڕدرێ لە وەڵامدا پیرێژن وتی: خۆ ئەگەر بۆشم نەکڕدرێ پێم دەڵێن موشتەری یوسف بووە.
(٨) میهر: خۆشەویستی.
ئەفغان: ناڵە و گریان.

ئەنجومەن ئارایە*

ئەنجومەن ئارایە ڕووی ئەنوەرت(١)
تووتیایە بۆ بەصەر خاکی دەرت(٢)
زەمزەمە یا کەوثەرە چاهی زەنەخ(٣)
لەعلە یا یاقووتە لێوی ئەحمەرت(٤)
کەسبی هاڕووتی ئەکا چاوی ڕەشت(٥)
چەندە فەتتانە جەمالی ئەسمەرت
بێ سەبەب لێم زوێر ئەبی لێم دوور ئەبی
جان و دڵ هەردوو بەقوربانی سەرت
حوسنی بێ پەردەت پەسەندی عالەمە
بێ موبالاتی لە زیب و (زێوەر)ت(٦)

....

* ئەم شیعرە لە ل١٣٩ی کەشکۆڵی (أ) و ل١٥ی کەشکۆڵی (ب) و گۆڤاری بەیانی ژمارە ١٣٧ ل٢٠دا هەیە.
(١) ئەنجومەنی ئارا: مەجلیس ڕازێنەرەوە. ئەنوەر: ڕووناک.
(٢) توتیا: کل، سورجە. بەصەر: چاو. خاکی دەرت: خاکی بەردەرگات.
(٣) چاهی زەنەخ: چاڵی چەناگە.
(٤) لێوی ئەحمەرت: لێوی سوورت.
(٥) هاروت: یەکێکە لەو دوو فریشتەیە کە لە قورئانا ناویان هەیە و کاتی خۆی خەڵکیان فێری سیحر کردووە دوایی خوا غەزەبی لێ گرتوون و لە بیرێکا لە وڵاتی بابل سەرەوژێر هەڵی واسیون و تا ڕۆژی قیامەت دەمێننەوە بەو شێوەیە

بەهەڵواسراوی هەموو کاتێکیش تینوویانە و دەمیشیان ناگاتە ئاوی بنی بیرەکە. ئەم دووە لە ئەدەبی کۆنماندا نموونەی سیحربازی و جادووگەرین.
(٦) زیب: جوان.

چ شیرین جیلوەیێکی گرتووە*

چ شیرین جیلوەیێکی گرتووە سەوزەی کەوا شیرداخ(١)
کەوا شێر داخ ئەکا شوعلەی نیگاهێکی کە بێ گوستاخ(٢)
هوجوومی کردە مولکی دڵ سوپای موژگانی گەڕیاوە
بەمیسلی عەسکەری عوسمانیی و تەسخیرەکەی (سابڵاخ)
سوپاهی حوزن و غەم جەمعن لە لام، ئاهم فەلەک گیرە
بەڵێ بۆ زینەتی لەشکر ئەبێ ئامادەبێ بەیداخ(٣)
هەموو دڵ عەکسی تۆی بۆ خۆی بەوەجهی یادگاری گرت
لە نوسخەی موعتەبەر بێ غایەتە جۆبایی ئیستینساخ(٤)
بەیادی شەهدی لێوی دولبەری زەنبوور قەد، دائیم(٥)
سەراپا جەرگ و دڵ وا لەت لەتە تێیدایە سەد سۆراخ
کە نەگریم و نەناڵێنم لە دووریی تۆ ئەبێ چ بکەم؟
نسیبی عاشقی بێ چارە شەو گریانە ڕۆژیش ئاخ
ئەگەر ئەهلی کەماڵی ڕوو لە ئارایش مەکە هەرگیز
لە مەعنا تێفکرە، مەنوارە ڕوخسار و سەر و ساچاخ
چ ظاهیر بینن ئەهلی ئەم زەمانە فەرقی کەس ناکەن
(مونەووەر) دڵ پەرێشانە بەشانەی پۆشتە و پەرداخ
لە کەس ناترسێ بۆیە حاڵی (زێوەر) ئێستە ناپرسێ
چ موحتاجە بەمورغی خانە بازو وەحشیی سەرشاخ

....

* ئەم شیعرە لە ل١٤١-١٤٢ی کەشکۆڵی (أ) و ل١٦ی کەشکۆڵی (ب)دا نووسراوەتەوە لە ژمارە ١٣٧ی گۆڤاری بەیان ل٢٠دا بڵاو کراوەتەوە.
(١) جیلوە: دەرکەوتن، شێوە. سەوزە: گەنم ڕەنگ. شیرداخ، جۆرە قوماشێکی خەت خەتاوی سەردەمی شاعیر بووە.
(٢) شوعلە: تروسکە. نیگاه: تیلەی چاو. گۆستاخ: نەترس و پێ پەروا. داخ: بریتییە لە شیشە ئاسنێکی سەرپانی تایبەتی بەئاگر سووردەکرێتەوە هەموو خاوەن ئاژەڵێک گوێی مەڕ و بزن و حەیواناتی خۆی پێ داخ دەکا بۆ ئەوەی لە هی یەکێکی تر جیابکرێتەوە.
لەنێوان (شیرداخ) و (شێر داخ)دا جیناسی موڕەکەب هەیە، چونکە یەکەمیان یەک وشەیە و دووهەمیان دوو وشەی بەیەکەوە بەستراون.

(٣) واته: لەشکری خەم و خەفەت لە دەورم کۆبوونەتەوە و دووکەڵی هەناسەم بەرزبۆتەوە بۆ عاسمان، دیارە ئەمەش شتێکی سروشتییە چونکە بۆ ڕازاندنەوەی لەشکر ئاڵا پێویستە. کەوابوو دووکەڵی هەناسە بووەتە ئاڵای لەشکری خەم و خەفەتم.

(٤) واتە: دڵم وەکو کامێرەیەکی فۆتۆگراف وێنەی تۆی بۆ یادگار گرتووە و بەس، نەک بەو هیوایە کە بیرۆشی بەو وێنەیە بێ و واز لە تۆ بێنێ چونکە تۆ بۆ خۆت نوسخەی ئەصڵیت و وێنەی دڵم ئیستینساخە دیارە تا نوسخەی ئەصڵی ببێ نوسخەی گیراوە ئیعتیباری پێ ناکرێ چونکە فەرقی ئەم و ئەو عاسمان و ڕێسمانە.

(٥) شەهد: هەنگوین، شیرینی. زەنبوور قەد: قەدباریک. زەنبوور: زەردەواڵەیە، یان شامە تزینکەیە کە هەردووکیان قەد باریکن شاعیران بەکاریان هێناوە بۆ ئافرەتی قەد باریک.

کەسێ تەشبیهی باڵای تۆ..*

کەسێ تەشبیهی باڵای تۆ بەسەرووی نەونەمامی کرد
زمانی لازمە ببڕن بلێێن تەرکی کەلامی کرد
لە بەردەم کەعبەیا گەر مەنعە، صەبیادیی لە بەرچی بوو
لەبەر میحرابی ئەبرۆتا دوو چاوت قەتڵی عامی کرد!
بەمەدحی ڕووی و مووی و قامەتی ڕێکت زمان لاڵە
ئەگەرچی دڵ بەپەنهانی خەیاڵێکی تەمامی کرد
ئەتۆی ڕۆژێ کە پێت دانا لە خانەی سینەما دڵ ڕۆی
عەجائیب قەدری میهمانی نەگرت و زوو قیامی کرد
مەڵێن: مورغی دڵت بۆچی گرفتاری نیگارت بوو
بە غەممازیی هەزارێکی وەها مەحبووسی دامی کرد
نیگاهێکی نەکردە قەلبی زارم دولبەرم ئەمڕۆ
وەکو ئاهوو، وەکو تاووس بەبەر چاوما خەرامی کرد
صەبا! گەر تۆ بەکۆی جانانە واصڵ بووی بڵێ: (زێوەر)
لە حەسرەت ئیشتیاقی تۆ بەجارێ تەرکی کامی کرد

....

* ئەم شیعرە لە ل١٤٢-١٤٣ی کە کەشکۆڵی (أ) و ل١٧ی کەشکۆڵی (ب) نووسراوەتەوە، هەروەها لە گۆڤاری بەیان ژمارە ١٣٧ ل٢٠دا بڵاو کراوەتەوە.

مورغ: باڵندە. گرفتار: دووچار. غەمماز: توانج گر. هەزار: بولبول. ژمارەیەکی دیاریکراویشە. مەحبووس: بەندکراو. دام: داو. قەلبی زار: دڵی نارەحەت و بریندار. ئاهو: ئاسک. خەرام: کردەوەیێکە کە لە ڕووی نازەوە بێ کینایەیە لە ڕۆیشتنی بەناز و لارولەنجە. صەبا: شنەبای بەیانی. کۆی جانانە: هەوار و مەندەڵی خۆشەویستان. کام: ئارەزوو.

زاهید وەرە*

زاهید وەرە ئەمجارە بکەن تەرکی هەموو کار(١)
بێنە نەزەری دولبەری پڕ دانشی عەییار(٢)

ئەی شێخ و مەلا پیر و جوان ئێوە لەبەرچی
نایێنە تەماشا و نیگەهی ڕۆژی دووسەد جار
شەو ڕۆژە، بەڕۆژ، ڕۆژ ونە، حەیران لە فەلەکدا
وەختێ کە لە ماڵ بێتە دەرێ تورکی ستەمکار(٣)
ڕوومەت گوڵ و موو سونبول و قەد وەکو عەرعەر(٤)
بۆ سەیری ئەوەستێ لە سەما سەبعەی سەییار(٥)
میحرابی برۆی جووتە وەکو قەوس و موژەی تیر
تێی کردووە ڕوو ئەرمەنی و شیعەو و کوففار
ئەی دڵ بەعەبەث ناڵەی بێ فائیدە بۆچی
تەئسیری نییە ناڵەی عاشق لە دڵی یار
زێوەر! بەسە زاری کە لە زاریت هەموو عالەم
بێزارن و غەمبارن و ئەندوە و دڵ ئازار

....

* ئەم شیعرە لە ل١٤٤-١٤٥ی کەشکۆڵی (أ)دا نووسراوەتەوە لە ل١٨ی کەشکۆڵی (ب)یشدا هەیە.

(١) زاهید: صۆفی بەڕواڵەت خواپەرست.

(٢) دانش: عەقڵ و کارەمایی. عەییار: زۆرزان تێهەڵاتوو چاوبەست و پیاو خەڵەتێن.

(٣) تورک: لە ئەدەبی کۆنماندا بەمانا جوان و ڕێکوپێکییە. ستەمکار: زۆردار و زاڵم.

(٤) سونبول: سمڵ، گوڵی سمڵ. عەرعەر: سەرووی کێوی، درەختێکە کەمێک لە سەرووی عادەتی کورت و بچووکترە.

(٥) سەبعەی سەییارە: (السبعة السيارة): حەوت ئەستێرەن: (عطارد، الزهرة، الأرض، المريخ، المشتري، زحل، أورانوس). ئەمەیان ساڵی ١٧٨١ زانایەک کە ناوی (هرتسل) بوو دۆزییەوە دوو ئەستێرەی تریش دۆزراونەوە (نبتۆن و بلوتون) نبتۆن ساڵی ١٨٤٦ی ز (لی فرییە) دۆزیەوە. (بلوتون)یش ساڵی ١٩٣٠ی دۆزرایەوە واتە: وێنە و نیگاری یارم وەکو مێرگ و مێرغوزارێکە هەموو جۆرە شتێکی جوان و بۆنخۆشی لە خۆگرتووە و بەڕوومەتی وەکو گوڵی و کەزیەی بۆن خۆشی و قەدی ڕاستی عەرعەری نەک تەنیا بنیادەم و خاوەن عەقڵ و فامی سەرسام کردوون و بەس، بەڵکو ئەستێرە گەڕۆکەکانیشی هێناونە سەیر و تەماشا کردن.

یەک لەحظەی ویصالت*

یەک لەحظەی ویصالت ئەی ماهی میهر پەروەر(١)
نایدەم بەتەخت و تاجی داراو و موڵکی سەنجەر(٢)
کێ بێ بەڕابەرت بێ، موژگانی خەنجەرینت(٣)
جەوهەر دەبا لە خەنجەر، خەنجەر ئەدا لە جەوهەر(٤)
یاڕەب حەیاتی ئێمەی بۆ خستە ناو هیلاکەت
دەم چەشمەی حەیاتم مەحبووبی چیهرە ئەسمەر(٥)

هەرکەس بەدەردی عەشقت سووتا دەروونی ڕوونی
بۆ ئاتەشی مەصائیب دەڕوا وەکو سەمەندەر(٦)
ماددەی نیشاطی ئێمە یا هیجرە یا گرینە
بۆ فیعلی عاشقانتا، ئەو شۆخە بۆتە: مەصدەر
مەنوێنە دیدە جانا، بنوێنە ئاینەی ڕوو
تا ڕووی ببێتە بەر بەند ئایینەی سکەندەر(٧)
دەنووکی وەک قولنگە بۆ سەطحی صەفحەی گوڵ
بولبول ئەگەر ببینێ یەک دەفعە ڕووی دولبەر(٨)
(زێوەر) لە تەعنی زاهید بێ باک و بێ خەیاڵە(٩)
کەی خەوف ئەکا لە مالووم ڕەند مەشرەبی قەلەندەر(١٠)

....

* ئەم شیعرە لە ل١٤٣-١٤٤ی کەشکۆڵی (أ)دا نووسراوەتەوە.

(١) لەحظە: چاوترووکاندن. ویصال: پێ گەیشتنت. ماهی میهرپەروەر: مانگی ڕۆژپەرست.

(٢) دارا؛ داریوش کودومان: پاشای ئێران بووە ساڵی ٣٣٥-٣٣٠ پ.ز کوڕی داریوشی دووەم بووە. ئەسکەندەری مەکدۆنی ساڵی ٣٣٣پ.ز بەسەریدا زاڵ بوو.

(٣) خەنجەرین: خەنجەر ئاسا، تیژ وەکو خەنجەر.

(٤) (جەوهەر)ی یەکەم: ئەو خاڵ و پەڵەپەڵانەیە کە بەسەر خەنجەری دەبانەوە دەبینرێ بەتایبەتی کاتێ کە مشتومال دەکرێ. (جەوهەر)ی دووەم مەبەستی جوزئی لایەتەجەززایە کە قبووڵی کەرت کردن ناکا، مەبەستی ئەوەیە ئەوەندە تیژە جەوهەر دەپێکێ.

(٥) چەشمە: سەرچاوە. چیهرە: ڕوخسار.

(٦) ئاتەش: ئاگر. سەمەندەر: گیانلەبەرێکە لە شێوەی مارمێلکە لە ناو ئاو و وشکانیشا دەژیا هەر کاتی بگاتە ئاگر ماددەیەک لە لەشی خۆی دەردەکا ئاگرەکەی پێ دەکوژێنێتەوە لەم ڕووەوە گوتوویانە سەمەندەر گیانلەبەرێکە لەناو ئاگرا ناسووتێ.

(٧) ئاینەی سکەندەر: ئاوێنەی ئەسکەندەر، دەڵێن ئەسکەندەری مەکدۆنی ئاوێنەیەکی هەبووە هەموو دنیای تێدا دیار بووە.

(٨) واتە: ئەگەر بێتو بولبول جارێ ڕووی یار ببینێ بێ شک گوڵی پێش چاو دەکەوێ و بەدەندووکی شڕوڕی دەکا و دەیخاتە لاوە.

(٩) تەعن، طەعن: تانە و سەرزەنشت.

(١٠) مالووم: پیاوی ئایینی جوولەکانە. قەلەندەر: دەروێش، کەسێک هیچ شک نەبا دەستی لە دنیا شتبێ.

چاوی وەک بادامی تۆ*

چاوی وەک بادامی تۆ عومری بە با دام ئەی پسەر(١)
ئاگرت بەردایە خەرمانی وجوودم وەک شەرەر(٢)
ظولمەتی ئابی حەیاتە گیسووانی عەنبەرین(٣)
یا وەکو «هالە» لە ناوخۆی گرتووە شوعلەی قەمەر(٤)

دەم بەدەم هەر لەحظە، هەر ساتێ ئەناڵێنم بەجۆش
ئەی خوا ساکەی حەبیبم سەر لە ماڵ بێنێتە دەر؟
صەبر و هۆشم چوو بەتاڵان ئەقڵ و فامیشم نەما
لەشکری دەرد و فیراقت حەملەیان هێنامە سەر
بەس ببارێنە سوروشک ئەی دیدە ڕەنجت بوو عەبەث(٥)
بەس بناڵێنە ئەتۆ ئەی دڵ لە یار ناکا ئەثەر
ئیلتیفاتێکی نەماوە گاهێ گاهێ دلبەرم
بۆ نەکەم خاکی هەموو دنیا بەسەر، خاکم بەسەر!
ئینتیخابی کردووە (زێوەر) لە دنیادا یەکێ
دەستی لێ هەڵناگرێ گەر بێتە ڕێی سەد شۆڕوشەڕ

....

* ئەم شیعرە لە ل١٤٥-١٤٦ی کەشکۆڵی (أ) وەرگیراوە.

(١) پسەر: کوڕ. لە نێوان (بادام) و (با، دام)دا ڕەگەزدۆزییەکی جوان هەیە.

(٢) خەرمانی وجوودم: خەرمانی تەمەنم. شەرەر: پریشکە ئاگر.

(٣) ظولمەت: تاریکی. ئاب: ئاو. گیسووانی عەنبەرین: زولفی بۆن خۆش وەک بۆنی عەنبەر. واتە: زولفی ڕەش و بۆن خۆشت کەوا دەم و چاوی داپۆشیوی تاریکایی دەورەی ئاوی حەیاتە؟ ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە دەڵێن: ئاوی حەیات لە تاریکاییدایە.

(٤) هالە: ئەو شێوەیە کە مانگ خەرمانە دەدا و هەوری ڕەش دەوری دەدەن و تاهەورەکان ڕەش و پڕتر بن شۆقی مانگەشەوەکە جوانترە.

(٥) سوروشک: فرمێسک. عەبەث: بێ هوودە.

صوبحی گوڵشەن*

صوبحی گوڵشەن کەی ئەگاتە لەززەتی لەیلی ویصال(١)
شەمعی مەجلیس کەی بەرابەر بوو لەگەڵ شەوقی جەمال(٢)
پرتەوی نووری جەبینت لالەیی هەر مەجلیسە(٣)
شەوچرای بەزمی دڵانی، بێتە مەیدانی خەیاڵ
شاهراهی کۆیی تۆ هەروەک طەریقی جەننەتە(٤)
هەر کەسێ ئەو ڕێگە بگرێ هاتە سەر ڕێگەی کەماڵ
دەستی من ناگاتە داوێنت، لە ئەوجی عیززەتی
من گەدای بێ نەوا، تۆ پادشای صاحێب جەلال
دەفعەیێ سا شادمانم کە بەوەعدەی وەصڵی خۆت
تابەکەی عومرم گوزەرکا هەر لە ڕێی هیجر و مەلال

بادیەی غەم بێ دەلیلە دڵ لە ناویا کەوتووە
چاوی لوتفی خۆتی سەرخە، بێ بەسەر چەشمەی زولال(٥)
نەونیهالی ئارەزۆی هەر کەس زەڕە گەر بێ زەڕە
ئیعتیباری هەر کەسێکە «زێوەر» ئێستا نەقد و ماڵ

....

* ئەم شیعرە لە ل١٤٨-١٤٩ی کەشکۆڵی (أ) وەگیراوە.
(١) صوبحی گوڵشەن: سەیر و سەفای ناو باخ دەمەدەمی بەیانی و پێش هەتاو کەوتن کە ئەوکاتە باخ و گوڵزار خۆ بەجوانی دەنوێنن. لەیلی ویصاڵ: شەوی بەیەک گەیشتنی دوو دڵ و دڵخواز و خۆشەویست.
(٢) شەمعی مەجلیس: چرای مەجلیس. شەوقی جەماڵ: شۆقی جوانی یار.
(٣) پڕتەو: ڕووناکی. جەبین: ناوچاوان، ڕوخسار. لالە: گوڵێکی جوان و بەشۆقە بەزۆری لە جێگای تەڕ و شێداردا دەڕوێ بەعەرەبی (شقائق النعمان)ی پێ دەگوترێ گەلێ جۆری هەیە سێ پەڕ، پێنج پەڕ، ماڵیش و کێویشی هەیە کێوییەکەی پەڕەکانی سوور و بنی پەڕەکانی خاڵێکی ڕەشی پێوەیە.
(٤) شاهراه: شا ڕێ. کۆ: کەژ و کێو
(٥) دەشێ ئەم نیوە دێڕەی دووەم بەم جۆرە بێ، (چاوی لوتفی خۆتی سەرخە بیبە سەر چەشمەی زولال).

هەرگیز*

هەرگیز نەبووم بەخۆشیی ئەم کائیناتە مائیل(١)
ئیللا لە گەردنی تۆ دەستم بکەم حەمائیل(٢)
دەریای غەم شەپۆلی یەلکانی جیسمی هەڵدا(٣)
تێک چوو وجوودی نابوود، کەوتۆتە گێژی هائیل(٤)
ساقی بەعەشقی پیرت چاوم لە دەستی تۆیە(٥)
دەستی کەرەم پەیاپەی مەگرە لە مەردی سائیل(٦)
ئەی عاریفی حەقیقەت، وەی سالیکی تەریقەت(٧)
پیری موغان پەنایە بۆ حەللی هەر مەسائیل(٨)
عەکسی جەماڵی جانان شەوقی لە هەر دڵێ دا
گەر کێوە زوڵمەتی غەم زوو بوو وجوودی زائیل
هەر ناڵە ناڵی دڵمە وەک قومرییێکی بێ باڵ(٩)
تاکەی ببێ بەوەصڵی ئەو سەر و قەددە نائیل(١٠)
دیسان ڕەقیبی وەک سەگ ڕووی کردە ئاسکی ماڵی(١١)
کوا صاحیبی دیانەت مەنصووصە دەفعی صائیل(١٢)
عومدەی مەرامی عاشق جەلبی دڵی نیگارە
وەک فەزڵەیە لە لای ئەو، سیم و زەڕ و فەضائیل

چۆن نامەیێ بنووسێ وەختی فیراقی جانان
(زێوەر) کەوا سوروشکی وەک سەددە، بۆتە حائیل

....

* ئەم شیعرە لە ل١٤٩-١٥٠ی کەشکۆڵی (أ) وەرگیراوە.
(١) مائیل: ئاواتەخواز.
(٢) حەمائیل: ئەوەی ڕاست و چەپ لە مل کرابێ وەک فیشەک لەغ و شمشێر و تەسبیحی دەروێشان و دوعای لە کیف گیراو و شتی وا.
واتە: هەرگیز من بۆ خۆشی و ژیان بەسەربردن لەم بوونەوەرەدا ئاواتە خواز نەبووم و، نابم مەگەر بۆ ئەوە کە خوا بۆم بڕەخسێنێ دەستم لە گەردنی تۆ لاونیو وەربهێنم و لە ئامێزت بگرم.
(٣) یەلکان: مەنجەنیق.
(٤) هائیل: ترسناک.
(٥) ساقی: گەنجی شەراب گێڕ. پیرت، پیر: مەبەست پیری مەیخانەیە.
(٦) سائیل: سواڵکەر.
(٧) عاریفی حەقیقەت: عارف: بەشێخێکی پێگەیشتوو دەڵێن. سالیک ڕێڕەو. طەریقەت: تەریقەت: ڕێ و شوێن و دابونەریتی صۆفیانە و دەروێشانە.
(٨) پیری موغان: پیری سەر گەورەی موغەکان.
(٩) قومری: باڵدارێکی خاکییە لە کۆتر پچووکترە جووت جووت بەیەکەوە دەژین.
(١٠) نائیل: بەمراد گەیشتوو.
(١١) ڕەقیب: بەدکار، ئەو کەسەی جاسووسی بەسەر دوو دڵداری عەشقەوە دەکا. ئاسکی ماڵی: مەبەست کچی جوان و تازە پێگەیشتووە.
(١٢) صائیل: هەڵمەت بەر. مەنصووصە دەفعی صائیل: واتە لە ئایینی ئیسلامدا گێڕانەوە و دەرکردنی هەڵمەت هێنەر بۆ سەر گەنج و خەزێنە دەقێکی چەسپێنراو و بنەڕەتییە لە قورئان و حەدیثدا هەیە.

لە گۆشەی حوزنەدا...*

لە گۆشەی حوزنەدا ماوم، زەلیلی کونجی هیجرانم
دڵی خۆم زۆر بەخۆم سووتا لە چاوی پڕ لە گریانم(١)
ئەگەر حاڵم ئەپرسی -دوور لە چاوت- کوێرە بیناییم
بەڕەنگی پەرچەمت ئەمڕۆ سیيەه ڕۆژ و پەرێشانم(٢)
هەتاکەی مەستی خوابی غەفڵەتی ئەی بەخت، ئیمدادێ
لە تەئثیری منیش یەکبارە شێواون ڕەفیقانم(٣)
قوصوورم گەر هەیە قوربان وەرە ئەمجارە بمبەخشە
هەچی کردوومە، کردوومە، پەشیمانم، پەشیمانم(٤)
بە نیمە نازەکەت ڕوحم، بەنیمە خەندە دڵ حازر
خەیاڵی خام نەکەی هەرگیز ئەمن هەر عەبدی جارانم(٥)

بەمیثلی مووری بێ چارە لەبەرپێی هەر کەسا کەوتووم
هەتا ڕەنجیدە خاطر بێ لە من شاهی (سلێمانم)(٦)
مەڵێ (زێوەر) چییە، بێ جەوهەرە من تالیب بەئەو نابم
لە بۆ قەتعی غەمی قەلبت وەکو تیغی خوراسانم

....

* ئەم شیعرە لە ل١٥٢-١٥٣ی کەشکۆڵی (أ)دا نووسراوەتەوە هەروەها لە ل٢٥ی کەشکۆڵی (ب)یشدا هەیە، لە گۆڤاری (بەیان)ی ژمارە ١٢٧، لاپەڕە ٨٠ شدا بڵاوکراوەتەوە.

(١) کونجی هیجران (کەشکۆڵی أ) دەشتی هیجران سەرچاوەکانی تر.

(٢) سییەه ڕۆژ: ڕۆژی ڕەش.

(٣) خوابی غەفڵەتی: خەوی بێ ئاگایی.

(٤) هەچی: هەرچی.

(٥) خەیاڵی خام: خەیاڵی خاو. عەبد: کۆیلە.

(٦) موور: مێروولە. ڕەنجیدە: زویر، ڕەنجاو. خاطر: دڵ.

لە کۆکردنەوەی (موور) و (سولەیمان) و (لەبەرپێ داکەوتن) ئاماژەی بۆ ئەو چیرۆکەی قورئان کردووە کە لە سوورەتی (نمل)دا دەیگێڕێتەوە: کە کاتێ سولەیمان و لەشکرەکەی بەدۆڵێکدا دەڕۆیشتن لە شارە مێرووەیەک نزیک بوونەوە مێروولەیەک بەمێروولەکانی تری گوت (... ياأيها النمل ادخلو مساكنكم لايحطمنكم سليمان وجنوده وهم لايشعرون) «سوورەتی نەمل ئایەتی ١٨». واتە ئەی کۆمەڵی مێروو هەریەکەتان بچێتەوە شوێنی خۆی با سلێمان و لەشکرەکەی پانتان نەکەنەوە و نەتان پروێنن.

لا بوون لە پەیوەندی*

١٩٢٢م

قیمەتی باخی بەهەشتە غونچەیی خەندانی خۆم
حەسرەتی ئاوی حەیاتە قەترەیی گریانی خۆم(١)
تۆبەیێکم کردووە وەک کێوی ئاسن مەحکەمە
تا لە دونیادا بمێنم عەشقی چاومەستانی خۆم
نیعمەتی دنیا سەراسەر با لە بۆ تۆ بێ ڕەقیب(٢)
بەسمە تەنها فیکری بیکر و جیلوەیی جانانی خۆم(٣)
دەشتی تەنهایی چ خۆشە بۆ منی پڕ غائیلە
چونکە تەنها غار ئەکەم هەم ئەسپ خۆم مەیدانی خۆم
تازە تەڵقینم ئەکەی لادەم لە عەشقی گوڵ ڕوخان(٤)
تووخوا لێم لادە واعیظ دینی خۆم ئیمانی خۆم(٥)

من بەسەد ئیسویچرە و چین و خەتای ناگۆڕمەوە(٦)
ئەرخەوانی گردی سەیوان، ئاوی کانێسکانی خۆم(٧)
بۆچی بوختان کەم کە شەیتانە گوناهم پێ ئەکا
من چ شەیتانم نییە هەر نەفسمە شەیتانی خۆم
بۆیە زۆر پێم خۆشە پیریی و خەمیدە قامەتی
چونکە دەستم هەر دەگاتە گۆشەیی دامانی خۆم
سەیلی عیصیانم ئەگەر دیجلە و فوراتە قەترەیە
سەددەیی ڕێگەی نەجاتە پاشای گەیلانی خۆم

....

* ئەم شیعرە لە ل٣٢-٣٤ی سۆزی نیشتماندا چاپ کراوە.

(١) ئاوی حەیات: کانییەکە ئەڵێن هەر کەسێ لێی بخواتەوە نامرێ.

(٢) ڕەقیب: بەدکار، ئەوەی بەدکاریی لەنێوان یاران و دڵداران دەکات.

(٣) فیکری بیکر: بیری ورد و تازە پەی پێ بردووە.

(٤) گوڵ ڕوخ: بەکەسێ دەوترێ دەم و چاوی وەکو گوڵ سوور و نازک بێ.

(٥) واعیظ، واعظ: ئامۆژگاری کەر.

(٦) ئیسویچرە: سویسەرە. خەتا: ناوی کۆنی سەرووی وڵاتی چینە کە بەناوبانگە بەبۆنی خۆشی میسک.

(٧) نەجمەدین مەلا دەڵێ: (لەم نیوە شیعرەدا ئەرخەوانی گردی سەیوان و ئاوی کانی ئاسکان ئەبێ ورد بکرێتەوە. چونکە خۆمان ئەیزانین بەڵام پێویستە خاوەر شوناس موستەشریقێکیش بیزانێ.

ئەرخەوانی گردی سەیوان: گردی سەیوان گۆڕستانی شاری سلێمانییە، ئەرخەوان: درەختێکی بێ بەرە بەگردی سەیوانەوە بەزۆری ڕواندراوە لە بەهاردا گوڵێکی ئاڵ ئەکا زۆر جوانە. کانی ئاسکان گەڕەکێکی سلێمانییە ئاوێکی خۆشی هەیە بەڵام لە شیعرەکەدا «کانی سکان» ئەخوێنرێتەوە.

لە هیجرا*

لە هیجرا ڕوو لەساقی و شیشەیی صەهبا نەکەم چ بکەم
وجوودم گەر بەفەرشی مەیکەدە و مینا نەکەم چ بکەم؟(١)
لە ناو طۆفانی ئەفکارا نەهەنگی (لا الە) هەستێ
تەشەببوث گەر بەکەشتیی نووحی (إلا الله) نەکەم چ بکەم؟(٢)
مەتاعی حوسنی ئەو مەحبووبە نەقدی داغ و سەودایە
لە بازاڕی موحەببەتدا بەڕۆح سەودا نەکەم چ بکەم(٣)
ئەوا مەحروومی خۆی کردم، دڵی بردم، دەری کردم
بە سۆزی دڵ هەموو دەم ڕوو لە قاپیی خوا نەکەم چ بکەم

له هەرلا ضەبطی ناکەم موددەعی تا تۆ ڕەئیسم بی
بە قانوونی مرووەت گەر ڕەجا ئیجرا نەکەم چ بکەم
بە ڕوتبەی وەصڵی ئەو ناگەم ئەگەر عومرم هەموو دانێم
لە دەست ئەو زاڵمە لەم کارە ئیستیغنا نەکەم چ بکەم(٤)
ئەڵێن: ئەوراقی زوڵمی تۆ تەواو نابێ بەتەحریرات
وەکو (زێوەر) بەتەقریر گەر ئەدای مەعنا نەکەم چ بکەم(٥)

....

* ئەم شیعرە لە ل١٥١-١٥٢ی کەشکۆڵی (أ) و هەروەها ل٢٥ی کەشکۆڵی (ب)دا نووسراوەتەوە. لە گۆڤاری (بەیان)ی ژمارە ١٢٧ ل ٨٦یش دا بڵاوکراوەتەوە.

(١) هیجر: دووری لە یار. ساقی: مەی گێڕ. شیشە: شووشە. صەبا: مەی. مەیکەدە،: مەیخانە. مینا: شووشە و پیاڵە.

(٢) نەهەنگی (لا الە): مەبەستی کوفر و خوانەناسییە. تەشەببوث: دەستەودامان.

(لا الە) بۆ خۆی نەفییەکی گشتییە ئەگەر بەتەنها بگوترێ (کوفرە) چونکە نەفی هەموو پەروەردگارێک دەکا. بەڵام وتنی (الا اللە) نەفییە گشتییەکە خاص دەکا، بوون و وجوود بۆ پەروەردگارێکی خاوەن توانای حەق دەچەسپێنێ، کەوابوو (لا الە) بەتەنیا وەکو تۆفان و شەپۆڵی دەریا و نەهەنگی لەناوبەر وایە پێویستی بەکەشتی ڕزگار بوون هەیە. جا لێرەدا شاعیر دەڵێ: ئەگەر لە نێو تۆفانی فکر و ئەندێشەدا نەهەنگی سامناکی خوا نەناسی و گومڕایی دەوری من بدا، ناعیلاجم دەستەودامێنی وتنی (الا اللە) ببم ئیعتیراف بەبوونی خوایەکی عالم و زانا و خالّی لە هەموو خەوش بکەم کە ئەم ئیعتیراف و دان پیانانە وەکو کەشتی نوح وایە ڕزگارم ئەکا لەو تۆفان و دەردی سەرییە. دەی کە وا نەکەم چی بکەم و چارم چییە ؟!

(٣) (سەودا)ی یەکەم بەمانا عەشق و ئەوینە. (سەودا)ی دووەم بەمانا کڕین و فرۆشتنە، لە نێوان دوو وشەی (سەودا) و (سەودا) دا جیناسی چوون یەک هەیە.

(٤) ئیستیغنا (کەشکۆڵی) (أ) ئیستیعفا (بەیان) ئیستیغنا: واز لێهێنان.

(٥) گەر (کەشکۆڵی) (أ) ئەر (بەیان).

بەم فیرقەتی تۆ . .*

بەم فیرقەتی تۆ هەروەکو دێوانە دەناڵم
بەرقی غەمی تۆ ئاگری بەرداوەتە ماڵم
پەروانەم و پەروای سەری خۆم نییە بێ تۆ
دێوانەم و سەحرا بووەتە خانەو و ماڵم
پەنجەم وەکو تیشە لە فیراقت لە فەرق دا
فەرهادم و کوا ئەرمەنیی دیدە غەزاڵم؟(١)
خاڵی سیەهت کەوتە ئەسەر لەعلی بەدەخشان
بۆ نەیکەمە قوربانی لە بت فیکر و خەیاڵم(٢)
بۆ پەرچەمی پڕ چینی ئەتۆ ڕۆحە فیدای بێ
بۆ قیمەتی ماچێکە دەبەخشم سەر و ماڵم

هەرچەندە کە طوڕڕەی وەکو ڕێحانەی باغە
پابەندی ئەوێ نیم و ئەسیری خەت و خاڵم(٣)
هیجرانە لە یاران و ڕەفیقان و عەزیزان
مەعلوومە کە وەک قومریی بێ چارە دەناڵم(٤)
دوێنێ کە لە جانیب منەوە تووشی خەفەت بووی
یاڕەببی دەسی من بخەیە کۆتەی زاڵم(٥)
مەشغوولی خەیاڵی لەبی لەعلی نمەکینە
ساعات و دەقیقە، شەو و ڕۆژ و مەه و ساڵم(٦)
ڕەحمت لە دڵا بێت و نیگاهێ بەسە بۆ من
گاهێ بەغەڵەط تۆ خەبەرێ بگرە لە حاڵم
(زێوەر) بەتەمای میهر و وەفای تۆیە ئەگەرچی
نەی دیوە بەجوز یاری جەفا پیشەو و زاڵم(٧)

....

* ئەم شیعرە لە گۆڤاری (بەیان)ی ژمارە ١٢٧وەرگیراوە.

(١) تیشە: تەشوێ. فیراق: دووری. فەرق: ناوەڕاستی تۆقە سەر. ئەرمەنی: شیرینی ئەرمەن، دڵداری فەرهاد. دیدە غەزال: چاوی وەکو چاوی ئاسک جوان.

(٢) خاڵی سیەهت: خاڵی ڕەشت. لەعل: بەردێکی سووری گرانبەهایە لەکان دەردەهێنرێ. بەدەخشان: وڵاتێکە لە ڕۆژهەڵاتی باشووری ئێرانە بە کانی لەعل بەناوبانگە. لێرەدا لەعلی بەدەخشان: مەبەست لێوی ئاڵ و سوورە.

(٣) طوڕڕە: زولفی پێچ پێچ و لوول. پابەند: قاچ بەستراو.

(٤) قومری: باڵدارێکی خاکییە لە کۆتر پچووکترە.

(٥) کۆتە: کۆت و زنجیر.

(٦) لەب لێو. لەبی لەعلی. لێوی سوور وەکو لەعل. نمەکین: پاراو و بەتام و مەزەدار. مەه و ساڵم: مانگ و ساڵ.

(٧) میهر و وەفا: خۆشەویستی و ئەمەکداری، هەروەها (میهر) و (وەفا) ناوی دوو دڵداری ئەوینن وەکو مەجنون و لەیلا، شیرین و خەسرەو، شیرین و فەرهاد، وامیق و عەزرا، بەهرام و گوڵەندام، مەنیجە و بیژەن.

چریکەی بولبولی دڵ*

چریکەی بولبولی دڵ، شۆڕشی ئەفغانی پڕ جۆشم
چ خۆشە! گەر بگاتە سەمعی یاری مەست و مەدهۆشم؟!
بە نەشئەی چاوەکەی مەستم، کەوا ئوفتادەیی خاکم(١)
وە گەر نە عالەم ئەیزانێ نە بەنگ کێشم نە مەی نۆشم
لە داغی لالەیی چیهرەی ئەرێژێ دیدە سەیلی خوێن
لە حەسرەت سونبولی زوڵفی وەکو عەبدی سیاپۆشم(٢)

له هیجری خوسرەوی خووبان و شیرینی زەمان هەرگیز
نە کیسا و باربود ئەم شەو صەدای نایێتە بەر گۆشم[٣]
نەوەک هەر کوشتەی تەعنەی ڕەقیب و تیری ئەعداتم
ذەلیلی تالیعی خۆم و ئەسیری پەرچەمی تۆشم[٤]
مەڕەنجێ گەر دەهان بەستە و زوبان لاڵم لە خزمەتدا
لە گریە و ناڵە و شێوەن وەکو پەروانە خامۆشم[٥]
چ موحتاجە بە (زێوەر) ئەو کە ماه و شاهی خووبانە
فەریدی عالەمە، بۆیە بەجیلوەی قەددی مەدهۆشم[٦]

....

* ئەم شیعرە لە کەشکۆڵی (أ) ل٠١٥٠-١٥١دا نووسراوەتەوە لە گۆڤاری بەیان ژمارە ١٢٧ ل٨٠شدا بڵاو کراوەتەوە.

(١) ئوفتادە: کەوتوو.

(٢) لالە: گوڵی لالە. چیهرە: ڕوخسار. سەیل: لافاو. سونبولی زولفی: واتە زولفی کە وەکو سونبول وایە لە شێوە و شکل و بۆندا. عەبد: کۆیلە. سیا پۆش: ڕەش پۆش.

(٣) خەسرەوی خووبان: پاشای جوانان. لە کۆکردنەوەی (خەسرەو و شیرین)دا ئاماژەی کردووە بۆ چیرۆکی دڵداریی شیرین و خەسرەو. نەکیسا و بار بوو: دوو گۆرانیبێژی سەردەمی خوسرەوی پەروێز بوون، یان دوو ئامێری مۆسیقان.

(٤) تەعنە، طەعنە: تانە و لۆمە. ڕەقیب: بەدکارو ناحەزی نێوان دڵداران. ئەعدا: دوژمن. تالیع = طالیع: بەخت و شانس.

(٥) دەهان: دەم.

(٦) ئەو کە ماه و شاهی خووبانە: ئەو کە مانگ و پاشای جوانانە.

ئەی دولبەری شیرین*

ئەی دولبەری شیرین سوخەنی غونچە دەهانم!
لەو وەصفی دەمی بەستەیەتە، بەستە زوبانم[١]
بێزارم و بێ زاریی شەوم نەبووە کە بڕوا
بێ طەلعەتی ئەو شەمسەمە تاریکە ژیانم[٢]
بۆ سەیری ڕوخی ئاتەشییەت! بوومە مەجووسی
لەم عەصرە منیش واریثی زەردەشتی زەمانم[٣]
چاوت کە «گەلاوێژ»ە «سووها» ڕەنگە گەلاوێژ
هەر دەربکەوێ لەرزە ئەخاتە دڵ و گیانم[٤]
تەصویری گوڵ و باخچە ئەکەن غەیری گوڵی ڕووت
حەیرانی غەڵەت کردنی ڕەسسامی جیهانم[٥]
ئەو ڕوویی فەرەح ئاوەرە وەک فەجری بەهارە
من لەو ڕووەوە هەرچی بڵێم ڕووتە بەیانم

دوورن لە هونەر هەرچی هەیە صاحێبی دینار
مەمنوونی پەلی پینەچیی و شانی سەپانم

....

* ئەم شیعرە لە ل١٥٥-١٥٦ی کەشکۆڵی (أ)دا هەیە هەروەها لە ژمارە ١٣٧ی گۆڤاری (بەیان)یشدا بڵاو کراوەتەوە.

(١) دەهان: دەم. سوخەن: قسە و گفتوگۆ. بەستە: بەری دارێکە لە ڕەگەزی گوێز، شاعیران کردوویانە بەنموونەی دەمی پچکۆلە. شایانی باسە جیناسێکی جوانیش لە نێوان (بەستە) و (بەستە زوبان)دا هەیە.

(٢) بێزارم: ناڕەحەت و خەمناک. بێ زاریی: بێ گریان و ناڵە. لە نێوان دوو وشەی (بێزار) و (بێ زار)دا جیناسی تەوا هەیە. طەلعەت: دەرکەوتن. شەمس: خۆر.

(٣) ڕوخ: ڕوخسار. ڕوخی ئاتەشی: واتە ڕوخساری بەشۆق و بەتین و سوور وەک ئاگر.
واریثی زەرەشت: میراتگری زەردەست پێغەمبەر کە ئاگری بەشتێکی پیرۆز داناوە.

(٤) سوها: یەکێکە لە ئەستێرە نادیار و بێ شۆقەکانی کۆمەڵی حەوتەوانە (بنات النعش).

(٥) غەڵەت کردنی (کەشکۆڵی أ) - غەڵەط کاریی (بەیان).

وا مەستی مەیی...*

وا مەستی مەیی غەمزەی خوونڕێزی نیگارم
تا ماوە جیهان باقییە مەستیی و خومارم
«وامیق» بەخەیاڵاتی سەری طوڕڕەیی «عەزرا»
وەک من نەبوو سەودازەدەیی پەرچەمی یارم[١]
حەسرەت زەدەیی حوسنی «ئەیاز»ی بەنیگاهێ
صەد «غەزنەوی» ناگاتە مەقامی دڵی زارم[٢]
گیرۆدەیی «نەمرود» میزاجێکە دڵی من
بێ بت شکەنی داخڵی ناو کوورەی نارم[٣]
غەم عەینی تەمی کۆهی (دەماوەند)ە لەسەر دڵ
ئەمما بەسوروشکم وەکو (ئەڵوەند)ە کەنارم[٤]
مەقصوودی دڵم وەصفی بینای (میهر)و(وەفا)یە
بێ (میهر) و (وەفا) زەحمەتە ئارام و قەرارم[٥]
وا تێ مەگە «زێوەر» کە بەبێ ڕووی تۆ شادە
بێ تۆ شەوە ڕۆژم، بەخودا ناڵەیە کارم
دوورڕی عەدەنە طەلعەتی نیکۆیی نیگارم
سەروی چەمەنە قامەتی دڵ جۆیی نیگارم[٦]
نەخشینە بەنووکی قەڵەمی صونعی ئیلاهی
دنیا ئەگرێ قووەتی بازووی نیگارم

فیكرم هەموو ڕەنگینە لە فەیضی دڵی خوێنین
ئەی من بەفیدای خەنجەری ئەبرۆی نیگارم
ئەستێرەی ڕوخساری دڵی عالەمی سووتان
بورهانی مونەجیم بوو مەگەر ڕووی نیگارم
بیستوومە بەدام و بەشكار ئاسك ئەگیرێ
ئینسان ئەگرێ دیدەی ئاهوویی نیگارم
دەعوای شەهادەت ئەكەم و، جەننەت ئەگەر بوو
تاری كەفەنم ڕوشتەی گێسوویی نیگارم
ئەو نیعمەتە پڕ لەذذەتە ڕۆژێ، كە ببینم
دەستی من ئەسەر گەردن و ئەستۆی نیگارم
بەدبەختییە ئازادی لە زەنجیری مەحەببەت
بەم ڕەنگەیە تا سیلسیلەی مووی نیگارم
(زێوەر) بەحەذەر بە ئەمە ئاشووبە پەیابوو
ئیمان ئەدرێ قووەتی بازووی نیگارم

....

* ئەم شیعرە لە ل٢٤ی گۆڤاری بەیانی ژمارە ١٣٧ وەرگیراوە. هەروەها لە ل٢٦ی كەشكۆڵی (ب)یشدا هەبوو. وا دیارە ئەوەی بەیان لەم وەرگیراوە.
(١) وامیق و عەزراء: دوو دڵداری بەناوبانگی كۆنن وەكو لەیل و مەجنوون، شیرین و خەسرەو، شیرین و فەرهاد. شاعیری بەناوبانگی ئیرانی (عونصوری) بۆ یەكەم جار داستانی دڵداری و ئەوینی ئەم دوو قوڕ بەسەرەی نووسیوە لە دەوروبەری ساڵی ١٠٤٩ی زایینی فەصیحی گورگای كردوویە بەهۆنراوە.
(٢) ئەیاز، هەیاس: وەزیری سوڵتان مەحموودی غەزنەوی بووە زۆر عاقڵ و دانا و تێگەیشتوو بووە. غەزنەوی: سوڵتان مەحموودی غەزنەوی. دڵی زارم: دڵی نارەحەتم.
(٣) نەمروود: ئەو پاشایە بوو كە لەگەڵ حەزرەتی ئیبراهیمدا بوو بەكێشە و نیزاعیان دواییش بەمێشوولە مرد. لە شیعرەكەدا (زێوەر) ئیشارەی بۆ چیرۆكەكەی حەزرەتی ئیبراهیم كردووە، كە چۆن بتەكانی شكاند و دوایی تەورەكەی لەسەر شانی بتە گەورەكەیان دانا و، كە لێیان پرسی ئەرێ ئیبراهیم تۆ خواكانی ئێمەت شكاندووە؟ وتی ناوەڵڵا بتە گەورەكە وای لێ كردوون... دوایی مەنجەنیقیان بۆ داخست و خستیانە ناو ئاگرەوە بەڵام نەسووتا و بەسەلامەتی ڕزگاری بوو.
(٤) دەماوەند: بەرزترین لووتكەی كێوی ئەلبورزە نزیكی ٦٣٠٠م لە دەریاوە بەرزە.
ئەڵوەند: چەمێكی گەورەیە پێك دێ لە چەند ڕووبارێكی پچكۆلە كە هەڵدەقوڵێن لە كێوەكانی (ئەڵوەند كۆە). بەشێكی ئەم ئاوانە بەنێو ئێراندا دێ بەرەو ڕۆژهەڵات، هێندێكیشی بەرەو غەرب دێ لەگەڵ دیجلە تێكەڵاو دەبێ. بەڵام (زێوەر) لێرەدا دەبێ مەبەستی ڕووباری ئەڵوەندی لای خانەقین بێ.
(٥) (میهر) و (وەفا) لە نیوە دێری یەكەمدا بەمانا خۆشەویستی و وەفایە، لە نیوە دێری دووەمدا ناوی دوو دڵداری كۆنن.
(٦) لێرە بەم لاوە واتە نۆ دێرە شیعری كۆتایی قەصیدەكە لەگەڵ ئەو قەصیدەیەی كە بۆ بلەنەخشینی گوتووە یەكێكن تەنها جیاوازیی نێوانیان ئەوەیە ئەم لە جیاتی (برایم) وشەی (نیگارم)ی بەكارهێناوە.

بلە نەخشین*

دورڕی عەدەنە طەلعەتی نیكۆیی برایم
سەروی چەمەنە قامەتی دڵ جۆیی برایم
نەخشینە بەنووكی قەڵەمی صونعی ئیلاهی
دنیا ئەگری قووەتی بازوویی برایم
فیكرم هەموو ڕەنگینە لە فەیضی دڵی خوێنین
ئەی من بەفیدای خەنجەری ئەبرۆیی برایم
ئەستێرەیی ڕوخساری دڵی عالەمی سووتان
بورهانی مونەجیم بوو مەگەر ڕوویی برایم**
بیستوومە بەدام و بەشكار ئاسك ئەگیرێ
ئینسان ئەگرێ دیدەیی ئاهوویی برایم
دەعوای شەهادەت ئەكەم جەننەت ئەگەر بوو
تاری كفنم ڕووشتەی گیسوویی برایم
ئەو نیعمەتە پڕ لەذذەتە ڕۆژێ كە ببینم
دەستی من ئەسەر گەردن و ئەستۆیی برایم
بەدبەختییە ئازادیی لە زنجیرەی مەحەببەت
بەم ڕەنگەیە تا سیلسیلەیی موویی برایم
(زێوەر) بەحەذەر بە ئەمە ئاشووبە پەیابوو
ئیمان ئەدزێ قووەتی بازوویی برایم

....

ئەم شیعرە لە ل١٥٦-١٥٧ی كەشكۆڵی (أ)دا هەیە. وەكو دەڵێن بلە نەخشین لە بنەڕەتدا لە ناوچەی بادینانەوە ماڵیان هاتووە بۆ سلێمانی، ئەم كوڕە كە پێ گەیشتووە زۆر گەنجێكی جوان خاس بووە لەبەر جوانی پێیان وتووە بلە نەخشین. بەزۆری ئیشی شاگرد نانەوایی بووە. ئەوەندە جوان بووە جێی سەرنجی هەموو كەسێك بووە كە دیویەتی بۆیە مامۆستا (زێوەر) ئەم شیعرەی بەسەردا هەڵداوە. مامۆستا (بێخود)یش كردوویە بەپێنج خشتەكی. ئەم بلە نەخشینە ساڵی ١٩٨٧ كۆچی دوایی كرد.
** مامۆستا نەجمەدین مەلا دەڵێ: ساڵێك ئەستێرە شوناسێكی خۆرئاوایی بڵاوی كردەوە كەوا لە دوای چەند مانگێك ئەستێرەیەكی كلكدار هەڵدێ خۆی لە زەوی ئەدا هەموو دنیا ئەسووتێنێ كەچی قسەكەی بەدرۆ دەرچوو. ئەمجار بەقسەی مامۆستا (زێوەر) مونەجیم بەئەستێرەی ڕوخساری برایمدا قسەكەی ڕاست دەرچوو.

بەستراوی ڕاوی*

بەستراوی ڕاوی چاوی شۆخێکی نەوجەوانم
گیراوی حەلقەی داوی صەییادی عاشقانم[1]
ذەلیلی لەیلی بێ مەیل، مەجنوونی کۆهـ و دەشتم
بێ یار و کاروبارم، ڕەفیقی وەحشییانم[2]
تکا، شکا، بەجارێ شەراب و شیشەی دڵ
ئەسراری مەخفیاتم کەوتۆتە سەر زوبانم[3]
مەنوارە جوست و جۆی من، بنوارە گفتوگۆی من
شیرینە قیل و قالم مەدداحی دولبەرانم[4]
لە داغی باغی ڕووی وەک عەندەلیب ئەناڵم
تەزەروی سەروی باڵای، بێ ئافەتی خەزانم[5]
من پەستی شەستی دەستی چاومەستی دیدە شەنگم
موحتاجی باجی ماچی ڕوومەت گوڵی جینانم[6]
دڵ بۆتە «بۆتە» بۆ تۆ پڕ نار و پڕ حەڕارەت
سووتاوە دڵ ئەمێستا خەریکی حیفظی جانم[7]
هەمیشە حیلەبازی، جار جارە دڵ نەوازی
گاهێ لەسەر زەمینم، گاهێ لە ئاسمانم
(زێوەر) خولامی خۆتە، ئەم جەورە حەیفە خووتە
مەمنوونە گەر بفەرمووی: تۆ عەبدی ئاستانم[8]

....

* ئەم شیعرە لە ل١٥٥ی کەشکۆڵی (أ)دا نووسراوەتەوە لە ژمارە ١٢٧ی گۆڤاری بەیانیشدا بڵاو کراوەتەوە. پیرەمێری نەمریش لە ڕۆژنامەی (ژین)ی ژمارە ٩٤٣ی ١٨ی شوباتی ١٩٤٨ی زایینی بڵاوی کردۆتەوە. ئەم پێشەکییە کورتەشی بۆ نووسیوە و دەڵێ: «ئەمڕۆ لە کۆنە کاغەزێکا کۆنە غەزەلێکی کۆنە شاعیرێکم دۆزییەوە با تازەکان بتوانن تەرزی پێ بشکێنن». بەڵام بەتەواوی دەقی شیعرەکە گۆڕاوە لەبەر ئەوە بەپێویستی دەزانم دەقی (ژین)ەکە لێرەدا جارێکی تر بنووسمەوە و بیخەمە پەراوێزەوە. ئەمەش دەقەکەی (ژین)ە:

بەسراوی داوی چاوی شۆخێکی نەو جەوانم
گیراوی تاوی داوی ڕاوکەری عاشقانم
(١) ذەلیلی لەیلی بێ مەیل، مەجنوونی وێڵی دووجەیل
بێ یار و کار و بارم، هاوشانی وەحشییانم
(٢) تکا، شکا، بەجارێ شەراب و شووشەکەی دڵ
دەرکەوت ڕازی نیهانم، گەیشتە سەر زوبانم

(٣) لە داخی باغ و ڕاغی ڕووی بولبووم ئەناڵم
لە دووریی سەروی باڵای منم کە پڕ فوغانم
(٤) مەنوارە گفتوگۆی من، بنوارە جوست و جۆی من
شیرینە شیعر و نەثرم، مەدداحی دولبەرانم
(٥) دڵ بۆ تۆ بۆتە «بۆتە» پڕ ئاگر و بەتاوە
وا دڵ لە دەست چوو ئەمجارە خەریکی پاسی گیانم
(٦) من پەستی شەست و مەستی چاومەست و عیشوە خەستم
موحتاجی باجی ماچی ڕوومەت گوڵی جینانم
(٧) سەدبارە حیلەبازی، جارجارە دڵ نەوازی
گاهێ لەسەر زەمینم، گاهێ لە ئاسمانم
(٨) «زێوەر» غولامی خۆتە، تۆ بێ وەفایی خووتە
جارێک پێی بڵێ: وەرە، تۆی عەبدی ئاستانم

شایانی باسە کە دەقی کەشکۆڵەکە واتە ئەوەی کە ئێمە بەبنەما و ئەصڵمان داناوە لەلایەن ویصالی، (سەید موحەممەدی قەرەداغی)یەوە کراوە بەپێنج خشتەکی و لە ل٢١٠-٢١٣ی دیوانی ویصالیدا چاپ کراوە.

(١) حەلقە: ئەڵقە. صەییاد: نێچیرەوان.
(٢) کۆهـ: کەژ و کێو. وەحشی ئەو گیانلەبەرانەی لە کێو دەژیێن.
(٣) شیشە: شووشە. ئەسرار کۆی (سیڕ)ە واتە نهێنی. ئەسراری مەخفییانم: نهێنی دڵم.
(٤) جوست و جۆ: جم و جۆڵ. قیل و قال: گفتوگۆ. مەدداح: ستایشکەر.
(٥) عەندەلیب: بولبول.
تەزەرو: جۆرە چۆلەکەیەکە گۆشتی ئەخورێ، کلکێکی درێژی هەیە، پەڕ و پۆڵی جوانە، لە دارستان و کێڵگەدا ئەژیی هێلانە لە زەویدا دەکا بیست و چوار ڕۆژ بەسەر هێلکەکانییەوە هەڵدەنیشێ تا هەڵیان دێنێ، لە نێوان (داغی) و (باغی)دا جیناسی لاحیق هەیە.
(٦) شەست: لێرەدا مەبەست ئەموستیلەیەکە لە کاتی تیر ئەندازیدا کراوەتە پەنجە و ژێی کەوانی پێ گیراوە.
لەنێوان هەر چوار وشەی (پەستی و شەستی و دەستی و مەستی)دا جیناسی لاحیق هەیە، هەروەها لە نێوان (باجی) و (ماچی)دا جیناسی موزدەوەج هەیە.
(٧) بۆتە: فنجانێکی گڵی سوورکراوەیە زێڕی تێدا دەتوێنرێتەوە دەڵێن: (بۆتە) وشەیێکی کوردیی ڕەسەنە عەرەب وەریان گرتووە و کردوویانە بە (بودقە). لە نێوان هەردوو وشەی (بۆتە) و (بۆتە)دا جیناسی چوون یەک هەیە.
(٨) خولام، غولام: کۆیلە و خزمەتکار. جەور: ستەم. حەیفە: جێی داخە. عەبد: کۆیلە. ئاستان: بەردەرگا.
لە نێوان دوو وشەی (خۆتە) و (خووتە)دا بەشێوە نووسینی کۆن جیناسی چوون یەک هەیە. بەشێوەی نووسینی ئێستاش جیناسی (موحەڕڕەف)یان لە نێوان دایە.

بەینێکە*

بەینێکە بەسەرما کە گوزارت نییە قوربان
نەمزانی وەفا و شەرت و قەرارت نییە قوربان
چاو بازەکە!، پڕ نازەکە! غەممازەکەی خۆم
باعیث بەچییە مەیلی شکارت نییە قوربان[1]

بۆچی بەهەموو وەقت و زەمان ئێستە نەناڵم
وەک عەهدی قەدیم بۆس و کەنارت نییە قوربان(٢)
غەمبار و خەفەتبار و دڵ ئازار و حەزینم
لەوساوە لەگەڵ من سەروکارت نییە قوربان
عاجز مەبە ئەم عالەمە گەر طالبی ڕووتن
لەم حوسنی خودا دادییە چارت نییە قوربان
بۆچ دەعوەی سوڵتانیی خووبان نەکەی ئیمڕۆ
بۆچ لەعلی لەب و چاوی خومارت نییە قوربان؟(٣)
وەک بەچچەی ئاسک لە دڵی (زێوەر) ئەکەی ڕەم
ئەمما لە ڕەقیب مەیلی فیرارت نییە قوربان(٤)

....

* ئەم شیعرە لە ل١٦٠-١٦١ی کەشکۆڵی (أ) و ل٣٠ی کەشکۆڵی (ب)دا نووسراوەتەوە. لە گۆڤاری (بەیان)ی ژمارە ١٢٧ ، ل٨٦یشدا چاپ کراوە.

(١)غەممار: توانج گر. باعیث: هۆ. شکار: ڕاو.

(١) عەهدی قەدیم: ڕۆژگاری ڕابردوو. بۆس: ماچ. کەنار: لە باوەش گرتن.

(٣) سوڵتانی خووبان: پاشایەتی جوانان. لەعل: بەردێکی سووری گرانبەهایە. لەب: لێو. لەعلی لەب: مەبەستی لێوی ئاڵ و سوورە. خومار: مەست.

(٤) بەچچەی ئاسک کەشکۆڵی (أ) بەچچەی ئاهو و (بەیان). ڕەم: ڕاکردن و سڵ کردنەوەی ئاسک لە دەست ڕاوکەر. ڕەقیب: بەدکار و ناحەزی نێوان دوو دڵدار.

چ شیرینە چایی...*

چ شیرینە چایی لە فەسڵی بەهاران
لەگەڵ یاری صادق لە گوێ جۆیباران!؟
بە خەندەی نیگاری بەگریەی سەماوەر
زەمین وەک سەمابێ بە بەرق و بەباران
موغەننی بەپەردەی (عێراقی) بخوێنێ(١)
خوا نازی لێ گوم نەکا نازداران
ئەسیری مەحەببەت بی، ئازادی عالەم
نەناسی بەجوز جیلوەی گوڵ عوزاران
ئەگەر وایە بەزمت بەحەققەت بەهەشتە
فیدای بێ هەزار مەجلیسی بادە خۆران
ئەوا بوویتە سوڵتانی ئێران و تووران
چلۆن دێتەوە شەوقی جاران و یاران

بەسی بێ خەیاڵاتی بێ هوودە (زێوەر)
وەکو شێت مەگەر بگری ڕێی کۆهساران

....

* ئەم شیعرە لە ل١٦١-١٦٢ی کەشکۆڵی (أ) و ل٣٠ی کەشکۆڵی (ب) و ل١٦ی گۆڤاری (بەیان)ی ژمارە ١٤٢دا هەیە.

(١) عیراقی: جۆرە ئاوازێکی مۆسیقایە.

پێم خۆشە*

پێم خۆشە تەماشای قەدت، ئەی سەروی خەرامان
جارێ بەکەرەم سا وەرە ڕابوورە بەلامان
ئەو نەختە خەیاڵاتە کەوا ماوە لە سەرما
بێ میهری ڕوخت ڕەفعە بەیەک دەفعە لەسەرمان(١)
ناڵێم صەنەمی، کوفرە، ئەما قیبلەی قەلبی
مەنظووری هەموو خەڵقی چ گەبر و چ موسوڵمان(٢)
بەم غەمزە و ناز و نیگەهی چاوی خومارەت
تالانبەری زوههادی و غارەتگەری ئیمان(٣)
جێ زەخمی موژەت مەرهەمی مەعدوومە لە دنیا
چارم نییە ئەڵبەت بەدووسەد هەروەکو لوقمان
(زێوەر) مەکە ئەمڕۆ بەنیشانی ستەمی خۆت
ئوممێدی بڕاوە لە دەوا و چاری حەکیمان

....

* ئەم شیعرە لە ل١٦٠ی کەشکۆڵی (أ)دا نووسراوەتەوە لە ژمارەی ١٢٧ی گۆڤاری (بەیان)یشدا بڵاوکراوەتەوە.

(١) میهر: خۆر. ڕوخ: ڕوخسار. ڕەفعە: لاچوە، هەڵگیراوە.

(٢) صەنەم: بت. قیبلە: ڕۆگە. قەلب: دڵ. مەنظوور: مەبەست و ئامانج. گەبر: گاور.

(٣) نیگەه: تیلەی چاو. خومار: مەست. زوههاد: دنیا نەویست، خۆ بۆ بەندەیی خوا ئامادەکردوو. نیوە دێری دووەمی ئەم شیعرە و نیوە دێری یەکەمی شیعری دوایی لە کەشکۆڵی (أ)دا نەبوون.

ئەم دەستە کە لەم شارە*

ئەم دەستە کە لەم شارە هەموو نەوعە غەزالی
هەریەک بەجەماڵ یوسفی با جاه و جەلالن(١)
غیلمان صیفەت سوندوس و ئیستەبرەق ئەپۆشن
صوورەت بەشەرن مەعنا هەموو حوور خیصالن(٢)
هەریەککە بەدۆش کاکۆڵی ئەفشان و بڵاوە
هەر صوبحدەمێ مونتەظیری بادی شەماڵن(٣)

ئەم شارە وەکو بەحر و لە نێویا کە موقیمن
بەعزێ سەدەفی گەوهەر و بەعزێ کە لەئالن
مەقبوولی شەهەنشاهن و مەطبووعی سەلاطین
مەعلوومی عەوامە کە بەبێ شیبھ و میثالن[٤]
صوورەتگەری چین بێتە ئەمێ صەنعەتی نابێ
هەریەک مەلەکێ خاریجی ئیدراک و خەیالن[٥]
غەممازن و پڕ نازن و مەحبووبی زەمانن
شەمس و قەمەرن، زوهرەی باهۆش و کەمالن[٦]
شازادە و بەگزادە، هەموو ئەنجەبی خەلقن
وەک خونچەی پەروەردەیی ئاوێکی زولاڵن
خۆت تووشی بەڵا قەت مەکە (زێوەر) کە ئەزانی
ئافاتی دڵ و دینن و مەنناعی ویصاڵن

....

* ئەم شیعرە لە ل١٥٨ی کەشکۆڵی (أ)دا نووسراوەتەوە. لە ژمارەی ١٢٧ی گۆڤاری (بەیان)یش بڵاو کراوەتەوە.

(١) لەم شارە: دەبێ مەبەستی شاری سلێمانی بێ. نەوعە غەزاڵ: جۆرە ئاسک. با جاھ و جەلال: خاوەن ڕێز و شکۆ و پلە و پایە.

(٢) غیلمان: کۆی (غولام)ە مەبەست منداڵی جوان و تازە پێگەیشتووە. سوندوس و ئیستەبرەق: دوو جۆرە کاڵای پۆشاکی جوانن، حوور: حۆری بەهەشت. خیصاڵ: هەڵس و کەوت.

لە کۆکردنەوەی (غیلمان، سوندوس، ئیستەبرەق، حوور) تیل نیشانێک هەیە بۆ دوو ئایەتی سوورەتی (الانسان)ی قورئانی پیرۆز کە دەفەرمووێ: «ویطوف علیهم ولدان مخلدون اذا رأیتهم حسبتهم لؤلؤا منثورا عالیهم ثیاب سندس خضر واستبرق».

(٣) دۆش: شان و مل. ئەفشان: بڵاو. صوبحدەم: سەرلەبەیانی.

(٤) مەقبوول: پەسەندکراو. مەطبووعی سەلاطین: پەسندکراوی تەبیعەتی پاشایان. شیبھ: وێنە. میثال: نموونە.

(٥) صوورەتگەری چین: وێنەگری ناوداری چین. مەلەک: فریشتە. ئیدراک: هەست.

(٦) غەمماز: توانج گر. شەمس: خۆر. قەمەر: مانگ. زوهرە: ئەستێرەی زوهرە یەکێکە لە ئەستێرە گەڕۆکەکان پێشی دەڵێن: زوهرەی ڕەققاص واتە: سەماکەر. باهۆش: خاوەن هۆش و فام.

لە عەشقی دوختەری ڕەز*

لە عەشقی دوختەری ڕەز[١] هەر لە کێوان
بەجارێ بوومە شەیدای باخی مێوان
مەی وەک لالەی نوعمان حەلاڵە
بەفتوای من بەیادی لەعلی لێوان

لە خەو هەستا بەزوڵفی ڕووی پۆشی
بەیانی کرد بەشەو عوشاقی شێوان
دڵی بێ چارە وەک کۆتر هەڵ ئەفڕێ
لە ترسی چنگی چاوبازی مەریوان
ڕەقیب بای دایەوە بۆ فیتنە بازی
خوا بیخاتە بەر بای دەستی دێوان

....

* ئەم شیعرە لە ل٢٤٦ی کەشکۆڵی (أ)دا هەبووە ئەمەشی لە سەرەتاوە نووسراوە: «نەظیرە لەسەر هەڵبەستێکی نالی کە ئەڵێ:

لە دوگمەی سینە دوێنی نوێژی شێوان
بەیانی دا سپیدەی باغی سێوان»

(١) دوختەری ڕەز: کچی مێو، مەی.

موژەت*

موژەت ئوردووی جەنگیزخانە ئەمڕۆ
هەموو مولکی دڵم وێرانە ئەمڕۆ
لەدەست ئەو پەرچەمی وەک ماری ضوحاک
هەموو طیفلی دڵێ بێ جانە ئەمڕۆ
مەگەر گۆیا هۆلاکۆیە دوو چاوت
لەگەڵ شەوقی کە پڕ فەرمانە ئەمڕۆ
عورووسە یاخۆ تەقیانووسە ئەبرۆت
عەدوویی صاحێبی ئیمانە ئەمڕۆ
موعەللیم دەرسی نازی ڕووتی پێ وت
کەوا چاوت لە ڕووت حەیرانە ئەمڕۆ
عەبەث واعیظ ئەکا مەنعم لە عەشقی
مەگەر دێوانەی دیوانە ئەمڕۆ
لە پەی کێوانە (زێوەر) هەر وەکو شێت
فوغانی واصیلی کەیوانە ئەمڕۆ

....

* ئەم چوار دێرە شیعرە لە ل١٦٥ی کەشکۆڵی (أ)دا نووسراوەتەوە.

دنیا*

دنیـا کـه لەبەر قـافـڵـەی ئاهم تەمـە ئەمـڕۆ
شـۆراوی سـوروشکم بەمـەسـەل زەمزەمـە ئەمـڕۆ(١)
لێـوت کـە عـەقـیـقـە بووەتە ڕوکنی یەمـانی
مـاچی کە جەوازی نییە جێی پەنجەمە ئەمـڕۆ(٢)
کـۆبوونەوە حـەجـاجی خـەیاڵم لە مـینای دڵ
شـەیتانە ڕەقیب ڕەجمی لە لام ئەلزمە ئەمـڕۆ(٣)
خـاڵت حـەجـەرول ئەسـوەدە، بەرناکـەوێ مـاچی
دەسـتـم کـە بگاتێ سـەبەبی ڕوتبـەمـە ئەمـڕۆ(٤)
جـان و دڵی من بۆتە (صـەفـا و مـەروە) لە بۆ تۆ
ڕاکەی لە دڵا جانە! کە جێی مەقدەمە ئەمـڕۆ(٥)
شـەو تا بەسـەحەر مـوزدەلیـفـەی حوجرەیە جێگام
ئەمما عـەرەفـەی کـۆیی ئەتۆ جێگەمـە ئەمـڕۆ(٦)
مـەحفـوظە لە بۆسـە و لە دەسی عـاشقی غـەمبار
دوو ڕووکنیی شامیی و ئەڵێی پەرچەمە ئەمـڕۆ(٧)
«لَبَّـیـكَ و سَـعْـدَیْك» ئەڵێم: لەحظە بەلەحظە
یەعنی لە حوززوورت قـەدەمم مـەحکەمە ئەمـڕۆ(٨)
(زێوەر) وەکـو حـاجی لە طەوافـایە هەمـیـشـە
ئەم طەوفی ویداعـی نییە لەو بێ غـەمە ئەمـڕۆ(٩)

....

* ئەم شیعرە لە ل١٦٤ی کەشکۆڵی (أ) و ل٣٢ی کەشکۆڵی (ب)دا نووسراوەتەوە. هەروەها لە ل٢٠ دەسەتنووسی شاعیریش هەیە. بەڵام دوو دێرە شیعری دووەم و هەشتەمی تێدانییە.

(١) قافڵە: کاروان. ئاهم: ئاخ و ئۆف و هەناسەی ساردم. سروشک: فرمێسک. زەمزەم: ئاوی زەمزەم.

(٢) بۆ ڕوونکردنەوەی مانای ئەم دێرە شیعرە دەبێ ئەوە بزانرێ کە «کەعبە» چوارگۆشەی هەیە هەر گۆشەیەکی بەڕوکنێک ناو ئەبرێ (ڕوکنی «حجر الأسود»، ڕوکنی شامی، ڕوکنی عیراقی، ڕوکنی یەمانی.) جا ڕوکنی عیراقی و شامی نە ماچ دەکرێن و نەئیشارەتیشیان بۆ دەکرێ، ڕوکنی (حجر الأسود) = بەردەڕەش سوننەتە ماچ بکرێ، ڕوکنی یەمانی ماچکردنی دروست نییە بەڵام کە گەیشتییە عاستی بەدەست ئیشارەی بۆ دەکا و حاجی دەست و پەنجەکەی خۆی ماچ دەکا کەواتە مانای ئەم دێرە شیعرە بەم شێوەیە کە دەڵێ:

لێوت کە ئاڵ و سوورە وەکو عەقیق وایە لێم بۆتە ڕوکنی یەمانی کەعبە لەوەدا کە ماچکردنی دروست نییە تەنیا بەپەنجە ئیشارەتی بۆ دەکرێ و دوایی پەنجەکە ماچ دەکرێ.

(٣) مینا: دەشتی مینا کە حاجی دوای ڕاوەستانی کێوی عەرەفە ماوەیەک لێی دەمێننەوە. ئەلزەمە = ألزم: واتە پێویستە.

(٤) ئاماژە بۆ ئەوە کە (بەردەڕەشە)ی کەعبە سوننەتە ماچ بکرێ جا لەبەر ئەوە قەرەباڵغی زۆر لەسەرە و ماچکردنی زۆر

بەزەحمەت بەردەکەوێ جا ئەگەر ماچکردنەکەی جێبەجێ نەبوو سوننەتە دەستی لێ بدرێ و دەستەکە ماچ بکرێ.

(٥) صەفا و مەروە: دوو شوێنی مەیلەو بەرزن لە بەینیاندا نزمایەک هەیە لە نزیک کەعبەوەن حاجی بەگورگەلۆقە حەوت جار لە صەفاوە بۆ مەروە و لە مەروەوە بۆ صەفا ڕادەکا هەر حەوت جار بەیەک صەفا و مەروە حیسابە.

(٦) موزدەلیفە: شوێنێکە لە خوار مەککەوە حاجی دوای کێوی عەرەفە پێش ئەوەی بچن بۆ شەیتان ڕەجم کردن ماوەیەک لێی دەمێننەوە. عەرەفە: مەبەستی کێوی عەرەفەیە.

(٧) دوو ڕوکنی شامی: مەبەستی ڕوکنی شامی و عیراقییە کە نە ماچ دەکرێن و نەدەستیشیان لێ دەدرێ.

(٨) لبیک: وتنی دوعای لبیک أللهم لبیک... هتد.

(٩) طەوفی ویداع: واتە طەوافی خوا حافیزی لە کەعبە کاتێ حاجی مەککە بەجێ دەهێڵن حەوت جار بەدەوری کەعبەدا دەسووڕێنەوە.

نەو بەهاری باخی حوسنم*

نەو بەهاری باخی حوسنم! مات و غەمگینم، مەڕۆ
بۆ نـەمـای قـەددی لەطیـفت چاوپڕ ئەسـرینم مـەڕۆ
مەنبەعی عەیش و صەفای صاحیب دڵانی چاوەکەم
تەڵخە عـەیشی ئێمـە بێ تۆ، ڕۆحی شیرینم مەڕۆ
زیندەگـانی، شادمـانی، واسیـتـەی هەردوو ئەتۆی
مەمکوژە –قوربان– بەهیجرت قووەتی دینم! مەڕۆ
صـەفـحەیی دیدە بەخـەتت و خاڵی تۆ ڕەنگین بووە
کۆڵـەوارم سا مـەکـە ئەی –ئاسکی چینم!– مـەڕۆ
من حـەیاتی عـارییـەم تەسلیمی غـەمزەی چاوتە
تاقـەتی دووریم نەماوە – باعـیـثی ژینم! – مـەڕۆ
نەشـئـەیی (زێوەر) بەپیـاڵەی چاوی تۆوە باقـیـیە
سا بەقـصـوودی ڕەقـیـبـان –دیدە شاهینم!– مـەڕۆ

....

* ئەم شیـعـرە لە ل١٦٢–١٦٣ی کـەشکۆڵی (أ) و ل٣١ی کـەشکۆڵی (ب) وەرگیـراوە لە گـۆڤـاری بەیانی ژمـارە (١٤٢) ل١٦یشدا چاپ کراوە.

گوڵبوونی قەدد*

گـوڵبـوونی قـەد بولبـولی طبع ئیـخـتـیـاری کـردووە(١)
دڵ دیســـــان مــــەیلی هەوای نەو بـەهاری کـــردووە
ئاهوی صـاحـێب خـەت و خـاڵ هاتە مـەیدانی دەروون
بـازی دڵ بـۆیـە خــــــەیـالاتـی شـکـاری کـــــــردووە
گـــەر ئەپرسی ڕۆژ ئەمــــەند بۆ چ دێتــــە دەر ئاوا ئەبێ
شــەوقی ڕوخـــســـاری نیگارە بێ قـــەراری کـــردووە

دوێنێ چوومە سەیری گوڵشەن شیبهی ڕووی تۆم دی گوڵێ
گوڵ کە پێی زانی: هەزار جار ئیفتیخاری کردووە
مۆژدەبێ بای وەعدە ئەنگووت، پێشڕەوی هات عەندەلیب
حەسرەتا هاو تەبعی یارم (دەی) فیراری کردووە[2]
مەکتەبی «روشدیە»ی سینەم تیایە کەسبی غەم[3]
ئەی دریغ! گوڵشەن لەجێی گوڵ بەرگی خاری کردووە
بەس دوعا کاری ڕەقیب بە(زێوەر)ا خۆی کەوتە غەم
ئەو بەشێکە ڕۆژی قیسمەت حەق دوچاری کردووە

....

* ئەم شیعرە لە ل١٨٢ی کەشکۆڵی (أ) و ل٤٣ی کەشکۆڵی (ب)دا هەیە لە گۆڤاری (بەیان)ی ژمارە ١٤٢، ل١٨دا چاپ کراوە.

(١) گوڵبوون، یا گوڵبن: بەدرەختی پچووکی گوڵدار دەڵێن، بەچەپکە گوڵیش دەگوترێ.

(٢) (دەی): مانگی یەکەمی زستانە.

(٣) مەکتەبی (روشدییە) ئاماژەی تێدایە بۆ قوتابخانەی ڕوشدییەی عەسکەری کە ئەو کاتە قوتابخانەیەکی میری بووە لە سلێمانی و شوێنی تریش هەبووە.

مەیتەری عەقڵم*

مەیتەری عەقڵم کومەیتی نەفسی زنجیر کردووە[1]
وەرنە جووتەی نەحسی بۆ جەبهەی فەلەک گیر کردووە[2]
عومری من وا زۆر نییە ئێستە زەمانی عەیشمە
دەردی عەشقی نەوجەوانێ وا منی پیر کردووە
ڕەنگی سوورم بوو بەزەرد و قەلبی ساغم بوو بەداغ[3]
ساحیرێکە ظاهیر و پەنهانی تەغییر کردووە
قەت لە خۆم دا من گومان نابەم قەباحەت زەڕڕەیێ
موقتەضای تەبعییە ناحەق کە خۆی زویر کردووە
کافرێکە دەفعەیێ جوابی سەلامێکی نەبوو
سەد کەڕەت نامەم بەخوێنی دیدە تەحریر کردووە
کەس لەگەڵ (زێوەر) ڕەفاقەت ناگرێ ئەو ناعیلاج
خۆی بەوێڵداشی دەسیسە و مەکر و تەزویر کردووە

....

* ئەم شیعرە لە ل١٨٣ی کەشکۆڵی (أ) و ل٤٤ی کەشکۆڵی (ب)دا هەیە لە گۆڤاری (بەیان)ی ژمارە ١٢٧، ل٩١دا بڵاوکراوەتەوە.

(١) مەیتەر: خزمەتچی، ئەو کەسەی سەرپەرشتی وڵاخ دەکا هەڵدەستی بەئالیک و لەوەڕدانیان. کومەیت = کمیت: ئەسپێکە ڕەنگی لە بەینی ڕەش و سوور دابێ.

(٢)نەحس: شووم و نەگبەتی. جەبهە: شەڕ و جەنگ.

(٣) بوو بە زەرد و «کەشکۆڵی ب، بەیان» بۆیە زەرد و «کەشکۆڵی (أ)»

خۆراک و خەو*

خۆراک و خەو بەبێ تۆ یەکسەر لە من حەرامە
هاودەم ناڵینی گەرمە، غەم هاوپشت و برامە
بام بولبول هیچ نەخوێنێ با غونچە خۆی نەنوێنێ
ئەفشان نەکا گوڵ بێنی، دنیام توونی حەمامە[1]
شەو کە ئەچمە ناو جێگا، ئەڵێی ئەمخەنە جێگا[2]
لێم تێکچوو جێ، و ڕێگا صوبحم تاریکی شامە[3]
وڵاتێکی بێ سەردار ئاگری تێ بەربێ یەک جار
بۆچی بڵێم، بەهار بێت دنیا کە بێ مەرامە
هەر خەم دەخۆم دەماودەم بێ گریانێکی سەردەم
بۆ ئەم هیجرانی تۆیە فرمێسکی ناتەمامە
دووریت سوروری لابرد، وەڵڵاهی نووری لابرد[4]
ڕوخساری پاکی، بێ شک، چرایی خاص و عامە

....

* ئەم شیعرە لە ل١٨٥ی کەشکۆڵی (أ) و ل٤٦ی کەشکۆڵی (ب)دا نووسراوەتەوە لە گۆڤاری (بەیان)ی ژمارە ١٤٢، ل ١٧-١٨دا بڵاوکراوەتەوە.

(١) ئەفشان: بڵاوکردنەوە. بێنی: بۆنی.

(٢) (جێگا)ی یەکەم واتە شوێنی نووستن (جێگا)ی دووەم واتە گۆڕ. ئەشگونجێ مەبەستی جێی (گا) بێ واتە تەویلە، گەوڕ، بەڵام ئەو کاتە دەبێ بە (جێی گا) بنووسرێ.

(٣) شام: ئێوارە.

(٤) سورور، سرور: کەیفخۆشی. وەڵڵاهی: (کەشکۆڵی أ) - نەوەڵڵا (سەرچاوەکانی تر).

بێ ڕوویی تۆ*

بێ ڕوویی تۆ ئەی شاهی زەمین، ماهی زەمانە[1]
دەردی دڵەکەم خاریجی تەصویر و بەیانە[2]
مومکین نییە هەر دڵ کە کەمێ عەشقی تێدابێ
بۆ تیری موژەی تۆ نەبوو بێ ئەو بەنیشانە[3]

وەک خەنجەری جەللادە دوو ئەبرۆی هیلالیت(٤)
خون ڕێژ و دڵ ئازاری هەموو پیر و جەوانە
تیری نیگەهت نیعمەتە بۆ عاشق ئەبارێ(٥)
ئەم گونجی غەمی من هەمە، گوڵزاری جینانە(٦)
ئاشووبی دڵی عالەمی، جیلوە مەنوێنە(٧)
بەم قەددی لەطیفەت کە ئەڵێی سەروی چەمانە
مەیلت هەیە (زێوەر) کە کەمێ صەبری بمێنێ
پەخشانی مەکە طوڕڕەیی شاهانە بەشانە(٨)

....

* ئەم شیعرە لە ل٢٨١ی کەشکۆڵی مەلا فەتاحی کاگردەڵی نووسراوەتەوە لە ل١٨٠-١٨١ی کەشکۆڵی (أ) و ل٤٢ی کەشکۆڵی (ب)شدا هەیە هەروەها لە گۆڤاری (بەیان)ی ژمارە ١٤٢، ل١٨شدا بڵاوکراوەتەوە. ئێمە دەقی کەشکۆڵی کاگر دەڵیمان بەلاوە پەسندتر بوو کردمان بەبنچینە و ئاماژەی جیاوازییەکانی تریش لە پەراوێزدا دەکەین.

(١) شاهی زەمین زەمانە کەشکۆڵی کاگر دەڵی:
ماهی زەمین شاهی زەمانە کەشکۆڵی أ،ب، بەیان.

(٢) تەصویر «کاکر دڵی» تەقریر (کەشکۆڵی (أ،ب)، بەیان)

(٣) نەبووبی ئەو بەنیشانە (کاگر دڵی)، کە نەبووبی بەنیشانە (کەشکۆڵی أ.ب، بەیان)

(٤) هیلالیت «کاگر دەڵی» هیلالی (کەشکۆڵی (أ،ب)، بەیان)

(٥) نیگەهت «کاگر دەڵی» ستەمت (کەشکۆڵی (أ،ب)، بەیان)

(٦) گوڵزاری جینان: گوڵزاری بەهەشت.

(٧) جیلوە: ورشە و تیشک و ڕووناکی.

(٨) طوڕڕەیی شاهانە: مۆری طوغرای شاهانە، مەبەستی زولفی پێچ پێچ و تێک چرژاوە کە وەکو مۆری طوغرا دەچێ.

واتە: ئەگەر دەتەوێ زێوەر کەمێک صەبر و ئارامی لە لا بمێنێ زولفی پێچ پێچ و لوولت کە لە مۆری طوغرا دەکا چیتر بە شانە دای مەهێنە و پەخشانی مەکە چونکە تا تۆ زولف بەشانە دابهێنی و تاڵ تاڵی کەی صەبر و ئارام لەلام کات بەکات سات بەسات کەم دەکا و نامێنێ.

لە بەختی من*

لە بەختی من ستەمکار و لەئیمە
لەلای خەڵقی وەفادار و کەریمە
چ حاجەت من بڵێم، سەودا زەدەی تۆم
بە حاڵی عاشقانی خۆی حەکیمە
نیشانگای تیری ئاهم وەقتی دووری
سەری کورسی و پێی عەرشی عەظیمە
لەگەڵ ئەو مەه جەبینەی من ڕەقیبم(١)
دەڵێی طاووس و شەیتانی ڕەجیمە

چراغی شادمانی من هەمیشە
لە ئەطرافی شیمالی غەم موقیمە
بەهەشت و کەوثەری من وەصڵی تۆیە
ئەما دووری لە تۆ ناری جەحیمە
چلۆن لادەم لە ڕێگای عەشقبازی؟
بە فەتوای من (صراط المستقیم)ە
لەگەڵ (زێوەر) وەفاداری لەطیفە
کە چونکە جان فیداییێکی قەدیمە

....

* ئەم شیعرە لە ژمارە ١٢٧ی گۆڤاری بەیان وەرگیراوە.

(١) مەه جەبین: ئەوەی ڕوخساری وەک مانگ بێ. ڕەقیب: ئەوەی بەدکاریی لەنێوان دڵدارانداا دەکا.

(٢) طاووس: ناوی شەیتان بووە پێش ئەوەی سەرپێچی بکا لە کڕنووش بردن.

من لە سایەی حوسنی تۆ*

من لەسایەی حوسنی تۆ قەلبێکی پڕ شادم هەیە
گەرچی هەر ساتێ لەلای تۆ ظوڵمی بێ دادم هەیە(١)
سواری ئەسپی کیبر و نازی، ناتگەمێ هەرچەند بڕۆم(٢)
ناعیلاجم وەک جەرەس ئەفغان و فەریادم هەیە
ماهی عەشقت موشکیل و، وەصڵت لەڕێی هاتو نەهات
بێ شکە جەولانی بێشکە و شەوقی دامادم هەیە(٣)
ئەمری حەربم بێتە سەر بەم ئەشکە سەددی ڕێت ئەکەم
تورکی موژگانت هەیە، من چاوم ئیمدادم هەیە(٤)
چونکە قەت ناگەم بەکۆی تۆ وەک نەسیمی صوبحدەم
هەر سەحەر گاهێ تەمەننای نیعمەتی بادم هەیە
ئەی خوا ڕەحمت ببێ واپێم ئەڵێ خەوفت ببێ
شیری ئەڵماسی برۆ و چاوێکی جەللادم هەیە
من وتم (زێوەر) بەخەندەی لێوی (شیرین) مردووە
پێی وتم: مەجنوونە، وەک تۆ چەندە فەرهادم هەیە

....

* ئەم شیعرە لە کەشکۆڵی (أ)، ل١٨٠ و ل٤١-٤٢ی کەشکۆڵی (ب)دا هەیە لە گۆڤاری (بەیان)ی ژمارە ١٢٧، ل٨٦دا بڵاوکراوەتەوە.

(١) زولّم: جەور و ستەم. بێداد: زۆر و زەبەندە.
ظولّمی بێداد (کەشکۆڵی، أ) – ظولّم و بێداد (سەرچاوەکانی تر)
(٢) کیبر: لە خۆ ڕازی بوون.
(٣) داماد: دایک. لە نێوان (بێ شکە) و (بێشکە)دا جیناسی موڕەککەب هەیە.
(٤) چاوم (کەشکۆڵی، أ) – چاوی (سەچاوەکانی تر)
تورکی: تورک لە ئەدەبیاتی کۆندا کینایەیە لە یاری شۆخ و شەنگ.

قوربان!*

قـوربان! لە تـەمی ئاهی دڵـی خـەستـە حـەذەر کـە(١)
عـیـسا نەفـەسی، هەسـتە بەلای ئێـمە گـوزەر کە(٢)
ئەی چیـهـرە مـەلەک حەیفە ڕەقیب بۆتە ئەنیسـت(٣)
لەو جەننـەت و فـیـردەوسە ئەو ئـیبلیسـە بەدەرکە(٤)
وا جـــەژنە خـــەلایق هەمـــوو پڕ زەوقن و شـــەوقن
بەو خـەندەی شیـرینە جـیـهـان پڕ لە شـەکـەر کـە
جـــەژنانەی من مـــاچی دەمی تۆیە کـــە بیـــدەی
طیفلی دڵی من غـەرقی حەنای خوێنە، نەظەر کە(٥)
ڕەغــمــەن لە حـەسـوودانی من و دوژمنی بالآت(٦)
ئەم جـەژنە وەرە! ئەم غـــەزەلە تازە لەبەر کـــە(٧)
ئەو دلبـــەرە، ڕەنگینە کـــە ســـەنگین دڵە دایم
ئەی ناڵەی ناری لە دڵی خـــەســـتـــە ئەثەرکـــە
دڵ کـــون کـــونە (زێوەر) بەخـــەدەنگی مـــوژە دایم
لادە لـە دڵـی، ڕۆحی ڕەوانـی بـەســـــــوپـەرکــــــە

....

* ئەم شـیـعـرە لە لاپەڕە ١٧٥-١٦٧ی کـەشکۆڵی (أ) و لاپەڕە ٣٨-٣٩ی کـەشکۆڵی (ب)دا نووسـراوەتەوە لە گـۆڤـاری (بەیان)ی ژمارە ١٢٧، لاپەڕە ٨٨دا چاپ کراوە.
(١) حەذەر کە: ترست بێ.
(٢) عیسا نەفەسی: واتە وەکو حەزرەتی عیسا دەم و دوعات کاریگەرە و نەفەست پاکە، مەشهوورە کە موعجیزەی حەزرەتی عیسا ئەوە بووە کە بەدوعا و پاڕانەوە لە خوا مردووی زیندوو کردۆتەوە و نەخۆشی چاک کردۆتەوە.
(٣) چیهرە: ڕوخسار. مەلەک: فریشتە. ڕەقیب: بەدکار. ئەنیس: هاونشین، هاودەم
(٤) جەننەت: بەهەشت. فیردەوس: ناوە بۆ ئەو بەهەشتەی کە حەزرەتی ئادەم تیابوو تا تووشی گوناهی خواردنی گەنم بوو. ئیبلیس: شەیتان.
(٥) حەنا: خەنە. نەظەرکە: واتە بڕوانە و سەیر بکە.
(٦) ڕەغمەن = رغماً: بەکوێرایی چاوی.

(٧) غـەزەل: پارچە شـیـعـر: یان جۆرە قـومـاشێکی گـرانبـەهایە واتـە بەکـوێرایی چاوی نـاحـەزانی من و دوژمنی بالآ بەرز و ڕێکوپێکەکەی خۆت وەرە ئەم چەژنە ئەم پارچە شیعرە کە لە وەصف و ثەنای بالآکەتدا دامناوە بیخوێنەوە و لەبەری بکە چونکە بەوە ناحەزانمان دەتەقن و تووشی هەزار دەرد و ناخۆشی دێن. یاخۆ (زێوەر) هاتووە پارچە شیعرەکەی شوبهاندووە بەقوماشی غەزەل، خوێندنەوەی غەزەلەکەش کە هەر لە پێداهەڵدانی بالآی یار دایە شوبهاندوویەتی بەوە کە یار قوماشی غەزەل بکاتە بەر.
مامۆستا (نالی)یش دەفەرموێ:

قـوربان! وەرە با ئەم غـەزەلە تازە لە بەرکـەین
عـیزز و شەرەفی (نالی)یە تەشریفی قەدی تۆ

بەدوو زولفی*

بەدوو زولفی تەناف بازت ئەڵێن دوو بەچچە عەییارە(١)
بەدانەی خاڵەکەی سەر ڕوو ئەڵێن: هیندوویی گوڵزارە(٢)
بەچاوی مەست و خوون ڕێزت ئەڵێن یابازە یا شاهین(٣)
ئەڵێن: ئەو تیــپی مــوژگــانە ســوپای مــاچین و تاتارە
بەجــیلوەی قــەددی مــەوزونت ئەڵێن وەک تاوسی باخی
لەبەر شـــیـــرینی نوتقت ئەڵێن لێــوت شــەکــەربارە

....

* ئەم شیعرە لە لاپەڕە ١٧٩ی کەشکۆڵی (أ) و لاپەڕە ٤١ی کەشکۆڵی (ب)دا هەیە لە بەیانی ژمارە ١٢٧، لاپەڕە ٨٢شدا بڵاوکراوەتەوە.
(١) طەناف = تەناف بازت: وەک تەناف. بەچچە: بەچکەی پیری موغان، لە ئەدەبی کلاسیک کینایەیە لە یار.
(٢) هیندو: خەڵکی هیند، زۆر لە شاعیرانی کۆنمان خاڵی ڕەش و بسک و زولفی یاری خۆیانیان بەهیندو شوبهاندووە لەو ڕووەوە کە هیندو کافرن کافریش بەڕەنگی ڕەش کە نووری ئیمانی تێدا نییە ناسراوە.
(٣) باز و شاهین: دوو پەلەوەری ڕاو پێکردنن، شاعیران چاوی یاری خۆیانیان پێ شوبهاندوون لە توانایاندا بۆ ڕاو پێکردنی دڵی دڵداران.

چۆن ڕەحمی ئەبێ؟*

چۆن ڕەحـمی ئەبێ ئەو دڵە ڕەق هەر وەکو سـەنگە؟
کـەی نوتقی ئەبێ ئەو دەمـە وەک غـونچـەی تـەنگە
ئەو چاوە بەشـەڕ عـاشـقـە، من تالیـبی سـوڵحم
گـەر سوڵحـە وەگـەر جەنگە دەسا فـەرمـوو درەنگە
کـــاروانی ســـوروشکم کـــە لەگـــەڵ ناڵە ڕەوانە
عـــەیبی نیـــیـــە تەزیینی ڕەهی قـــافـــڵـــە زەنگە
ئەو کـافـرە ئیـسـلامی هەمـوو خسـتـە هیـلاکـەت
ڕەنگە کـە بزانێ هەمــوو جێ دەشــتی فـەڕەنگە

ئەو نەشئە کەوا ساغیری چاوی بەدڵی دا
ئوستادی هەزار کووپە مەی و نێرگەلە بەنگە
لایق نییە هەر موردە بڵێ زیندە بەعەشقم
دەریای مەحەببەت بەخوا بەحری نەهەنگە
گەه جادووە، گەه ئاهووە، گەه تاوسی مەستە
(زێوەر) چییە ئەو شۆخە لەسەد هەیئەت و ڕەنگە

....

* ئەم شیعرە لە ل١٧٧ی کەشکۆڵی (أ)دا نووسراوەتەوە

حەواسم*

حەواسم هەر وەکو زوڵفت چلۆن شێواوە، شێواوە(١)
دڵم وەک خاڵی ڕوخسارت چلۆن سووتاوە، سووتاوە(٢)
ئەگەر تۆ سەیری سەرچاوە و گوڵستانت هەوەس دێنێ
سوروشکم ڕەنگی گوڵزارە. وەرە سەرچاوە، سەرچاوە(٣)
لە بەختی من ڕەقیب یارەببی چەندە شووم و بەدبەختە
بەرەو ڕوو هەم شەرم ناکا؛ ئەڵێ: بەولاوە، بەولاوە
بەمەحزی خاکساریی دەفعی کینەی ناکرێ هەرچەند(٤)
سەرم وەک ئاسمان ئەرزی لەڕێی داناوە، داناوە(٥)
ئومێدی چیم بەدنیا بێ هەتاکەی مەستی غەفڵەت بم؟
زەمانی تۆبەیە، تا شیشەی پڕ بادە نەشکاوە(٦)
فەلەک ئاش و زەمین بەرداش و ئینسان دانەیە، یاخۆ
ئەجەل باز و بەدەن «کەبک»ە سەدای هاڕاوە، هاڕاوە(٧)
ئەلا ئەی باغەبان بۆ بۆنی گوڵ سەودازە دەم ئەمرۆ(٨)
کە هەم بۆی یارە، وا (زێوەر) لەدەردا ماوە، داماوە

....

* ئەم شیعرە لە لاپەڕە ١٧٨-١٧٩ی کەشکۆڵی (أ) و لاپەڕە ٤٠ی کەشکۆڵی (ب)دا نووسراوەتەوە لە گۆڤاری بەیانی ژمارە ١٢٧ ، لاپەڕە ٨٠ بڵاوکراوەتەوە.

(١) حەواسم: کۆی (حاسّە)یە ئامێری هەستکردن؛ ئامێری بیستن و دیتن و بۆنکردن و تامکردن و لێخشان.

(٢) تەشبیهەکە لەوەدایە خاڵ ڕەشە شتیش کە سووتا ڕەش دەبێ.

(٣) سوروشکم: فرمێسکم. واتە ئەگەر تۆ ئارەزووت لێیە سەرچاوە و گوڵزار ببینی وەرە سەیری کانیاوی فرمێسکم بکە هەمووی وەکو ڕەنگی گوڵ سوور و خوێنینە.

(٤) مەحز، مەحض: تایبەتی و خصوصی. خاکساری: خۆڵاوی ئەوەی لە ناو خۆڵا بتلێتەوە و خۆی خۆڵاوی بکا.

(٥) واتە هەرچەندە سەرم بەرزە و گەیشتۆتە کەشکەشانی فەلەک کەچی کردوومەتە گڵ و خۆڵی ژێر پێی یار و وەکو ئەرز کەوتوومەتە ژێر پێی.

(٦) شیشەی پڕ بادە: مەبەستی (دڵ)ە تەشبیهی دڵی خۆی کردووە بەشووشەی پڕ لە مەی، لێرەدا ئیستیعارەیەکی موصەڕڕەحە پێک هاتووە چونکە شکان بۆ شووشە دەبێ.

(٧)کەبک: کەو. هاڕاوە: دوو وشەیە (ها + ڕاو) (ها)ی دەنگدان و فرمان پێکردن لەگەڵ وشەی (ڕاو)، واتە ها! کوڕینە! یاڵڵا کاتی ڕاو و نێچیر گرتنە. بەهێنانی وشەی (هاڕاو) لەپاش (ئاش) و (بەرداش) و (دانە) هاڕاوی باراشیش دەگەیەنێ.

(٨) سەودازە: دووچار و نەخۆش.

تکاندی ئابڕووی*

تکاندی ئابڕووی چەمەن بەڕووی ئابدارەوە
شکاندی نرخی نەسترەن بەزوڵفی موشک بارەوە
چمە لە مەی لە نەی لە جام، ئەگەر بەلەنجە بێتە لام
بەڕووی تابدارەوە، بەچاوی پڕ خومارەوە
عەرەق نییە لە عالەما، کە لابەرێ لە دڵ غەما
جگە لە قەترە ئارەقێ لە ڕووت کە دێتە خوارەوە
نیشاطی من جەمالی تۆ، بەراتی من ویسالی تۆ
خەیالی من لە خالی تۆ بەعیشوە لێم مەشارەوە
عەزیزەکەی حەبیبی من، نیگارەکەی طەبیبی من
کە شەق بەرێ ڕەقیبی من، وەرە بەسەد ویقارەوە
فیدای خەدد و قەددی تۆ چەمەن بەفەوجی گوڵیەوە
بە بولبول و بەچڵیەوە، بەقومری و هوزارەوە
فەرەنگ ڕووی زەنگ موو، عەجەم سیاق و ڕووس خوو
ئەناسرێ کە کوردە زوو بەپێچی لار و خوارەوە
نیساری زوڵفی عەنبەری هەموو وڵاتی «گوڵ عومەر»(١)
بەعەرد و بەرد و دارەوە، بەئاوی سەرچنارەوە
ئەمن گەیاندمە (ئەنوەری) فنوونی شیعر و شاعیری
ئەتۆ گەیانتە (سامیری) بەچاوی سیحرکارەوە

....

* ئەم شیعرە ناوازەی زێوەر لە ل١٧٣ی کەشکۆڵی (أ) و ل٣٧ی کەشکۆڵی (ب)دا نووسراوەتەوە، سێ دێر شیعری سەرەتاشی لە گۆڤاری گەلاوێژی ژمارە (١)ی ١٩٨٤ی ز ل٤٨ بڵاوکراوەتەوە.
تەواوی قەسیدەکەش لە ل٤٩١-٤٩٢ی کتێبی مێژووی ئەدەبی کوردی مامۆستا عەلائەدین سەججادی دا چاپ کراوە.

(١) گوڵ عومەر، گوڵ عونبەر، گوڵ عەنبەر، ناوێکی دێرینی شاری خورماڵە کە بەهێندێ ڕای مێژوویی لەسەر شوێنەواری شاری شارەزوور بنیات نراوە.

دەمێکە*

دەمێکە شاعیران هەموو بەشیعری ئابدارەوە
ئەسیری دەستی دولبەرن بەزوڵفی تابدارەوە
دەمێکە وەصفی مەی دەکەن، غەزەل بەمانا تەی دەکەن
بە جارێ مەدحی نەی دەکەن، کە دێتە بەزمی یارەوە
دەمێکە صەرفی عومر دەبێ، لە نەعتی ئاوی خۆشی گوڵ
بە بولبولی چەمەن خوصووص بەسەروی جۆبیارەوە

....

* ئەم پارچە شیعرە لە ڕۆژنامەی (ژیان)ی ژمارە (٤١٤)ی ساڵی ١٩٣٥دا بڵاوکراوەتەوە جا نازانم ئایا ئەم سێ دێرە شیعرە لەگەڵ شیعرە ناوازەکەی تری (تکانی ئابڕووی چەمەن، بەڕووی ئابدارەوە) یەکێکن یان ئەمە سەربەخۆ بۆ خۆی پارچەیەکی ترە.

تابی هیجرانم نەماوە*

تابی هیجرانم نەماوە، نووری چاوانم وەرە(١)
ساکینی بەیتول حەزەن بووم ماهی کەنعانم وەرە(٢)
وام لەنێو ظوڵماتی غەمدا هەر طەڕەف ڕێگام نییە
تاڕەمەق ماوە لە عومرم شەمسی تابانم وەرە(٣)
شەهسەواری موڵکی حوسنی، من پیادەی بەردەست
ئەسپی نازت وەرمەگێڕە، شاهی خووبانم وەرە(٤)
کەوکەبی بەختم غورووبی کرد و بێ کەس مامەوە
زوو بە دەرخە شەوقی ڕووت شەمعی شەبوستانم وەرە(٥)
من نەتریاکی و نە بەنگیم. مەستی نەشئەی چاوی تۆم(٦)
چاوەڕێی دەردی خومارم صوبحی ڕەخشانم وەرە(٧)

....

* ئەم شیعرە لە لاپەڕە ١٦٨-١٦٩ی کەشکۆڵی (أ) و لاپەڕە٣٤ی کەشکۆڵی (ب)دا نووسراوەتەوە لە گۆڤاری (بەیان)ی ژمارە ١٤٢، لاپەڕە ١٧دا بڵاوکراوەتەوە.
(١) تاب: هێز و توانا. هیجران: دوورکەوتنەوە لە خۆشەویست.
(٢)بەیتول حەزەن = بيت الحزن: خانووی خەم و خەفەت و ئاماژەیە بۆ ماڵەکەی حەزرەتی یەعقووب پێغەمبەر کە یوسفی کوڕی لێ ون بوو ئیتر کەنەفت کەوت و کوێرایی داهات و دنیای لێ تاریک بوو. شاعیرانی ئەدەبی کلاسیکی ئەم خانووەی یەعقووبیان کردووە بەڕەمز بۆ خەم و ناخۆشی.

ماهی کەنعان: مانگی وڵاتی کەنعان، مەبەستی حەزرەتی (یوسف)ە کە براکانی خستیانە بیری کەنعانەوە دوایی کاروانێک دۆزییانەوە و بردیان لە میسر فرۆشتیان و پاشان حەزرەتی یوسف لە میسردا پلە و پایەی وەرگرت و براکانی هاتن بۆ لای و بەوان دا کراسەکەی بۆ باوکی ناردەوە و چاوەکانی چاک بوونەوە پاش ماوەیەک هەموویان هاتن بۆ لای یوسف بەیەکتری شادبوونەوە.
(٣) شەمسی تابان: خۆری تیشک دەرەوە و ڕووناکی بەخش.
(٤) شاهی خوبان: پاشای جوانان.
(٥) شەمعی شەبیستان: بەو چرایە دەڵێن کە لەسەر ئارامگا و مزگەوتەکاندا بەشەو هەڵدەگیرسێندرێ. یان بەو مۆمە دەگوترێ کە لە حەرەمسەرای شاهاندا یا لەسەر تەختی نووسینیان هەڵدەکرێ.
(٦) تریاک: تلیاک بەعەرەبی پێی دەگوترێ: (ترياق)
(٧) صوبحی ڕەخشان: بەیانی ڕووناک.

تا زولفی لەسەر چیهرە*

تا زولفی لەسەر چیهرە پەریشانی صەبایە(١)
ئاشوفتەگیی و تیرەگیی بەختی سیایە(٢)
ڕووی و لەب و مووی هەمدەم و ئامیزشی یەک بوون(٣)
غونچەی چەمەن و بەردی یەمەن، موشکی خەتایە(٤)
شمشادی قەدی سەروی خەرامانە ڕەوانە
جێ گیری دڵی پادشەهـ و شاهـ و گەدایە
چاوی کە وەکو دیدەیی بازێکە شکاری
دڵ وەک کەوی بێ چارە گرفتاری بەڵایە
(زێوەر) نییە دۆستێ کە ڕەقیب تووشی بەڵا کا
مەعلوومە ثەوابی ئەمە وەک حەجج و غەزایە

....

* ئەم شیعرە لە لاپەڕە ١٧٤ی کەشکۆڵی (أ) و لاپەڕە ٣٧ی کەشکۆڵی (ب)دا هەیە. لە گۆڤاری (بەیان)ی ژمارە ١٤٢، لاپەڕە ١٩دا چاپ کراوە.
(١) چیهرە: ڕوخسار. صەبا: بای صەبا، شنەبای بەیانی.
(٢) ئاشوفتە: تێکچوو، حاڵ شێواو. تیرگی: تاڵی و ناخۆشی.
(٣) لەب: لێو. ئامیزش: باوەش تێک وەرهێنان.
(٤) بەردی یەمەن: بەردێکی سووری بەقیمەتە، ئاقیقی پێ دەگوترێ. میشکی خەتا: میسکی وڵاتی خەتا. ئەڵێن جۆرە ئاسکێک هەیە لە وڵاتی تورکمانستان کە لە ئەنجامی هەڵاتن و ماندووبوونی زۆرەوە خوێن لە ناوکی دەتزێ و خوێنەکە ڕەش هەڵدەگەڕێ و وشک دەبێتەوە وەک لە ناو کیسەیەک دابێ بەناوکییەوە تەکە تەکی دێ و لەدواییدا لە غاردانداا لێی دەکەوێت، ئەو خوێنە وشک هەڵاتووە عەترێکی زۆر بۆنخۆشی لێ پەیدا دەبێ. شایانی باسە کە شاعیر لەم دێرە شیعرەدا (لەف و نەشرێکی) بەلاغی بەکارهێناوە، چونکە لە نیوە دێری یەکەمدا (ڕوو لەب و مووی) هێناوە لە نیوە دێری دووەمیشا بەرامبەر ئەم سێ شتە (غونچەی چەمەن و بەردی یەمەن و موشکی خەتای) هێناوە ڕووی بەرامبەر غونچە،

لێوی بەرامبەر بەردی یەمەن، مووی بەرامبەر میشکی خەتا، کردوون.
شایانی باسە کە کاک (محەمەد عەلی قەرەداغی) کاتێ ئەم شیعرەی لە بەیان دا بڵاوکردۆتەوە لە جیاتی (بەردی یەمەن) کە بەردێکی سووری بەقیمەتە لە دەریای یەمەن دەردەهێنرێ. (بوردی یەمەنی) نووسیوە.

دڵ*

دڵ کە غەیری شکەنی زوڵفی تۆ ئەفکاری نییە
تووشی سەودا بووە تا ڕۆژی ئەزەل چاری نییە(١)
زاهید! ئەر دیدەیی تەڕ ئەشکی هەمەڕەنگی نەبێ(٢)
لێی گەڕێن مەنعی مەکەن میحنەتی دڵداری نییە
نیشی زەخمی موژەیی دولبەری کەم دیوە مەگەر(٣)
هەر کەسێ تا بەسەحەر ناڵەو و هاواری نییە
هەر کەسێ فەیضی قەدەم بۆ سیی ئەتۆی بەرنەکەوێ
لە قیامی عەرەصاتا ئەحەدێ یاری نییە(٤)
بۆیە پەردەی لەسەر و ڕووی فڕێداوە نیگار
تا بڵێین خۆی چەمەنە حاجەتی دیواری نییە(٥)
تا لەمن دوورە هەوای کاکۆڵی موشکین، دڵەکەم(٦)
سەیری باغ و هەوەسی دیدەنی گوڵزاری نییە
(زێوەر)ی دەربەدەر ئەمڕۆ لە فیراقت نەفەسێ
غەیری غەم خواردن و گریانی حەزین کاری نییە

....

* ئەم شیعرە لە لاپەڕە ١٨٣-١٨٤ی کەشکۆڵی (أ) و لاپەڕە ٤٤ی کەشکۆڵی (ب)دا نووسراوەتەوە. لە ژمارە ١٢٧ی گۆڤاری (بەیان)یش بڵاوکراوەتەوە.
(١) شکەن: پێچ و لوول. ئەفکار: کۆی (فکر)ە بەمانا ئەندێشەیە. دەشگونجێ وشەکە (ئەفگار) بێ واتە: بریندار و دووچار. سەودا: عەشق، سەرەخولە، تووش هاتوو. (ئەزەل = أزل) ڕابووردوێکی کۆن کە سەرەتای نەبێ. وابزانم وشەکە (ئەبەد = أبد) بوایە جوانتر بوو.
(٢) زاهید! ئەر: بۆ وەزنی شیعر ئەم وشەیە دەبێ بە (زاهیدەر) بخوێنرێتەوە.
(٣) لە گۆڤاری (بەیان)دا ئەم نیوە دێرە شیعرە بەم شێوە بڵاوکراوەتەوە (نیش و زەخمی موژەیی دلبەری کەم دیوە ئەگەر).
(٤) فەیض: لێشاوی ڕەحمەت. قەدەم بۆسی: قاچ ماچکردن. قیامی عەرەصات: زیندووبوونەوە و هەستانی دەشتی مەحشەر.
(٥) فڕێداوە: هەموو سەرچاوەکانی جگە لە کەشکۆڵی (أ) کە لەوێدا نووسراوە: لاداوە. چەمەن: باخ و گوڵزار.
(٦) کاکۆڵی موشکین: زوڵفی بۆنخۆش و ڕەشی وەکو میشک.

چاوەکەت بۆ من*

چاوەکەت بۆ من لە باتی نێرگسی شەهلا بەسە(١)
سەیری ڕوخسارت لە باتی لالەیی حەمرا بەسە(٢)
ڕۆیین و دانیشتن و هەستان و وەستانێکی تۆ
بۆ منی بێ دڵ لەجیاتی سینەمای بەغدا بەسە
ڕادیۆم ناوێ کە گوێ بگرم لە دەنگی ساز و نەی
لەو دەمی پڕ شەککەرەت جوێن دانی بێ مەعنا بەسە
چیم لە باسی لەشکری ئینگلیز و ئەڵمانی هەیە
لەشکری موژگانی تۆ بۆ حەملەو و دەعوا بەسە
بێمە وەصفی قامەتت فیکرم ئەوەندە بەرز ئەبێ
بانگ ئەکەن -تەییارەچی!- جەولانی بۆ باڵا بەسە(٣)
مەطلەعی شیعرم صەریحە من کەوا شیعەی (عەلی)م
حوببی ئالی ئەو لەباتی نیعمەتی دنیا بەسە
گەه عومەر!؟ گاهێ عەلی!! (زێوەر!) ثەباتێکت نییە
بەسیە دوو ڕەنگی و ڕیایی مەسرەفی بۆیا بەسە

....

* ئەم شیعرە لە لاپەڕە ١٦٦-١٦٧ی سۆزی نیشتمان چاپ کراوە. لە ڕۆژنامەی (ژین)ی ژمارە ٦٠٨ی ساڵی ١٩٤٠ی ز لەژێر ناوونیشانی (هەڵبەستی زێوەر) بڵاوکراوەتەوە هەروەها لە گۆڤاری (بەیان)ی ژمارە ١٤٢ی ساڵی ١٩٨٨ی ز لاپەڕە ١٧ جارێکی تر بڵاوکراوەتەوە.
(١) شەهلا: بەچاوێک دەڵێن کە ڕەشیێەکەی مەیلەو شین بێ. لەم دێرەدا موعەممایێکی تێدایە بۆ ناوی ئیمامی عەلی لە موعەمماکەش بەم جۆرەیە (چاو = عین = ع بۆ من = لی) واتە (علی).
(٢) لالەی حەمرا: گوڵە لالەی سوور. پێویستە ئەوە بگوترێ کە (لالە) گوڵێکی جوان و قەشەنگە لە جێگای تەڕ و شێدار و قەراخ ئاودا دەڕوێ بەعەرەبی پێی دەڵێن: (شقائق النعمان) گەلێ جۆری هەیە هی وا هەیە سێ پەڕە، هەشە پێنج پەڕە. لە کەژ و کێویش دەبێ و لە باخچەی ماڵانیش دا دەیڕوێنن ئەوەی لە کێو دەڕوێ پەڕەکانی سوور و بنی پەڕەکانی لەککەیەکی ڕەشی پێوەیە. شاعیران گوڵە لالەیان کردووە بەڕەمز و میثالی کوڵم و ڕوخساری جوان.
(٣) جەولانی بۆ (کەشکۆڵ و بەیان) - سەرکەوتنی (ژین)

دڵی من*

دڵی من دەرحەقی تۆ هێندە صافە
وەکو زاهید خەریکی ئیعتیکافە(١)
مەکە باوەڕ بەقەولی دوشمنانم
قسەی دوشمن هەموو لاف و گەزافە(٢)

دوو زولفت موو بەموو هاتوون بەیەکدا
لە بۆ ئەم گەردنە تەوق و تەنافە(٣)
لەگەڵ وەصڵم بەتۆ بوو ڕۆحم ئەڕوا
وەکو (نوون)ی (مثنی) لای ئیضافە(٤)
وەرە (زێوەر) نەصیحەت بگرە گوێ، خۆت
لە ئەم ڕێگایە لادە ڕێی خیلافە

---

* ئەم شیعرە لە ل٩٢ی گۆڤاری بەیانی ژمارە ١٢٧ وەرگیراوە.

(١) ئیعتیکاف: ئەوەیە ماوەیەک لە مزگەوت بمێنییەوە بۆ خواپەرستی و عیبادەت نییەتی ئیعتیکاف (مانەوە) بێنی و بەرەو قیبلە دابنیشی.

(٢) لاف و گەزاف: درۆ و دەلەسە.

(٣) طەوق طەناف: مەبەستی ئەوەیە کە زولفەکانی بڕێکیان لە گەردنی ئاڵاون و بوون بەتۆق. بڕێکیشیان تەناف ئاسا بەلاشانیدا هاتوونە خوارێ.

(٤) (نوون)ی (مثنی) و ئیضافە: دوو زاراوەی عیلمی نەحوون واتە ئیسمێک ئەگەر تەثنیە بوو وەکو، (طالبان، طالبين) ئەگەر ئیزافە کرا و پاڵی درا بەئیسمێکی ترەوە وەکو (المدرسة) دەگوترێ: (طالبا المدرسة). پیتی (ن)ەکە لادەبرێ و نامێنێ.

شاعیریش دەڵێ ڕۆحم وەکو نوونی موثەننا وایە لەگەڵ گەییشتم بەتۆ وەصڵی تۆم بۆ هەڵکەوت ئیتر ڕۆحم نامێنی و گیانم دەردەچێ.

تالبی ڕووتم*

تالیبی ڕووتم بەئەگریجەت پەرێشانم مەکە
من کە ئیسلامم حەواڵەی کافرستانم مەکە
کونجی عوزلەت ئیختیارم کردووە مەمهێننە دەر(١)
عاشقم دێوانە نیم سا بەردە بارانم مەکە
نەقشی بەست حوببت لە دڵما، ئاسمان نایباتە دەر
سا کەمێ مەیلی منت بێ دڵ پەرێشانم مەکە(٢)
دێمە بەردەرگانەکەت تەنها بەبێ یار و ڕەفیق
جار بەجار بمخوێننەوە داخڵ بەنیسیانم مەکە
چاوی مەستت شێخ و مەلا هەردوو حەیرانی ئەبن(٣)
وا بەغەمزە ئەقڵ و دینت برد لە ئیمانم مەکە
بیستوون کەی وەک دڵی من تیشەکاریی لێ کرا؟
بۆ تەحەممول وێنەی سامی نەریمانم مەکە(**)

طەبعی (میرریخ)ت هەیە بەو طەلعەتی وەک (زوهرە)یە(٤)
(موشتەری)ی تۆم طالیبم، مەهتووکی یارانم مەکە(٥)
(زێوەر)ە هەرجان فیدابێ، دڵ فیدابێ سەر فیدا
مەمخەرە دەرد و موصیبەت تووشی هیجرانم مەکە

---

* ئەم شیعرە لە لاپەڕە ١٧٤-١٧٥ی کەشکۆڵی (أ) و لاپەڕە ٣٨ی کەشکۆڵی (ب)دا نووسراوەتەوە. لە گۆڤاری (بەیان)ی ژمارە ١٢٧، لاپەڕە ٨٩ دا بڵاوکراوەتەوە.

(١) کونجی عوزلەت (کەشکۆڵی أ) گەنجی عوزلەت (سەرچاوەکانی تر).

(٢) سا کەمێ (کەشکۆڵی أ) تۆش کەمێ (سەرچاوەکانی تر).

(٣) شێخ و مەلا (کەشکۆڵی أ) لە سەرچاوەکانی تردا ئەم نیوە دێرە بەم جۆرەیە (چاوی مەستت شاە و سوڵطان هەردوو قوربانی دەبن).

** ئەم دێرە شیعرە تەنها لە (کەشکۆڵی أ)دا هەبوو.

(٤) مەرریخ ئەستێرەیەکی گەڕۆکە لە هەموو ئەستێرەکانی تر نزیکترە لە خۆرەوە. زوهرە: ئەستێرەیەکی گەڕۆکە موعەددەل (١٠٨) ملیۆن کیلۆمەتر لە خۆرەوە دوورە کاتی هەڵهاتن و دەرکەوتنی دەگۆڕێ وەختی وا هەیە سەر لە ئێوارە هەڵدێ کاتی واش هەیە دەمەو بەیان بەدەر دەکەوێ. لەبەر بەشۆقی و ورشەی لە کۆنا بەخوای جوانییان داناوە پێیان گوتوە (آلهة الجمال) بڕێکیش لە عەرەبەکان پێش هاتنی ئیسلام پەرستوویانە.

(٥) موشتەری: کڕیار، ئاماژەشی تێدا بۆ ئەستێرەی موشتەری کە ئەویش یەکێکە لە ئەستێرە گەڕۆکەکان.

ساقی بەجیلوە هەستە*

ساقی بەجیلوە هەستە بۆم پڕکە یەک قەڕابە
ئەم شەو بەیادی چاوت مەیلم لەسەر شەڕابە
من نامەوێ (حیجاز) و (ڕاست) و (نەوا)ی عیراقی
(شۆڕ) و (قەتار) و (حەیران) بۆ من بلێن ثەوابە(١)
ڕووی دلبەرێکی کوردی نادەم بە (میسر) و (طائیف)
یەک بەیتی وردی نالی نادەم بەسەد (عەتابە)(٢)
دڵ دەردەداری یارە، بیمار و بێ قەرارە
بەینێکە ئینتیظارە، ئەحواڵەکەی خەڕاپە(٣)
مەنعم مەکە لە ناڵین ئەی شۆخی دیدە شاهێن
بۆ چاوەکانی مەستت، جەرگم ئەڵێی کەبابە(٤)
مەوجوود نەبێ ئەمانە، یا ئەو برۆ کەمانە
(زێوەر) بەتیری میحنەت دووچاری سەد عەزابە

---

* ئەم شیعرە لە لاپەڕە ١٧٠-١٧١ی کەشکۆڵی (أ)دا و لاپەڕە ٣٥ی کەشکۆڵی (ب) نووسراوەتەوە بەڵام بەجیاوازییەوە

ئێمە (کەشکۆڵی (أ))مان کرد بەبنچینە و لە پەراوێزدا ئاماژە بۆ جیاوازییەکان دەکەین.

(١) حیجاز و ڕاست و نەوا: ناوی گۆرانی عەرەبین. شۆر و قەتار و حەیران: ناوی گۆرانی کوردین وشەی (ثەوابە) لە کەشکۆڵی (أ) (سەوابە) نووسراوە، لە کەشکۆڵی (ب)دا (ثەوابە) نووسراوە هەردووکیان گونجاون دەشگونجێ وشەکە (صەوابە) بێ. لە کەشکۆڵی(ب)دا پێش ئەم دێرە شیعرە ئەم دێرە شیعرەش هەیە:

موطریب دەسا بهێنە ئالاتی کۆن و تازە
قانوون و چاڵغیی و نەی عوود و دەف و ڕوبابە

(٣،٢) لە کەشکۆڵی (ب)دا ئەم دوو دێرە شیعرە پاش و پێشن. خەراپە: بە (خەرابە) دەخوێندرێتەوە لەبەر (قافیەکە).

(٤) ئەم دێرە شیعرە لە کەشکۆڵی (ب)دا نەبوو. دیدە شاهێن: ئەوەی چاوی وەک چاوی شاهێن بێ... شاهێن: پەلەوەرێکی ڕاو پێکردنە لە شێوەی هەڵۆ، شاعیران چاوی یاری پێ دەشوبهێنن لە هێز و توانای ڕاوکردنی دڵی دڵداراندا.

ئەمڕۆ*

ئەمڕۆ بەدووسەد غوصصەوە دڵ خەستە دووچارە(١)
بۆ هەجری ئەتۆ دەردی دڵم بۆتە شەرارە(٢)
ساڵ ساڵ غەمی هیجرانی ئەتۆ زیاتر ئەبینم
ئەمساڵ دڵی من طالیبی ڕووی عوشرەتی پارە
بێ ڕەحمی و، بێ مەیلی و، ناپرسی لە حاڵم
لافاوی سروشکم کە دەڵێی سەیلی بەهارە(٣)
قوربان سەبەبی قەتلی منە صوحبەتی ئەغیار(٤)
بنوارە دەروونم کە وەکو کوورەی نارە
بۆ عاجز ئەبم هەمدەمی ئەغیار و ڕەقیبی(٥)
گوڵ ڕەنگیی و، گوڵ دیارە کە هەم صوحبەتی خارە(٦)
چۆن سینەی من مەرکەزی دینار و درەم بێ
لەعلی لەبی تۆم بێ کە بەهای چین و تەتارە؟(٧)
گەر عاجز و، گەر زویر و، ئەگەر خوڕڕەم و شادی(٨)
ببەخشە لە ڕێی نەشئەی ئەو چاوە خومارە(٩)
دڵ بوو بەئەسیری شەهی ئیقلیمی نەزاکەت(١٠)
یارەببی بەتای پەرچەمی بیدەی لە قەنارە(١١)
گەر (زێوەر) ئەڵێن بۆچی نەکەوتە سەری کێوان؟
دیوانە گەلێ طالیبی نێو کووچەی شارە(١٢)

....

* ئەم شیعرە لە ژمارە ١٢٧ی گۆڤاری بەیان وەرگیراوە.

(١) غوصصە: غەم و ناڕەحەتی. خەستە: نەخۆش و دەردەدار.

(٢) بۆ هەجری ئەتۆ: لەبەر دوورکەوتنەوەی تۆ. شەرارە: پڕیشکە ئاگر.

(٣) ئەشک: فرمێسک. سەیل: لافاو.

(٤) صوحبەتی ئەغیار: هاوڕێیەتی بێگانە.

(٥) ڕەقیب: ناحەز و بەدکاری نێوان یاران و دڵداران.

(٦) خار: دڕک.

(٧) لەعل: بەردێکی سووری گرانبەهایە لە کان دەردەهێنرێ، شاعیران لێوی یاریان پێ شوبهاندووە لە ئاڵی و سووریدا. چین و تەتار: دوو وڵاتن.

(٨) خوڕڕەم: تازە و تێراو و کەیف خۆش.

(٩) نەشئە: حاڵەتێکی نیمچە بێ ئاگایی و نیمچە سەرخۆشییە.

(١٠) شەه: پاشا. ئیقلیم: وڵات.

(١١) بەتای پەرچەمی: بەتاڵی مووی زولفی.

(١٢) لەم دێرە شیعرەدا جوانی بایس (حسن التعلیل) هەیە.

سەبەب*

سەبەب مەهجووری دیداری یارە(١)
دڵم پڕ خوێن و چاوم ئەشکبارە(٢)
تەماشای عالەمم حەصرە لەسەر ڕووی
بە دڵدا بێ خەیاڵێ، ڕووی نیگارە
لە حەسرەت ڕووی نیگارینی هەمیشە(٣)
دەروونم پڕ لە ڕەنج و پڕ لە نارە
نەسیمی گوڵشەنم بادی سەمومە(٤)
بڵێ: گوڵ، بێ گوڵی ڕووت عەینی خارە
مەزاقم دەردی هیجرانی ئەتۆی دی
ئیتر شەککەر لەکن من زەهری مارە
مەکەن لۆمەم ئەگەر صەحرا نەوەردم(٥)
مەکانی ئاهووان و جێ شکارە(٦)
بەهاری عوشرەتم زستانە بێ تۆ(٧)
بەبێ من تۆ خەزانت وەک بەهارە
نەوەک هەر من گرفتاری نیگارم(٨)
هەزارێکی وەکو من ئینتیظارە(٩)
عەزیزان! باعیثی هیجرانە (زێوەر)(١٠)
بەدایم سینە چاک و بێ قەرارە(١١)

* ئەم شیعرە لە ژمارە ١٢٧ی گۆڤاری بەیان وەرگیراوە.
(١) مەهجوور: دوورخراوە، واز لێهێنراو.
(٢) ئەشکبار: فرمێسکاوی.
(٣) نیگارین: وەک وێنە جوان.
(٤) گوڵشەن: باخ و گوڵزار. بادی سەمووم: بایێکی گەرم گڕاوی و ناهەموار و ژەهراوی.
(٥) صەحرانەوەرد: ئەوەی بەدەشت و بیاباندا دەگەڕێ و لەوێ دەژیا.
(٦) ئاهووان: کۆی (ئاهو)وە واتە ئاسک. شکار: ڕاو.
(٧) عوشرەت: ڕابواردن.
(٨) نیگار: کینایەیە بۆ ئافرەتێ وەکو وێنە جوان بێ.
(٩) هەزار: ژمارەیەکی ئاشکرایە. هەروەها بەعەرەبی ناوە بۆ بولبول.
(١٠) باعیثی هیجران: هۆی دوورکەوتنەوە لە یار و دڵدار.
(١١) سینە چاک: سینە لەت کراو.

هەموو دەم*

هەموو دەم ئێستە موشتاقم کە نایێ دولبەرم یادێ(١)
ئەما ئەو ڕەنگە سەد ساڵیش لە حاڵی من نەکا یادێ
هەتا شیرینی دەوران و موقیمی ڕوتبەیی نازی(٢)
بە ناڵە و شۆڕش و غەوغا هەموو کەس بۆتە فەرهادێ
تەحەییور ماوم -ئەی یاران!- لەفەننی نازو خودبازی(٣)
چلۆن فێربوو کە منداڵیشە، بێ تەعلیمی ئوستادێ!؟!
گەلێکم وت بەدڵ: دانیشە دنیا پڕ لە ئاشووبە
هەتاکو عاقیبەت گرتی کەمەندی زولفی صەییادێ(٤)
دڵم وەک بولبولی گوڵزاری کیشمیر و سەمەرقەندە(٥)
لەسەد ئاواز ئەخوێنێ بۆ گوڵێ گەر لێی بدا بادێ(٦)
بەوێنەی کۆهکەن ضایع بۆ ناڵە و شیوەن و شینم(٧)
کە ڕحمێکی نەکرد ئەو کافرە جارێ بەفەرهادێ(٨)
مەڵێن (زێوەر) بەخۆڕایی ئەناڵێنێ و ئەکا شیوەن
گرفتارە، بریندارە، بەتیغی چاوی جەللادێ

---

* ئەم شیعرە لە ل١٩٣ی کەشکۆڵی (أ) و ل٥٣ی کەشکۆڵی (ب)دا هەیە. لە گۆڤاری (بەیان)ی ژمارە ١٢٧، ل٨٠ بڵاو کراوەتەوە.
(١) نایێ (کەشکۆڵ) ناوی (بەیان)

(٢) ڕوتبەیی نازی (کەشکۆڵ)، ڕوتبەیی نازە (بەیان).
(٣) خودبازی: بەکەسێک دەگوترێ لەخۆوە یاری و سەما بکا.
(٤) زولفی صەییادی (کەشکۆڵ) داوی صەییادی بەیان واتە: گەلێکم بەدڵ گوت دانیشە، ئەوەندە سەرەڕۆ مەبە وازی نەهێنا و بەقسەی نەکردم تا یار -بەزولفی وەک کەمەندی- گرتی و تێکییەوە پێچا و تازە ڕزگاربوونی نابێ. چونکە نێچیرەوان کە نێچیری گرت تازە زەحمەتە بەرەڵای بکا.
(٥) کشمیر: وڵاتێکی زەراعی گرینگە کەوتۆتە نێوان شیمالی هیند و پاکستانی غەربییەوە.
سەمەرقەند: شارێکە کەوتۆتە ناوەڕاستی کۆماری ئوزبەکستانەوە جەنگیزخان ڕووخاندی دوایی تەیمووری لەنگ داگیری کرد و کردی بەپایتەختی خۆی قەبرەکەشی لەوێیە.
(٦) (لەسەد ئاواز ئەخوێنێ) دەبی (بەسەد ئاوازە خوێنێ) بخوێندرێتەوە شایانی باسە لە کەشکۆڵی (أ)دا (سەر ئاواز) نووسراوە.
(٧) کۆهکەن: کێو هەڵکەن، مەبەستی فەرهادە.
(٨) بەفەرهادێ: لە کەشکۆڵی (أ)دا (بەفەریادێ) نووسراوە.

گرتوومە لە عالەم صەنەمێ*

گرتوومە لە عالەم صەنەمێ، لالە عوزارێ
شیرین خەت و خاڵی چ عەجەب دیدە خومارێ!(١)
سەد دولبەری چینی بەفیدای نیمە نیگاهی(٢)
سەد حوور و پەری بێ بەفیدای عیشوەیی جارێ
باری غەمی دڵ سەهلە بەتای پەرچەمی لاچێ
بیکا بەکەمەندی دڵی میحنەت زەدە بارێ(٣)
کاکۆڵی سیا لازمە بۆ گەردنی زیوین
گەنجێ کە ببێ لازمە بۆ حارسی، مارێ(٤)
مومکین نییە بێ ڕەنجی عەدوو گەنجی ویصالت
وەصڵی گوڵ ئەگەر بێ نییە، بێ ئافەتی خارێ(٥)
ڕیشەی دڵی هەڵکەندووە ڕیشووی ڕەشی مشکی
گەر هۆشی بە ڕیشوەت نەدەمێ زەحمەتە چارێ
کامی دڵ ئەگەر بێتو ڕەوابێ لە لەبی ئەو(٦)
تا ڕۆژی قیامەت لە لەبم شەککەر ئەبارێ
سەر کۆهی خەفەت کەوتووە (زێوەر) بەتەماشا
لەو کۆهی غەم و میحنەتە ئەو نایەتە خوارێ(٧)

---

* ئەم شیعرە لە ل١٨٧-١٨٨ی کەشکۆڵی (أ) و ل٤٩ی کەشکۆڵی (ب)دا هەیە لە گۆڤاری (بەیان)ی ژمارە١٢٧، ل٨١دا بڵاو کراوەتەوە.

(١) صەنەم: بت، هەیکەلی پەرستراو. لالەعوزار: گۆنا سوور وەک گوڵی لالە. دیدە خومار: چاو مەست.
(٢) نیم: نیوە. نیگاە: بەتیلەی چاو لەلاوە سەیرکردن.
(٣) میحنەت زەدە: خەم و خەفەتبار. بارێ: جارێک.
(٤) کاکۆڵی سیا: زولفی ڕەش.

شاعیر نیوە دێری دووەمی کردووە بە (حسن التعلیل) بۆ نیوە دێری یەکەم. ئەوەتا دەڵێ: بۆیە زولفی ڕەشی لە دەوری گەردنی زیوینی ئاڵاوە چونکە ئەو گەردنە گەنجی زێڕ و زیوە گەنج و خەزینەش پێویستی بەحەرەس و چاودێریکەر هەیە، کەوا بوو زولفی وەکو ڕەشمار بووەتە حەرەس و نایەڵێ کەس دەستی بۆ بەری یان لێی نزیک بێتەوە.

(٥) ویصال: گەیشتن بەمراد. خار: چقڵ و دڕک. ئەگەر بێ: ئەگەر ببێ لە نێوان (بێ) و (بێ) جیناسی تەواو هەیە. لێرەشدا نیوە دێری دووەم بووەتە (حسن التعلیل) بۆ نیوە دێری یەکەم.
(٦) کام: ئارەزوو.
(٧) کۆھ: کێو، کەژ. نیوە دێری دووەمی ئەم تاکە شیعرە لە (بەیان)دا بەم جۆرەیە:
(پێی خۆشە ئەگەر لەم غەمە بیهێننە خوارێ).

نیگارا!*

نیگارا! تۆ لە هەر جێگە دیاری
لە ڕووتا گوڵ ئەکێشی شەرمەساری
بە چاو نێرگس، بەدەم غونچە، بەڕوو گوڵ
هەمیشە صاحێبی حوسنی بەهاری
لە پەندی ئەهلی دانش گوێم گرانە(١)
کە مەنعم کا لە زاریی یا لە زاری(٢)
لە وەسفی نازکیتا دەستە ئەژنۆن
هەزارێکی وەکو نالیی و ناری(٣)
نەهاتیمە کە وەعدت دا نەهاتی
سپی بوو، کوێر بوو چاوی ئینتیظاری(٤)
قەسەم بەو خاکی بەرپێی تۆیە قوربان!
بەشم هەر زیللەتە و هەر خاکساری
ئەگەر تۆ بێیتە لام سەر وا لە ڕێتا
ئەگەر من بێم ئەکەم هۆشم بەدیاری
ئەزانی، بۆچ عەزیزی تۆ لەلای من
کە پەروەردەی هەوای ناو شاخ و داری
کە نەتبێ عەشقی باد و ئاب و خاکت
لە لام هەر ناری گەردانەی هەناری(٥)

....

* ئەم شیعرە لە لاپەڕە ١٨٩-١٩٠ی کەشکۆڵی (أ) و لاپەڕە ٥٠ی کەشکۆڵی (ب)دا نووسراوەتەوە لە گۆڤاری (بەیان)ی

ژمارە ١٤٢، لاپەڕە ١٩دا بڵاوکراوەتەوە.
(١) ئەهلی دانش: خاوەن عەقڵ و زانست.
(٢) زاریی: گریان و هاوار. زاری: دەم. لەنێوان (زاریی) و (زاری) جیناسی چون یەک هەیە.
(٣) هەزار: ژمارەیەکی ئاشکرایە یا بەمانا بولبولە هەردوو ماناکان بۆ ئێرە دەگونجێن. نالی: مەلا خدری شارەزووری شاعیری گەورەی کورد و مامۆستای شیعری کلاسیکی بەشێوەی کرمانجی خواروو.
ناری: مەلا کاکە حەمەی بێڵو. لە کۆکردنەوەی (هەزار)ی بەمانا بولبول لەگەڵ وشەی (نالی) کە لە ناڵینەوە هاتبی تەناسوبێکی جوان هەیە.
(٤) (نەهاتی) یەکەم بەمانا بێ شانس و ئیقباڵی، (نەهاتی) دووەم بەمانا پێچەوانەی هاتن و حازربوونە. لە نێوان (نەهاتی) و (نەهاتی) جیناسی موڕەککەب هەیە. چونکە (نەهاتی) دووەم پێکهاتووە لە (نە) ئامرازی نەفی+(هاتی).
(٥) هەر ناری: هەر ئاگری لە نێوان (هەرناری) و (هەناری)دا جۆرە جیناسێکی جوان هەیە.

کەوتمە داوی*

کەوتمە داوی نیگارێ، مەھ جەبینێ، دولبەرێ
ئیختیارم لا نییە گەر دین و ئیمانم بەرێ(١)
سونبولی تەڕ ڕائیحەی کەی نەوعی زولفەینت ئەبێ
نافەیی ئاهوویی چین باجەکە ئەیخاتە دەرێ(٢)
هەر سەحەر گاهان ئیفاقەی بێ زەمانی دەردەکەم
لەش بریندارم بەتیغی دولبەرێ، قەد عەرعەرێ(٣)
پێم بڵێ: بۆ حەلقە حەلقە پەرچەمت کەوتۆتە مل؟
خۆ بەقانوون و نیظام زنجیر لە گەردن ناکرێ(٤)
ئارەقی سەر ڕوومەتت ئابی حەیاتە، زەمزەمە(٥)
هەر کەسێ نۆشی بکا تا ڕۆژی مەحشەر نامرێ
سینە کوورە، دڵ کەباب و، باوەشینی ناڵەیە
ئاوی وەصڵی ئەو نەبێ ئەم ئاگرە دانامرێ(٦)
بۆ بەخۆڕایی ئەتۆ (زێوەر) ئەڵێی من موخلیصم
کوا ڕەفیقێ؟ کوا شەفیقێ؟ تا جەوابت بۆ بەرێ

....

* ئەم شیعرە لە ل١٩٢ی کەشکۆڵی (أ)دا هەیە.
(١) نیگار: وێنە، خۆشەویست. مەھ جەبین: ڕوخسار وەک مانگ.
(٢) سونبول: جۆرە گوڵێکی بۆنخۆشە لە گوڵدانا دەنێژرێ بۆ نەورۆز ئامادە دەکرێ زەنگوڵ زەنگوڵ شۆڕ دەبێتەوە. نافە: مووی بۆنخۆشی بن ناوکی ئاسکە.
(٣) سەحەر گاهان: بەرەبەیان.
(٤) مامۆستا (زێوەر) ئەم دێرە شیعرەی لە دێرە شیعرەکەی وەفایی دەچێ کە دەڵێ:

پێم: بڵێ وەجهی چییە زولفت موقیمی ڕوومەتە
خۆ بەشەرعی موصطەفا جەننەت بەکافر نادرێ

(٥) ئابی حەیات: ئاوی ژین. دەڵێن کانیاوێکە لە تاریکیدایە هەر کەسێ بیدۆزێتەوە و لێی بخواتەوە تا ڕۆژی قیامەت نامرێ.

(٦) ئەم شیعرەی (زێوەر) لە دێرە شیعرێکی ناری دەکا کە دەڵێ:

ڕوومەت وەکو ئاتەش موژەت وەک شیشە ئەبرۆت قیمەکێش
میروەحەت زولف و کەبابت جەرگی پارەی (ناری)یە

لە غەیرە خاڵییە*

لە غەیرە خاڵییە مەجلیس نیگاری مەه جەبین بابێ
سوراحی گەردەنێ، چاوپیاڵە، یاری نازەنین بابێ(١)
لە زاهید دڵ بەئازارم لە سەیری سۆفی بێزارم
لەنێو دەیری موغانا موغبەچەی بێ دەئب و دین بابێ(٢)
بە ناسۆر کەوتووە، زەخمی دڵم بەو زوڵفە موشکینە(٣)
بە خەندەی لێوی شەککەر باری مەرهەم بۆ برین بابێ
لە ڕێگای دیدەوە مولکی دڵی خستۆتە ژێر حوکمی
ئەمیری بەحر و بەڕ، سەرداری خووبانی زەمین بابێ(٤)
خەزانی فیرقەتی هاتوو گوڵستان مایەوە بێ گوڵ
لە سینەی بولبولی بێ خان و مان ناڵەی حەزین بابێ(٥)
بە ئەشکێ ئاڵ و زەرد و سووری من ڕەنگینە کاشانە
عەجائیب مێرغوزارێکە غەزالەی دەشتی چین بابێ(٦)

....

* ئەم شیعرە لە ل١٨٨-١٨٩ی کەشکۆڵی (أ) و ل٤٩-٥٠ی کەشکۆڵی (ب)دا نووسراوەتەوە.

(١) مەه جەبین: ڕوخسار وەک مانگ.

(٢) زاهید: ئەو کەسەی کە بەڕواڵەت خۆ واپیشان دەدا کە دنیای ناوێ. دەیر: کلیسا. موغبەچە: بەچکە مەلای زەردەشتی، بریتییە لە شاگردی مەیخانە.

(٣) زوڵفی موشکین: زوڵفی بۆنخۆش وەکو بۆنی میشکی خەتا و خوتەن.

(٤) خووبانی زەمین: جوانانی دنیا.

(٥)خەزان: پاییز. فیرقەت: جودابوونەوە. خان و مان: جێگەو ڕێگە، ماڵ و مەڵبەند.

(٦) ئەشک: فرمێسک. کاشانە: خانووبەرە و بەردەرگا. غەزالەی دەشتی چین: ئاسکۆڵەی دەشتی چین.

با نەچێتە لای ڕەقیبان*

با نەچێتە لای ڕەقیبان یار ئەنیسی خانە بێ
لازمە ئەو ئاسکە لەو لا نەبێ، لەولا نەبێ

دیدە وەختێ تۆی لەلا حازر نەبێ وا حەز ئەکا
بۆ نەظەر لەعل و دوڕی یەکتانەبێ، یەک تا نەبێ
عاریفی حەق بین چ باکی زینەت و ئارایشە
وای ئەوێ ناو شار و ناو دێ وا نەبێ، دێوانە بێ
دۆستی و خزمی نەماوە بۆ ڕەفیقی خۆی فەلاح
حەز ئەکا بەو شەرتە گەر بێ گا نەبێ بێگانە بێ
هەر کەسێ بۆ تەرکی دلبەر دێ نەسیحەتمان ئەکا
ئەم دوعایەی لێ ئەکەم: یاخوا نەبێ، یا(خوانە) بێ
شەمعی ڕووتە بۆتە باعیث (زێوەر) ئێستا دائیما
گەر لە خاتریا کەمێ پەروا، نەبێ، پەروانە بێ

....

* ئەم شیعرە لە ل١٩٧ی کەشکۆڵی (أ) و ل٥٦ی کەشکۆڵی (ب)دا هەیە لە گۆڤاری بەیانی ژمارە ١٢٧، ل٩١یشدا چاپ کراوە.

شایانی باسە کە شاعیر لە سەرلەبەری دێری دووەمی شیعری ئەم قەصیدەدا جیناسی جوان جوانی بەکارهێناوە کەچی سنعەتە لەفظییەکە و وشەسازییەکە هیچ کارێکی سەلبی نەکردۆتە سەر ڕەوانی و نازکی شیعرەکە.

بەئێشی نێشی...*

بەئێشی نێشی تیرت دڵ لەتە، کەی بێ دەوایێ بێ؟
بەسەر چین چینی زولفی تۆ سەحەر بادی صەبایێ بێ(١)
پیادەی دڵ لە سەطحی ڕێگە تا پێچ و پەنای ناوێ
بە(ڕوخ) ماتی مەکە خەوفت لەحوکم و ئەمری (شا) یێ بێ(٢)
بەدوو چاو و دوو ئەبرۆ و خەتت و خاڵی شەشدەری لێم گرت(٣)
لە بنیا داشی دڵ گرژاوە، سا ڕەببی گوشایێ بێ
بەجان و دڵ، سەروماڵ، دین و ئیمان هاتمە کوێی تۆ
بەڕەسمی دوشمنی لاوە، خودا تووشی بەلایێ بێ
لەدڵما زەهری هیجرانت بەسەد پیاڵەی شەراب ناڕوا
چ نەفعی بۆ منە موطریب بەسەد ساز و نەوایێ بێ؟
لەبەختی من دوو ئەبرۆت هەروەکو شمشێری بوڕرانە
بە من چی بۆ ڕەقیبان گەر وەکو باڵی هومایێ بێ
دەڵێ (زێوەر): هەتا ماوم لە وەصڵت نائومێد نابم
ئومێدم هەر هەیە جارێ کە تەئثیری دوعایێ بێ

....

* ئەم شیعرە لە ژمارە ١٢٧ی گۆڤاری بەیان وەرگیراوە.

(١) بادی صەبایێ: شنە بایەکی بەیانی.
(٢) پیادە، سەطح، ڕوخ، مات. شا: ئامرازی شەترەنجن، دیارە زێوەر یاری شەترەنجیشی زانیوە.
(٣) شەشدەر: زاراوەییێکی یاری کردنە بریتییە لەوە یەکێک لە یاری کەرەکان بەردەمی پۆلەکانی بەرامبەرەکەی گرتبێ و نەهێڵێ زارەکەی هەڵدا، هەروەها کینایەشە لە سەر لێشێواوی.

شوعاعی شەمس*

شوعاعی شەمس و شەوقی شەمع و لەمعەی بەدر ئەبێ ون بێ(١)
لە جێگایێ کە ڕوخساری نیگاری دولبەری من بێ
بەدوو ڕەشماری سەرشانی دەڵێی ضەحاکی سەففاکە(٢)
لەقەتلی کەس قوصوور ناکا ئەگەر ئینس و ئەگەر جین بێ
ئەوا مردم بەسم سا تیرە باران کە بەموژگانت
لەسەرتا بۆ بەخۆڕایی هەموو ئەخلاقی (بەهمەن) بێ(٣)
لە ڕێگای عەشقی تۆدا تووشی زیندان بم لەلام خۆشە
چییە باطالیعی سستی منیش وەک بەختی (بیژەن) بێ(٤)
هەتا عیشقم لەسەردا بێت و هیجرانم لە ڕێ دا بێ
لە کوللی ساعەتێکا هەر دەبێ چاوم لە مردن بێ
کە چاوی مەست و خوێنڕێژی بەغەمزە مەیلی عاشق کا
دەبێ پیاڵەی شەرابی لەعلی ڕوممانیی سەر و بن بێ(٥)
ئەگەر (زێوەر) لە حوببی تۆ سەعاتێ قەلبی خاڵی بێ
ئیلاهی! ئەو دڵەی دەردەم نیشانەی تیری دوشمن بێ

....

* ئەم شیعرە لە ژمارە ١٢٧ی گۆڤاری بەیان وەرگیراوە.
(١) (بەدر ئەبی) دەبێ بە (بەدرە بێ) بخوێنرێتەوە.
(٢) ضەحاک: زوحاک. سەففاک: خوێنڕێژ.
(٣) بەهمەن: ئەردەشیری کوڕی ئەسفەندیاری کوڕی گۆشتاسیبە یەکێکە لە ناودارەکانی کۆنی ئێرانی.
(٤) بیژەن: کوڕی گیوە، کوڕە پاشا و بەناوبانگی ئێرانییە. عاشق و شەیدای مەنیژەی کچی ئەفراسیاب بووە، لە هەل و فرسەتێکدا ئەفراسیاب شەو لە ماڵی خۆیدا گرتوویەتی و زیندانی کردووە.
(٥) شەرابی لەعلی ڕوممانی: واتە شەرابی ڕەنگ سووری شێوە کاڵی وەک ڕەنگێکی کە پێک هاتبێ لە تێکەڵکردنی ڕەنگی لەعل و ڕەنگی هەنار.

بەهاری*

بنوارە نەو بەهار و هەوای تەراوەتی(١)
نووساندی پێکەوە لەبی غونچە حەلاوەتی(٢)

هێنایە شەوق و زەمزەمە طەیرانی سەر زەمین(٣)
سەرما بڕایەوە هەموو توندی و صەلابەتی
هەورە برووسکە بۆتە سەقا ئاوڕشێن ئەکا(٤)
تا، سەبزە زاری ئەرزی موجەللا بێ صەفوەتی(٥)
ئەم عەردە مردووە هەموو ڕۆحی کرایە بەر
گۆڕاوە سەر بەسەر هەموو دنیا قیافەتی
بادی صەبا بەجیلوە قەدی گوڵبونی لەران(٦)
گوڵ زاری کردەوە کە بکا شوکری نیعمەتی

....

* ئەم شیعرە لە ل١٩٢-١٩٣ی کەشکۆڵی (أ)دا هەیە لە گۆڤاری (بەیان)ی ژمارە ١٤٢ش بڵاو کراوەتەوە.
(١) تەراوەتی = طەڕاوەتی: تەڕوبڕی و شێداری.
(٢) لەب: لێو. حەلاوەتی: شیرینی.
(٣) زەمزەمە: گۆرانی و هەراوهۆریا. طەیران: باڵندە و پەلەوەر.
(٤) برووسکە کەشکۆڵی (أ) تریشقە: گۆڤاری (بەیان). سەقا: ئاودێر.
(٥) سەبزە زار: سەوزایی، بەشوێنێک دەوترێ گژوگیا و سەوزایی زۆری لێ بێ. موجەللا: پاک و بێ تۆز و گەرد.
(٦) بادی صەبا: شنەبای بەیانی. گوڵبون: دارگوڵ. بەڕاستی (زێوەر) لەم دێرە شیعرەی کۆتاییدا تابلۆیەکی جوان و مانایەکی ناسکی خستۆتە نێو ئەم وشانەوە. چونکە وەکو ئاشکرایە غونچەی گوڵ کاتێ با لێی دەدا دەپشکوێ وە ئەمە شتێکی سروشتییە بەڵام (زێوەر) هۆی پشکووتنەکە دەباتەوە بۆ شتێکی تر و دەڵێ غونچەکە با لێی دەدا بۆیە دەپشکوێ چونکە دەم دەکاتەوە سوپاسی بای صەبا بکا.

وەک قەدەح چاوم*

وەک قەدەح چاوم لەسەر دەست دائەنێم نانووم شەوێ
شەست پەڕی ڕووت تا لە ناو باخی زەمانا سەرکەوێ
ئەنجوومی ڕووی زەمین مەحون بەنووری طەلعەتت(١)
وەک ستارەی ئاسمان مەحون شەفەق گەر دەرکەوێ(٢)
موتتەصیل تا صوبحدەم غەرقی خەیاڵی ڕوویی تۆم
عاجزە، تۆراوە لێم، خۆ هەر نزیکم ناکەوێ(٣)
عاشقان هەریەک لە پێشتر خۆ بەقوربانت ئەکەن
ڕەبی قڕیان تێ کەوێ نۆبەم کە هەر بەرناکەوێ
گەرچی دەرمانە نیگاهت بۆ برینی نێو دڵان
طەبعی نازە دڵی من ئەم دەوای پێ ناکەوێ
کافر و ئیسلام موقابیل بوون لە شاری حوسنی تۆ
باعیشی چی بێ کە ئیسلام دەفعەیێ سەر ناکەوێ!(٤)

(زێوەر)ی دڵ پڕ موصیبەت بەندە بۆ خزمەتگوزار
مەیکوژە ئێجگارەکی عەبدی وەهات دەس ناکەوێ

....

* ئەم شیعرە لە ل١٩١ی کەشکۆڵی (أ)دا هەبوو.

(١) ئەنجووم = أنجم: کۆی نەجمە، واتە: ئەستێرەکان. طەلعەتت: ڕوخسارت.

(٢) ستارە: ئەستێرە. شەفەق: ڕووناکی پێش هەتاو کەوتنە.

(٣) صوبحدەم: دەمەوبەیانی.

(٤) مەبەستی بەکافر زولفەکانی یارە. چونکە زولف ڕەشە، شاعیران وشەی کافریان کردووە بەکینایە بۆی. هەروەها وشەی ئیسلامیشیان کردووە بەکینایە بۆ ڕوخسار.

جا لێرەدا شاعیر دەڵێ: زولفی ڕەش و ڕوخساری پرشنگدار لە شاری حوسن و جوانیت دا کۆبوونەوە و بەرامبەر یەک وەستاون بەڵام هەموو دەم زولفەکانت زاڵن و سەرکەوتوون تێ ناگەم بۆچی جارێک ڕوخسارت سەر ناکەوێ و زولفت لاناچێ؟!!!

(وەفایی)یش لەم بارەوە گوتوویەتی:

پێم بڵێ وەجهی چییە زولفت موقیمی ڕوومەتە؟
خۆ بە شەرعی موصطەفا جەننەت بەکافر نادرێ

حەکیمی دەردی من*

حەکیمی دەردی من ئەو چاوەیە قەت دوختەرم ناوێ(١)
لە ڕێگای عەشقی تۆدا گوم ببم یەک ڕەهبەرم ناوێ
تەماشای زولفی ئاڵۆزاو و سەرمینایی گەردن کەم
لە صەحنی گوڵشەنا هیچ سەیری عوود و عەنبەرم ناوێ(٢)
سەعاتێ هەم نشینی تۆ ببم ئەقصای ئامالە(٣)
ئیتر حوور و قوصوور و لەحمی طەیر و کەوثەرم ناوێ
بە وەعظی واعیظ ئەمڕۆ چونکە عالەم حاڵی گۆڕاوە(٤)
هەتا مشکیی عەلیخانی بوەستێ مێزەرم ناوێ(٥)
ئەگەر دوو سێوەی زیوینی لە باخی سینەدا دەرخا
هەتاکو ڕۆژی مردن شەرتە تەختی سەنجەرم ناوێ(٦)
ئەسیری حوسنی تۆم، ئازادی تەعنەی عالەمم بیللا
لە باتی خاکی بەر دەرگانەکەت سیم و زەڕم ناوێ
تەقەی دەف، حەلقەی دەروێش، ئەڵێی نانێکی بێ خوێیە
کە نووری مەعریفەت گوم کەم چراغی ئەختەرم ناوێ(٧)
لەڕێی طۆفانی زیللەتدا حەیاتی عارییەت مەرگە(٨)
لەگەڵ بێ حورمەتیدا بارەگاهی قەیسەرم ناوێ

....

* ئەم شیعرە لەژێر عینوانی (زێوەر ئەڵێت)دا لە گۆڤاری گەلاوێژی ژمارە ٦ی ساڵی ٩ی ١٩٤٨ز بڵاو کراوەتەوە، لە

کەشکۆڵی (ب) ل٥٦-٥٧دا نووسراوەتەوە و (محەمەد عەلی قەرەداغ)یش لە گۆڤاری (بەیان)ی ژمارە ١٤٢ ل٢٠ جارێکی کە بڵاوی کردۆتەوە. لە ل١٩٨ی کەشکۆڵی (أ)یش نووسراوەتەوە.

(١) دوختەرم (گەلاوێژ) دوکتەرم (کەشکۆڵ و بەیان)

(٢) صەحنی گوڵشەن: مەبەستی ناو باغ و گوڵزارە.

(٣) ئەقصای ئامالە: ئەوپەڕی ئاواتە.

(٤) بەوەعضی واعیظ (گەلاوێژ) لە وەعظی واعیظ (کەشکۆڵ و بەیان).

(٥) مشکی و عەلیخانی: دوو جۆرە شەدەن. لە کەشکۆڵ و بەیاندا نووسراوە (مشکیی عەلی خانی...) واتە شەدەی عەلی خانی.

(٦) سەنجەر: دەبێ مەبەستی سەنجەری کوڕی عەبدوڵڵا جاولی بێ کە لە دیاربەکر لە ٦٥٣ک ١٢٥٥ز. لە دایک بووە، بووەتە یەکێک لە بڕوا پێکراوانی (ظاهر بیبرس) میسری، دوایی بووەتە والی و لێپرسراوی وڵاتی غەززە، ئەمیرێکی عادل و خێرخواز و زانست پەروەر بووە ساڵی ٧٤٥ک ١٣٤٥ز لە قاهیرە لە دنیا دەرچووە. النجوم الزاهرة بەرگی ١٠/١٠٩.

(٧) چراغی ئەختەر: چرای وەکو ئەستێرە ڕووناک.

(٨) حەیاتی عارییەت: واتە ژیانی بەئەمانەت و بەردەوام نەبوو.

ئەو دولبەرە*

ئەو دولبەرە نەوڕەستە کە ڕەنگی بنوێنێ
ڕەنگە لە فەلەک جەمعی مەلائیک بنوێنێ(١)
تیغی خەمی ئەبرۆی ئەگەر بێتە بزووتن
زنجیری ئەمەل، ڕشتەی ئیمان ئەپسێنێ
هەر لەحزە بەشوعلە و ڕوخی گوڵ ئاتەشیی خۆی
لەم (بۆتە)ی سینە مسی قەلبم ئەتوێنێ(٢)
بونیادی خەیاڵم کە ئەشوبها بەدەماوەند
هەر لەحزە بەتیرێکی موژەی دای ئەڕووخێنێ(٣)
وا صوورەتی وا سیرەتی هەر عەینی کەمالە
جار جارە بەشەرمێکەوە عاشق ئەدوێنێ(٤)
خەرمانی وجوودی بەخوا دوورە لە ئافات
هەر کەس لە دڵا توخمی وەفای ئەو بڕوێنێ
ئیعجازی مەسیحا لە لەبی پڕ شەکەرایە
سەد موردە ئەکا زیندە و زیندە ئەمرێنێ(٥)
ڕوخت کە بەهای عیشوە و نازی ئەوە (زێوەر)
لەو کافرە خۆت لادە کە دینت ئەفڕێنێ

....

* ئەم شیعرە لە ل١٩٠-١٩١ی کەشکۆڵی (أ)دا هەبوو.

(١) (بنوێنێ)ی یەکەم واتە ڕای بنوێنێ بەدەری خا، (بنوێنێ)ی دووەم واتە خەوی لێ بخا بیان خەوێنێ. لە نێوان هەردوو وشەی (بنوێنێ)دا جیناسی تەواو هەیە.

(٢) لەحزە = لەحظە: کات. شوعلە: تیشک. گوڵ ئاتەشی: گوڵی وەک ئاگر سوور.

بۆتە: فنجانێکی گڵێنەی سوور کراوەیە زێڕی تێدا دەتوێننەوە، ئەم وشە کوردییەکی پەتییە عەرەب وەریان گرتووە و کردوویانە بە (بودقە).

(٣) بونیاد: بناغە.

دەماوەند: بەرزترین لووتکەی کێوی ئەلبورزە لە ئێران ٦٣٠٠ مەتر بەرزە، یەکەم کەس گەیشتۆتە لووتکەکەی لە ئەورووپایی (ئولیڤیە) بووە. دەماوەند: لووتکەی کێوی ئەلبورزە کە کەوتۆتە کەناری دەریای خەزەر، لەلای جنووبییەوە بڵندی شەش هەزار مەترە و بڵندترین چیاکانی ئێرانە (ن.م).

(٤) صوورەت: شێوە و سەروسەکوت. سیرەت: ژینامە و هەڵسوکەوتی ڕۆژانە.

(٥) ئیعجاز: موعجیزە، کردنی کارێکی نائاسایی لە عادەت بەدەر لەگەڵ داوای پێغەمبەریەتیدا. موردە: مردوو. ئاماژەیە بۆ چیرۆکی حەزرەتی عیسا کە بەدوعا و پاڕانەوە لە خوا مردووی زیندوو کردۆتەوە و مردوو زیندووکردنەوە یەکێک بووە لە موعجیزەکانی.

چاوت شەهەنشەهێکە*

چاوت شەهەنشەهێکە، ئەبرۆت وەکو وەزیری
بۆ قەتلی عاشقانت موختاریی و ئەمیری
بەتیغی ناز و حوسنی جانم شکافتەیی بوو
جەرگم بووە نیشانەی هوجوومی دەستە تیری
دەستە و نەزەر ئەوەستن تابووری عاشقانت
موشتاقی حوکم و ئەمرن لە نوطقی وەک موشیری
ئەم دەردی عەشقە هەرگا ڕێگەی بەجێگەیێ برد
مردن نەبێ کە لای با! ناڕوا بەدەردی پیری
هەرگیز لە دەردی عەشقی (زێوەر)! نەکەی شکایەت
ئێستا تەقەڕڕوبت بوو بەواسیطەی ئەسیری

....

* ئەم شیعرە لە ل١٩٦-١٩٧ی کەشکۆڵی (أ) و ل٥٥ی کەشکۆڵی (ب)دا هەیە، لە گۆڤاری (بەیان)ی ژمارە ١٤٢، ل١٩دا بڵاو کراوەتەوە.

یارێکی دڵ ئازار دەر*

یارێکی دڵ ئازاردەری شۆخێکی بەکینی
ئافاتی دڵی عالەم و ئاشووبی زەمینی
من تابی هوجوومی صەفی موژگانی ئەتۆم کوا؟
دایم بەکەمانی خەمی ئەبرۆ لە کەمینی(١)

تۆ هەر نەوەکو دوزدی مەتاعی خیرەدی و هۆش
سەرقافڵەی جەردەیی بارخانەی دینی(٢)
وێنەت ئەکەم و نایکەم و دەیڵێم و دەناڵم
تۆ یا پەریی بێ پەڕی یا ئاهویی چینی(٣)
مەقصوودی و مەرغووبی و مەحبووبی قولووبی
شیرینی و ڕەنگینی و خەندە نمەکینی(٤)
هێند خەندەی ئابدار و لەطیفە بەتەراوەت
خەوفم هەیە بتوێتەوە لێوی شەکەرینی
شامی غەمی هیجر و ئەلەمم دێتە نیهایەت
گەر دەربکەوێ ڕووی شەفەق و صوبحی جەبینی(٥)
گەر (ڕافضی) و (شیمە)و گەر (گەبر) و (یەهوودە)
هەرچی هەیە وەڵڵاهی منم تابیعی دینی!!
مودێکە کە دووربووم و جەفا دیدەو و ڕەنجوور
نەت پرسی: کە کوا (زێوەر)و ئەشعاری مەتینی؟(٦)

....

* ئەم شیعرە لە ل١٩٤ی کەشکۆڵی (أ) و ل٥٣ی کەشکۆڵی (ب) نووسراوەتەوە لە گۆڤاری (بەیان)ی ژمارە (١٢٧، ل٨٧)یشدا بڵاو کراوەتەوە.

(١) تاب: هێز و توانا، تین و تاقەت. خەم: چەمیو، لوول.

(٢) دوزد: دز. مەتاعی خیرەد: کاڵای عەقڵ.

(٣) ئاهوو: ئاسک. چین: وڵاتی چین کە بەئاسک ناوبانگی لەشیعردا زۆرە.

(٤) مەقصوود: مەبەست. مەرغووب: دڵگیر. مەحبووب: خۆشەویست. نمەکین: خوێ واوی، کینایە لە خۆشی و بەتامی.

(٥) شام: ئێوارە. غەمی هیجر و ئەلەم: خەفەتی دووری و ئازار. شەفەق: پاشماوەی ڕووناکی خۆر و سوورایەتی لە سەرەتای شەودا واتە ئەو سوراییبە دەبینرێ لە نێوان نوێژی شێوان و خەوتناندا لە ڕۆژئاوا. صوبحی جەبین: واتە ناو چاوانێک کە وەکو ڕووناکی بەیانی دنیا ڕووناک دەکاتەوە.

(٦) ئەشعاری مەتین: شیعری بەهێز و ڕەوان و ئەفسووناویی.

بەقامەت*

بەقامەت سەروی بۆستانی بەطەلعەت ماهی تابانی
لە بەینی ماه ڕوویانا وەکو بەدری نومایانی(١)
لە پێشا مەدرەسە و، دیر و خەراباتم لە لایەک بوو
دوو میحرابی برۆت کێشامییە دینی موسڵمانی(٢)
لەحوزنا پیری کەنعانم، عەجەب صەبری جەمیلم بوو!
بەدڵ موشتاقی بۆی وەصڵم ئەلا ئەی یوسفی ثانی!(٣)

بەدەفعی سیحری چاوانت یەدی بەیضام هەیە ئەمما

لە ئەشکی خۆمەدا غەرقم بەسەیری ڕووی تابانی(٤)

بەشەر مەیلی بەشەڕ زۆرە جەفات گەر کەم ئەبوو ئەم وت

لە بەینی عالەمی ڕۆحانیان مەئمووری ڕەحمانی(٥)

بەڵێ ڕۆژی بەعیدی تۆ بە، عیدی غەیر ئەشوبهێنم

حەنایی پەنجەی و بەرگم لە سایەی ئەشکی ڕوممانی(٦)

چ حاجەت تیری موژگانی لە من دا صەرف ئەکا ناحەق

کە من بۆ خۆم گرفتارم بەتای زولفی پەرێشانی؟

کەلامی شەککەرین (زێوەر) وەکو ئیعجازێ ئەنوێنێ

قەمەر دوو کەرت ئەکا هەر گا کە مەیلی بێ بەئاسانی

....

* ئەم شیعرە لە ل١٩٥ی کەشکۆڵی (أ) و (٥٤)ی کەشکۆڵی (ب)دا هەیە، لە گۆڤاری (بەیان)ی ژمارە (١٢٧، ل٨٦)یشدا بڵاو کراوەتەوە.

(١) ماهی تابان: مانگی تیشک دەرەوە و ڕووناکی. ماه ڕوویان: ئەوانەی ڕوخساریان وەکو مانگ جوانە. بەدر: مانگی شەوی چوارە.

(٢) مەدرەسە: فێرگە و حوجرە. دەیر: کلیسا. خەرابات: وێرانە و کاول.

(٣) بۆی وەصڵم (کەشکۆڵی أ) کۆی وصڵم (سەرچاوەکانی تر).

پیری کەنعان: حەزرەتی یەعقووب پێغەمبەر باوکی حەزرەتی یوسف کە بەهۆی لێ ونبوونی یوسفەوە تووشی ئەو هەموو خەفەتە بوو تەنانەت لە تاوانا چاویشی کوێر بوو. صەبری جەمیل: ئەوەیە مرۆڤ کە تووشی بەڵا و موصیبەت بوو هاوار و فغان نەکا ئیشی خۆی حەواڵەی خوا بکا. ئاماژەشە بۆ قسەی یەعقووب کە لەو کاتەدا پێیان گوت کە کوڕە پچکۆڵەشی لە میسر گیراوە وتی:« قال بل سولت لكم أنفسكم أمراً فصبر جميل عسى الله أن يأتيني بهم جميعاً انه هو العليم الحكيم» «سورەتی یوسف ٨٣». بۆی وەصڵم: بۆنی بەیەک گەیشتن. ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە حەزرەتی یوسف لە میسرەوە کراسەکەی بۆ باوکی ناردەوە هەر لەگەڵ کاروانەکە لە شار دەرچوو یەعقووب وتی: «اني لأجد ريح يوسف لولا أن تفندّون» «یوسف ٩٤» واتە من بۆنی یوسف دەکەم ئەگەر پێم نەڵێن: شێت بووە و خەرەفاوە.

(٤) لەم دێرە شیعرەدا (زێوەر) ئیشارەتی کردووە بۆ سیحری جادووگەرانی فیرعەون و بۆ موعجیزەی حەزرەتی موسا کە دەستی لە باخەڵی خۆی دەردێنا وەکو چرا ڕووناکی دەدا وە بۆ خنکانی فیرعەون و کۆمەڵەکەی لە دەریادا.

(٥) لە نێوان (بەشەر) و (بە شەڕ)دا جیناسی تەرکیب هەیە.

(٦) بەعید: دوور. عید: جەژن. حەنا: خەنە. ئەشکی ڕوممانی: فرمێسکی ئاڵ وەک ڕەنگی هەنار. لە نێوان (بەعید) و (بە عید)دا جیناسی تەرکیب هەیە.

مووچەم غەمە*

مووچەم غەمە ئەمساڵ لە جەزای خزمەتی جانی

مایەم دوڕی ئەشکە لە بەهای لەعلی لەبانی(١)

قومری صیفەتم نالە کونان شام و سەحەرگاه

تا دوورە لە من قامەتی وەک سەروی ڕەوانی(٢)

وا بەستەی یەک بوون و حەریفی شەو و ڕۆژن

زولفی لە ڕوخا، ڕوخ لە دڵا، دڵ لە میانی

کەس باعیثی قەتڵم نییە لەم عالەمە ئیللا

چاوی ڕەشی، تیری موژەی، ئەبرۆی کەمانی

ڕوخسار و دوو ئەبرۆی و لەبی غونچە میثالی

وەک شەمعی شەو و ماهی نەو و لەعلی یەمانی(٣)

باوەڕ بکە هەرچی کە بڵێم، شەرحی فیراقت

ڕەنگ زەرد و نەفەس ماندە وەکو شەمعی بەیانی(٤)

تەصدیقی غەمی (زێوەر)ی بێ چارە کە ناکەی

جارێ وەرە خۆت بگرە بەئەحواڵی ئەزانی

....

* ئەم شیعرە لە ل١٩٥-١٩٦ی کەشکۆڵی (أ) و ل٥٥ی کەشکۆڵی (ب)دا نووسراوەتەوە، لە گۆڤاری (بەیان)ی ژمارە ١٤٢، ل١٩-٢٠دا بڵاو کراوەتەوە.

(١) دوڕی ئەشک: فرمێسکی وەکو مرواری. لەعل: بەردێکی سووری گرانبەهایە. لێرە مەبەستی لێوی سوورە. لەعلی لەبان: لێوی سوور وەکو لەعل.

(٢) قومری: باڵدارێکی خاکییە لە کۆتر پچووکترە. نالە کونان: ناڵەکەران. شام: ئێوارە. سەحەر گاه: بەرەبەیان.

(٣) دوو ئەبرۆی و (کەشکۆڵی أ) - دو ئەبروو (گۆڤاری بەیان). شەمع: چرا. ماهی نەو: مانگی یەکشەوە، مانگی تازە. (زێوەر) لەم دێرە شیعرەدا (لەفف و نەشری مورەتتەب)ی بەکارهێناوە ئەوە لە نیوە دێری یەکەمدا سێ شتی ڕیز کردووە، (ڕوخسار، ئەبرۆ، لێو) لەنیوە دێری دووەمدا بەرامبەر (ڕوخسار) شەمعی داناوە لە بەرامبەر (ئەبرۆ) ماهی نەوی داناوە، لە بەرامبەر (لەب) لەعلی داناوە.

(٤) شەمعی بەیانی: چرای بەیانی. شەمعی بەیانی کە بەڕەنگ زەرد و زەعیف دێتە بەرچاو یا لەبەر ئەوەیە کە چراکە چونکە بەدرێژایی شەو سووتاوە دەمەو بەیان نەوتی تێدا نامێنێ و بەرەو کزی دەڕوا یا لەبەر ئەوەی شۆقی خۆر ڕووناکی چراکە ناهێڵێ و بەزەرد و زەعیف دێتە بەرچاو.